لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی رووناكبیری كەركوك

١٧

د. عبد الستار تاهر شەریف

# دەروونناسیی گشتی

# General Psychology

ساڵی .......... ٢٠٠٦

ناوی کتێب: دەروونناسیی گشتی
نووسەر: د. عبدالستار تاهر شەریف
بابەت: دەروونناسیی
نەخشەسازیی و بەرگ: محەمەد مەهدی رەسول
تایپ: لقمان
چاپ : چاپخانەی ئارابخا – کەرکوك
چاپی: یەکەم ٢٠٠٦

## پێشکەشە :

- بە گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان .
- بـە گیـانی پـاکی خوالێخۆشـبوی مامۆسـتام پرۆفیـسۆر دوکتۆر ئیـبراهیم یوسـف مەنـسور ، هەمیـشە خـۆم بـە قـەرزاری ئـەزانم ، چونکە فێریکـردم چـۆن بـبم بـە مامۆستا.
- بــە گیــانی پــاکی بــاوکم و دایکــم کــە بــە باشــی پەروەردەیان کردم.
- بە هەموو ئەو خوێندکارە کوردە ئازیزانـەی سـوود لـە ناوەڕۆکی کتێبەکە وەرئەگرن لە ژیانیان دا .

# پێشەکی

بە پێویستم زانی وەك هەنگاوێکی زانستی . کتێبی " دەروونناسی گشتیی " بە زمانی کوردی بنوسم ، بۆ خوێندکارانی قۆناغەکانی بکالۆریوسی کۆلیجی مامۆستایان و کۆلیجی پەروەردە و پەیمانگای مامۆستایان و کۆلیجی کۆمەلآیەتی و هەموو ئەو پەیمانگاو کۆلیجانەی وانەی دەروونناسیان هەیە لە بەرنامەکانی خۆیندنیاندا ، بەتایبەتی بوونی کتێبێکی دەروونناسیی بە زمانی کوردی دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە کوردستانی باشور لە ساڵی ١٩٩١ ، بۆتە پێویستیەك ناکرێ لەمە زیاتر دوابخرێ ، ئومێدەوارین مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری دەروونناسیی درێغی نەکەن لە نووسین و کتێب دانان بە زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکانی زانکۆکانی کوردستان

مرۆڤ لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ، لە ناوجەرگەی شۆڕشی زانست و تەکنەلۆجیاو کۆمپیوتەرو ئینترنێتی فراوان دا ئەژێ ، لەناو شەپۆلەکانی ئەم دەریا پان و پۆڕە ،دەروونناسیی جێ پێی دیارو ئاشکرایە ، پتر لە سەدەیەکە لەبواری پێشکەوتنی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی رۆڵی گەورەی گێڕاوە .

دەروونناسان رۆڵی بەرچاویان لەپێشخستنی دەروونناسی بینیوە ، بەتایبەتی لە لقەکانی دەروونناسیی دا وەك دەروونناسیی پیشەسازی و پەروەردەیی و فسیولۆجی و دەروونناسیی گەشەکردن و پزیشکی و سەربازیی و ...هتد. ئاشکراشە لەهەموو سووچێکی سەر زەوی مرۆڤ، پێویستی بە دەروونناسیی هەیە .

گەلی کورد وەك ، گەلێکی زیندوو ، لەکوردستان دا پتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی دەروونناسی هەیە ، بەزمانی کوردی . وەك لەگەلانی تر

تا ئێستا بە هۆی بارودۆخی نالەباری کوردستان ، نووسین و تۆیژینەوە و دانانی کتێب لە بوارەکانی دەروونناسیی دا بە زمانی کوردی بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن . ئەم بارودۆخە نالەبارە لە سەرەتای دامەزراندنی دەولەتی عیراقەوە لە ساڵی ١٩٢١وە بەردەوام بوو تا رووخانی رژێمی دیکتاتۆر صدام حوسین لە ٢٠٠٣\٤\٩ . ئەم بارو دۆخە نالەبارە لە ساڵی ١٩٦٢ وە زیاتر پەرەی سەند دوای هاتنی رژێمی بەعس بۆ سەر حوکم . ئەم بارو دۆخە نالەبارە بوونە هۆی پێنەگایاندنی مامۆستایان و پسپۆرانی دەروونناسیی و پەیدابوونی بۆشاییەکی گەورە لە بوارەکەدا .

لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هەوڵمان داوە بابەتە پێویستەکانی دەروونناسیی گشتی گونجاو لەگەڵ بڕیارە بەرنامەییەکان باسیان لێوە بکەین.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوودم لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگرتووە و ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەکان کە سوودم لێیان وەرگرتووە بەم دوو زمانە بوون ، بەتایبەتی لە نووسینەکانی جان پیاجێ و برۆونەرو ڤیگۆتسکی و فروید و گانێیە و سکینر و ... هتد.

ئەم کتێبە لە بابەتەکانیدا زیاتر پەنامان بردۆتە بەر قوتابخانەی زانیاری " المدرسه المعرفیه" لەبەر ئەوەی ئەم قوتابخانەیە لەسەرەتای

کۆتایی سەدەی بیستەمەوە دەوری سەرەکی هەبووە لە دەروونناسیی دا لە هەموو ئەوروپاو ئەمریکا و ئوستڕالیادا .

ئەم کتێبە وەك سەرچاوەیەك وەڵامی کۆمەڵێ پرسیاری کارمەندان لە بوارەکانی دەروونناسیی دا وەك مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان و ناوەندی و دوا ناوەندی و پەیمانگاکان و کۆلیژی مامۆستایان و پەروەردە ئەداتەوە . بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی شارەزایی تەواویان نەبێ لە بوارەکانی دەروونناسیی دا ناتوانن لە ڕەوشتی خوێندکارەکانیان تێبگەن و چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکەن .

ڕەشنووسی ئەم کتێبەم بە ڕێگای بەشی کۆمەڵایەتی کۆلیجی مامۆستایان لە زانکۆی سلێمانی ناردم بۆ ئەنجومەنی زانکۆ دوای ئەوەی بەشی کۆمەڵایەتی کۆلیجی مامۆستایان پەسندیانکرد و ناردیان بۆ ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی و ئەنجومەنیش ناردی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دوای ئەوەی پەسندیانکردو داوایان کرد " تعضید"بکرێ وەك کتێبێکی یاریدەدەری کتێبی بەرنامەیی لەسەر ئەرکی زانکۆ چاپبکرێ ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە وەزارەتی خوێندنی باڵا کتێبەکەی ڕەتکردوە لەبەر ئەوەی نووسەرەکەی لە زانکۆی سلێمانی نەماوەو چۆتە زانکۆی کەرکوك ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نەتوانم لە ساڵی ٢٠٠٥ دا لە چاپیبدەم، دیارە جارێ ئەستێرەی کەرکوك لە کوون و قوژبنە تاریکەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان لە سلێمانی هەڵنەهاتووە !!! یان چی بڵێم تۆ بڵێی بەڕێز وەزیری

خوێندنی باڵا دوكتۆره ئەختەر تا ئێستا له ژێر هەندی٘ كاریگەری ڕابوردو مابێتەوه، ئەگەر نا چاپكردنی كتێبێكی دەروونناسیی گشتیی بە زمانی كوردی بۆ ڕەت بكاتەوه لە كاتێكدا بە بەرچاوەیەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان – ئیدارەی سلێمانی ملیونەها دۆلار ساڵانە خەرج دەكات لە بواری پەروەردە بۆ پارێزگای كەركوك .

لە كۆتایی دا ئومێدەوارم بە م كتێبەم خشتێكی بچووك بخەمە سەر بەردی بناغەی دیواری دەروونناسیی ، ئەو دیوارەی جارێ لە ئاستی بناغەكەی بەرزنەبۆتەوه . بەهەرحاڵ دوراییِ هەزار میل بە هەنگاوی یەكەم ئەبڕدرێ .

نووسەر

٢٠٠٥\٥\٢٥

# بەشی یەکەم

## سەرەتاکانی دەروونناسی

هەرچەندە وشەی دەروونناسی زاراوەیەکی تازەیە، بەلاّم لە ڕاستی دا بابەتەکانی زۆر کۆنن و بۆ دێرزەمان ئەگەڕێنەوە ، بۆ سەردەمی گریکەکان ، هەرچەندە گریکییش نییە . ئەم وشەیە دارشتنەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزدەهەم ، ئەو سەردەمە پێی ئەوترا زانستی بوونەوەرە زیندووەکان و دیاردە گیانییەکان Pneumatology کەواتە دەروونناسیی . ئەو زانست و زانیارییە بوو پەیوەندی بە گیانی مرۆڤایەتیەوە هەبوو.

" دەروونناسیی کۆنە ، وەك کۆنی مرۆڤ ، لەو سەردەمەوە کە خودی خۆی ناسیوە ، دەروونناسیی خۆی لەگەڵ لە ڕاستییەکان و بیروڕا دەروونیەکان دەر ئەبڕی کە ئەمڕۆ دەروونناسیی تازە دەریان ئەبڕی ولە ژیاندا مامەڵەی پێ ئەکرێ و هەوڵ ئەدا لەبەر تیشکی زانیارییەکان و توانینەکان ڕاڤەی بکا.

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە پەیدابووە ، بیری لە خودی خۆی کردۆتەوە و بیری لە هەموو ئەو ختووکانەی ناوەوەی دەروونی ئەکردەوە و هەوڵی داوە لە خۆی تێبگا ، لە هەموو ئەو شتانەی بەرەنگاری ئەبوەوە وەك بارەکانی خۆشەویستی و رق لێبوونەوە . یان بارەکانی خۆشی و ناخۆشی ، بارەکانی ڕازی بوون و تووڕەیی ، هۆگری و نەفرەتکردن و بارەکانی خۆ بەختکردن و خۆپەرستی ، یان بێ ئومێدی ، بارەکانی بەرزخوازی Ambition یان کشانەوە و تێگەیشتنی نائومێدی بیرهاتنەوەو لە بیرچوونەوە ، لەگەڵ هەموو بارەکانی هەڵچوون و کردارە هۆشییەکان، کە مرۆڤ لەسەر زەوی پەیدا بوو دەستیکرد بەبیرکردنەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی پەیدای کردبوو بیری ئەکردەوە." ( ١٢ : ل ٢١)

لە ساڵی ١٧٣٥ ز ،کریستیان ڤۆن ولف C.V.Wolf وشەی دەروونناسیی بە شیکردنەوە و ڕاڤەی فەلسەفەی واقعی مەتریالی دیاردە هەستیەکان ئەزانی .

لە ساڵی ١٧٤٨ داڤید هارتلی D. Hartley بە زمانی ئینگلیزی هەمان واتای بەکارهێناوە. لەو سەردەمە دەروونناسیی بە دراسەتێکی هۆشی دائەنا Mind ، بەڵام ئێستا بە جۆرێکی وردتر ئاماژەی بۆ ئەکرێ کە دراسەتی ڕەوشتە Behavior .

دەروونناسیی وەك زانست science نزیکی سەدوو بیست و چوارساڵ لەمەو پێش هاتۆتە مەیدانەوە ، ولیام ڤۆنت Wilheim Wundt(١٨٣٢-١٩٢٠ ) وەك پزیشك بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ لە زانکۆی

هیدل ... وانەی زانستی فسیولۆجیای ئەوتەوە. فۆنت لە سەر ... پێشەییدا بایەخی زۆر دەدا بە کرداره هۆشییەکان. لەو ... دەمەدا دەروونناسیی قەواردیەکی سەربەخۆی نەبو، بەڵکو بەش ... وو لە فەلسەفە. فۆنت بە هیوای ئەوە بوو پێناسەیەکی سەرب ... بۆ دەروونناسیی دابمەزرێنێ. کاتێ کە لە زانکۆی هایدلبێرگ وازی ... یا، دوای ئەوە وەك پرۆفیسۆرێك لە بەشی فەلسەفە لە زانکۆی لایبزك لە ئەڵمانیا وەرگیرا. دانانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ دەروو ... یی یەکێ لە ئامانجەکانی بوو، ئەوەبوو دوای چوار ساڵ، کەوا ... ساڵی ١٨٧٩ بۆ یەکەم جار تاقیگەیەکی دەروونناسیی لە جیهان دامەزراند، پێناسەیەکی زانستی تەواوی دا بە دەروونناسیی وەك زانستێکی سەربەخۆ.

فۆنت زانایەکی مەزن بوو، پێش مردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠ لاپەرەی بڵاوکردۆتەوە، باوەڕی وابوو کە پێویستە دەروونناسان لێکۆڵینەوەی کردارە سەرەتاییەکانی هەستی مرۆڤایەتی و شارەزاییە یەکسەرەکان و پەیوەندییەکانیان بکەن، وەك چۆن کیمیاناسان لێکۆڵینەوەی توخمە سەرەکیەکانی ماددە ئەکەن ( ٦ : ل٣٢)

دەروونناسیی لەو ڕۆژەوەی فۆنت تاقیگەکەی لە لایبزك لە ئەڵمانیا دامەزراند لە ساڵی ١٨٧٩ ز، دەروونناسیی وەك زانست ناسرا، بە یەکەم تاقیگە ئەژمێردرێ لە بواری زانست دا. لەم تاقیگەیە وانە و توێژینەوەی زانستیی تیا ئەنجام ئەدران. هەروەها فۆنت گۆڤارێکی وەرزی ساڵانەی دەرئەکرد و ناوی لێنابو " گۆڤاری لێکۆڵینەوەی

فەنسەفی" گۆڤارەکە بایەخی بە بلاْوکردنەوەی دراسات و توێژینەوە تاقیگەیەیەکان ئەدا. هەرچەندە پێش ئەم مێژووەش گۆڤارێکی تر بە ناوی Mind وە دەرئەچو ، کە ئەلکسەندەر بین A. Bain ١٨١٨-١٩٠٢ دەری ئەکرد ، گۆڤارێکی سایکۆلۆجی بوو، بەلاْم گۆڤارێك نەبو دەربارەی دراساتی تاقیکردنەوەیی لەسەر بنەڕەتی تێبینی وەك گۆڤارەکەی ڤۆنت. یەکەم کتێبیش لە بواری دەروونناسیی تازەی پوخت کتێبەکەی ڤۆنت بوو" بنەڕەتەکانی دەروونناسیی فسیولۆجی" لە ساڵی ١٨٧٤ ز، دەرچوو. ولیام ڤۆنت هەستی بە گرنگێتی دراسەتی کرداره هۆشییە سەرەتاییەکان کرد وەك " بە ئاگابوون Consciousness ، نییەتەکان، مەبەستەکان ، ئامانجەکان ، " بە مەبەستی دراسەتکردنی کرداره سەرەتاییەکانی هەست. ولیام ڤۆنت و مۆریدەکانی گەیشتنە دۆزینەوەی ڕێبازێك بە ناوی " دەروون پشکنین Analytic Introspection " ئەمەش بەواتای تێبینی خود.

ئەتوانین ساڵی ١٨٦٠ بە ساڵێکی گرنگ لە مێژووی دەروونناسی دابنێین، بگرە هەندێ کەس دایدەنێن بە مێژووی لە دایکبوونی دەروونناسیی . لەم ساڵەدا کتێبەکەی گۆستاف G. Fechnet ١٨٠١-١٨٨٧ز دەرچو. گوستاف فیخنەر ، لقێکی بەناو سایکۆفیزیکیا دامەزراند و پەرەی پێدا . لەو ماوەیەدا بەشداریەکی فراوان و گرنگی لە بوارەکانی دەروونناسیی تاقیکردنەوەیی کرد . فیخنەر بایەخی زۆری بە کێشەی تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هۆش و مەتریال ئەدا،وەك لە دەروونناسیی.

دەروونـناسیی پێش ئەوەی ببێ بە زانـستێکی سـەربەخۆ، لقێ بـوو لـە لقەکانی فەلسەفە وەك هەموو زانستەکانی تر.

فەیلەسوفە گریکـەکان زیـاتر خـەریکی بابـەتی گیـان Soul بـوون ، وایان ئەزانی گیان بنەمای ژیانە و دەروونناسیی لای ئـەوان گیانناسـیی بوو، هەروەها سەرچاوەی ڕەوشتی گیانلەبەرەکان بوو.

لـە چـەرخی ناوەڕاسـت دا، ئـایینی مەسـیحی و ئیـسلام پەیـدابوون ، زانایانی ئەم دوو ئایینە بایەخیان بـە گیـان ئـەدا، فەیلەسـوفەکانیش بایـەخیان بــە هــۆش Mind ئــەدا ، کەواتــە دەروونناســیی لای فەیلەسوفەکان هۆشناسیی بوو.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا بیروڕای فەلسەفی خـۆی لـە دوو تیـۆری هـزری دۆزییەوە و زاڵبو بەسەر جۆری بیرکردنەوە ، ئەم دوو تیـۆرەش بـریتی بــوون ، لــە تیــوری بــەهرەکان " مەلــەکات" Faculties ، وەك بەهرەی بیرکردنەوە و ویژدان و ویست ، ئەم بەهرانەش گەیشتونەتە ٢٤ بــەهرە. تیــوری هــاو پەیوەنــدی Connectionism بــە پێچەوانەی تیوری بەهرەکان بوو. بە پێی بۆچوونی خاوەندەکانی ئـەم تیورییـە ،هۆشـی منـداڵ لـە کـاتی لـە دایکبـوون لاپەڕەیـەکی سـپییە و هەموو ئەو شتانەی بە ڕێگای هەستەکانەوە بۆی دێ لە مێشکیا تۆمـار ئەکرێن ، هەموو ئەو بیرو بیرۆکانەی بە ڕێگای لێکچوون و پێچەوانە و یەکگرتنەوە بۆی دێنن.

ئــەمرۆ لــە تیورەکــانی دەروونناســیی ســەردەم تیــۆری بــەهرەکان Faculties بەرامبــەر بــە توانــا هۆشــییە ســەرەتاییەکانە ، تیـۆری

هاوپەیوەندیش Connectionism ماوەتەوە لە نێوان کارتێکردن و وەڵامدانەوە ، بەڵام ئەم هاوپەیوەندییە لە نێوان بیرورا ڕوونادا ، بەڵکو لە نێوان کارتێکردنەکان و وەڵامدانەوەکان ڕووئەدا.

دەروونناسیی تازە ، کەواتە دەروونناسیی سەردەم ، زانستیفسیۆلۆژی کاریتێکردووە و لە ئەنجام دا دەروونناسیی تاقیکردنەوەیی لە دایکبووە، هەروەك باسمانکرد یەکەم تاقیگە دەروونناسیی تاقیکردنەوەیی تازەبابەت لە شاری لایبزك لەساڵی ١٨٧٩ ز ، لە سەر دەستی فۆنت دامەزرا. زوربەی تاقیکردنەوەکانیش دەربارەی کرداره جەستەییەکان بوو، ئەوەی پەیوەندییان بە هەستەکانەوە بەتایبەت هەستی بینیین هەبوو.

# دەروونناسیی و ژیارێتی   ەونەکان

مرۆڤ لە ژیانی سەرەتاییدا، وردە وردە دوای ماودیەك لە ژیانی سەرەتاییدا گواستیەوە بەرەو قۆناغێکی تری ژیان ، ئەویش قۆناغی ژیارییە Civilization ، لەم قۆناغەدا ژیاری مرۆڤایەتی پەرەی سەند ، ژیارییەکانی ڕۆژهەلاتی کۆن گرنگترین و کۆنترین ژیاریی ئەم قۆناغەیە ، یەکێ لەو ژیاریانە ، ژیاری میسری کۆنە لەگەڵ ژیاریی چینی و ژیاریی هیندی و فینیقی و بابیلی و ئاشوری و ژیارییە ڕۆژهەلاتییە کۆنەکانی تر ، لەم قۆناغانەدا بیری مرۆڤ بە گشتیی پەرەی سەند ، بەتایبەتی بیرۆکەی دەروونی سەرەتایی سادە بەرەو ژیارییەکی زیاتر ئالۆزو قوول و لق و پۆپەی جۆراوجۆری زیاتر لێبووەوە .

هەندێ تایبەتمەندی هاوبەش هەبوو لە نێوان هەموو ژیارییە ڕۆژهەلاتییە کۆنەکان. لەم تایبەتمەندانە ژیارییە ئایینیەکان ، یان ئەو ژیاریانەی باوەڕی هەبوو بە ئایینێك ، بەتایبەتی ئەو ژیاریانەی باوەڕیان بە گیانی ڕۆحی هەبوو، کەواتە بە لایەنێکی نامادی ، یان توخمێکی ڕۆحی لەناوجەستە دا نیشتەجێیە و کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکە ئەکا و جیاوازی هەیە لەگەڵ سروشتییە ماددیەکە وسەربەخۆیە .

ژیارییە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان گەڵێ لە بیرو باوەڕو بیرە ئایینیەکان و تێگەیشتنە دەروونیەکانی لە کەلتورە سەرەتاییەکانی پێش خۆی وەرگرتبوو ، بۆیە ئەتوانیین بڵێین ژیارییە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان بەردەوامبوونی ژیاریی کەلتوورە سەرەتاییە کۆنەکان بوو.

ژیاریی میسری کۆن بە ژیارییەکی ئایینی و زانستی دا ئەنەدرێ ، باوەڕی بە ئایین و بەها گیانییەکان و بوونی گیان و بە پێویستی جێبەجێکردنی زانست هەبوو بۆ خزمەتکردنی ئایین و ژیان ، بەم جۆرە توانی بیسەلمێنێ کە لەتوانادا هەیە ژیاریی لە هەمان کات دا ئایینی و زانستی بێ بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە ئەڵێن ژیاریی یان ئەبێ ئایینێ بیٚ یان زانستی. ( ١٦ :ل ٢٤)

یەکێ لە بەڵگەکانی کە ژیاریی کۆنی میسری ئایینی بوو ، زۆریی خواوەندەکانیان بوو لەگەڵ زۆریی پەرستگاکانیان کە لەسەرو ئەو سەری میسر بە درێژایی ڕووباری نیل بلاوەیکردبوو . بەڵگەش بۆ ئەوەی ژیارییەکی زانستی بوو ، پێشکەوتنەکانیان لە بواری پزیشکی و ئەندازیاری و فیزیاو فەلەك و جۆرەها زانستی تریشبوو.

میسریەکان لە دێر زەمانەوە باوەڕیان بەوە بوو کە گیان یان دەروون نیشتەجێیە لە جەستەی مرۆڤ ، گیان " ڕۆح " و دەروون جیاوازییان لەگەڵ جەستە ئەوەیە کە جەستە ئەمرێ گیان و دەروون نامرن ، کاتێ کە لەش ئەمرێ گیان بۆ ماوەیەك جەستەکە بەجێ ئەهێڵێ و دوای ئەوەی لەسەر کردەوەکانی لە ژیان دا سزادەدرێ یان خەڵات ئەکرێ ، دووبارە ئەگەڕێتەوە بۆ جەستەکان . بۆیە مردووەکە دوای ئەوەی

گیانەکەی بۆ ئەگەڕێتەوە ، سەرلەنوێ لە دایك ئەبێتەوە. بە جۆرێك میسرییە کۆنەکان باوەڕیان ئەوەندە بە هێز بوو بەم باوەڕە بۆیە ئەندامانی یەك خێزان کە ئەمردن هەموویان لە تەك یەکەوە دەخرانە گۆڕەوە . بە تەواوی باوەڕیان بەوە بوو کە گیان نەمرە و جیهانێکی تریش هەیە و لەو جیهانە سزادان و خەلاتکردن هەیە بۆ ئەوەی دادپەروەری خواوەندەکان بێتە دی .

## دەروونناسیی لە سەردەمی مەسیحی و ئیسلامدا :

سەردتای پەیدابوونی ئایینی مەسیحیەت لە سەرەتای سەدەکانی نێوەراستەوە دەستی پێکردوە ، ئایینی مەسیحیەت لە واقعدا درێژەپێدانی ئایینی جوولەکە بوو .

کەلتوورەکان و فەلسەفە ڕۆژهەلاتییە کان و فەلسەفەکانی گریکەکان لە هەبوە قۆناغەکانی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئایینی مەسیحیەت .

## فیکری دەروونی لای زانایانی ئیسلام :

زانایانی ئیسلام دراسەتی بیرو باوەرەکانی پێشخۆیان بە وردی کرد بە تایبەتی فیکرو فەلسەفەی گریك وهیندییەکان وعەجەم ، توانییان سوودیان لێ وەربگرن ، بەلکو پەرەشی پیبدەن و تیکەلاو بە بیروباوەڕی

ئایینەکەیان بکەن . ئەفلاتون ئەرستۆ دوو فەیلەسوفی گریکی بوون کە بەرهەمەکانیان کرانە عەرەبی و سوودیان لێ وەرگیرا .

- زانا موسلمانەکان باوەڕیان وابوو کەپێشان جەستە دروست ئەبێ و پاشان دەروون ، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەم ئایەتەیە : " انی خالق بشرا من طين ، فإذا سويته ونفخت فيه من روحي فقعوا له ساجدين" تەرجومەی کوردی ( من مرۆڤم لەقوڕ دروست کرد ووە کە دروستم کردو بە رۆحی خۆم فووم لێکرد سوجدەی بۆ بەرن ) ئیبن سینا یەکێ لەو فەیلەسوفانە بوو کە باوەڕی بە دروستبوونی دەروون هەبوو. هەروەها ئیسلام باوەڕی وابوو مرۆڤ کە ئەمری گیانی لە لەشی جیا ئەبێتەوە. وەك لەئایەتی " يسألونك عن الروح قل الروح من أمری ربی وما أوتيتم من العلم الأ قليلا." باسکراوە

کەواتە رۆح مەسەلەیەکی غەیبییە وەك لەوەی زانیاریی تەواوت لەسەری هەبێ .

## دەروونناسیی لای گریکەکان :

دەروونناسیی زۆر کۆنە وەك ئەو کۆنییەی کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار بیری لە خۆی کردۆتەوە و هەستی بە بوونی خۆی کردووە . مرۆڤ لە سەرەتاوە پەنای بردۆتە بەر ژینگەکەی و هەموو ئەو بوونەوەرانەی لە ناو ژینگەکەی ئەژیان ، یان ئەو دیاردانەی کە سەرنجی ڕائەکێشا و هەمیشە پرسیاری لە دیاردە سروشتیەکان ئەکرد ئایا ئەمانە چین و بۆ

ڕوونەدەن وەك گەردەلوول و باوباران و لافاو و تەقینەوەی بورکانەکان و بوومەلەرەزە ، یان دیاردەکانی سروشتی مرۆڤایەتی وەك لەدایکبوون و مردن ، ئەمانە هەموو وایان لێکرد بیر لە خودی خۆی بکاتەوەو لە خۆی ڕابمێنێ .

گریکەکان بابەتی دەروونناسیان لە چوارچێوەی فەلسەفە چارەسەر دەکرد ، ئەتوانیین بڵێین ئەوان یەکەم کەس بوون دراسەتێکی ڕێکوپێکی دەروونناسییان کردوە ، لە دەروونناساکانیان :

## کیمۆن ( لە سەدەی شەشەمی پێش زایینی ) :

بە پێشەنگی دەروونناسیی دانەندرێ ، کیمۆن سەرباری ئەوەی پزیشك بوو بایەخی بە فەلسەفە ئەدا ، بەتایبەتی بایەخی ئەدا بە درککردن perception" ادراك" لەش ساغی دەدا، ئەم زانا فسیولۆجییە زۆر زوو ئەوەی زانی کە گوێ لێبوون بە ڕێگای گواستنەوەی دەنگەکانەوە بە ڕێگای شەپۆلەکانە وە بۆ گۆێچك ئەچێ . هەروەها تامکردنیش بە ڕێگای زمانەوە ئەبێ .

## ئینکساجۆراس : لە ساڵی ٤٢٨ پ.ز :

فەیلەسوفێکی ئەسینییە ، وای ئەبینی کە جیهان لە تەنە گەردیلە وردیلەکان دروست بووە . شتە سروشتییەکانی سەر زەمینیش بریتین لە تێکەڵاوبوونی ئەم گەردیلانە. دەرککردنیش لە ئەنجامی کارلێکی دەروون لەگەڵ ئەم گەردیلانە پەیدا دەبێت .

## د یمۆکریتس ( ٤٦٠-٣٧٠ پ. ز) :

ڕەوشتناس یەکەمین بنەمای دەروونناسیە ، ئەو وای ئەبینی کە هۆش بریتی نییە لە حاڵەتی هەست ، بەڵکو بریتییە لە گردیلەکان ، خاوەند تیوری هەستکردنە کە ئەڵێ ئەندامی هەستکردن ئامادەیە بۆ پێشوازیکردنی هەستکردنە تایبەتەکان ، بەم پێیە هەستکردنەکانی بینین ، چاو درکی پێ ئەکا ، هەستکردنەکانی بیستنیش گوێ درکی پێ ئەکا ، درککردنەکان کۆپییەکی بچوککراوەیە ، لە هەموویان گرنگتر کە دیمۆکریتس دەستنیشانی کردووە ، سیفەتە سەرەتاییەکان و لاوەکییەکانە کە پاشان " جۆن لۆك" سەرلەنوێ دایانی ڕشتەوە. دیمقریتس وا ئەبینێ کە خەون وێنەیەکە ڕێگای خۆی ئەبینێ بۆ لەش لە کاتی بێ هێزبوونی ، چ لە کاتی نووستن یان لە کاتی بە ئاگابوون ، هەر وەها ڕووداوە دەروونییەکان لە ئەنجامی چالاکییەکانی هۆشە یان ئامرازە هەستییەکان یان هەڵچوونی دڵ ، هەروەها لە بۆچوونەکانی تری ئەڵێ پێویستە مرۆڤ زۆرترین لەزەت وەربگرێ و زۆرترین دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لە ئازار ئەنجام بدا. تیورییشی هەیە دەربارەی ڕەنگەکان ، ڕەنگ لای ئەو ئەنجامی بزووتنەوەی گەردیلەو دیمەنەکانیەتی، بەلآم هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن لەبەر ئەوەی گەردیلەکان تێکەڵاو بە یەك ئەبن ، بەتایبەت کە گەردیلە بە هەوادا تێپەڕ ئەبێ دیمەنە ئەسڵییەکەی ئەگۆڕێ .

ئەرکەکانی دەروونیی لەسەر بنەمای جووڵانەوە لێك ئەداتەوە ، ویست توانای جووڵانەوەیە ، بەڵام بیرکردنەوە جووڵانەوەیەکی ناوەکییە ،

هەستەکان درووستی ئەکەن ، بەم پێیە بێ هەست سەرچاوەی بنەڕەتیی زانیارییە ، دیمقریتس نکولی لە نەمری " خلود" ئەکرد لەبەر ئەوەی دەروون گەردیلەن و لە کاتی مردن پرش و بڵاو ئەبنەوە.

## سوکرات Socrates ٤٧٠-٣٩٩ پ.ز:

ناسراوترین فەیلەسوفی شێوەکانی شێوەی "زایینی سوکراتییە "- التوليد السقراطي – سوکرات مامۆستای ئەفلاتۆن بوو. سوکرات بە ڕۆڵی مامان هەڵ ئەسا بۆ ئەنجامدانی ڕاستییە شاراوەکان کە چۆن دەرینەچواند لای ئەو تاکانەی کە گفتوگۆ لەگەڵیانا ئەکرد ، سوکرات بەو جۆرە دەستی بە گفتوگۆکانی ئەکرد وەك ئەوەی نەزان بێ یان بێ ئاگا بێ لە پرسیارەکانی ، پاشان پرسیارەکانی ئاراستەی خوێنکارەکانی ئەکرد بە مەبەستی دەمەتەقێکردنیان ، سوکرات ئەوەی ئەزانی کە خۆی" زاناترین کەسی سەردەمەکەیەتی" لەبەر ئەوەی یەك ڕاستێتی ئەزانی ئەویش ئەوەیە کە هیچ نازانێ ، سوکرات لە فەلسەفەکەی بایەخی بە مرۆڤ ئەدا ، لە شەقامەکان و بازارەکان دەمەتەقێی لەگەڵ خەڵکی ئەکرد ، ئەچووە مەیدانەوە لەگەڵ سوفسەتاییەکان دا لەبەر ئەوەی ئەیزانی کە ئەمانە گەورەترین مەترسی درووست ئەکەن دژی لاوە گریکەکان ، بنەڕەتی ڕێنماییە دەروونییەکانی بریتی بوو لە " خۆت بناسە " لەبەر ئەوەی ئەو وای ئەبینی کە زانیاریی ڕاستەقینە لە

ناوەوەی کەسەکەیە . هەروەها سروشتێتی مرۆڤایەتی بریتییە لە دوو هێز هێزی هۆش و هێزی شەهوەت.

## ئەفلاتون Plato ٣٤٧-٤٢٧ پ.ز:

ئەفلاتون قوتابی سوکرات بوو ،خاوەند کۆمەڵێ دۆزینەوەیە لە بواری دەروونناسیی کۆن دا ، خاوەند چەند تیورییەکە لە بابەتە دەروونییە جۆراوجۆرەکان دا ، ئەفلاتون پەیمانگا یەکی فێرکردن و زانکۆیەکی گەورەی دامەزراند ساڵی ٣٨٧پ.ز لە شاری ئەسینا، ، گرنگترین کتێبی " کۆماری ئەفلاتون" ە لەبواری فەلسەفەدا .

بە پێی بۆچوونی ئەفلاتون سروشتی دەروونی مەتریالی نییە ، دەروون و جەستە دوو شتی جیاوازن ، دەروونی کردۆتە سێ بەشەوە :

١- دەروونی هۆشدار .
٢- دەروونی دەمارگیری.
٣- دەروونی هۆکنی" شەهوانی "

ئەفلاتون پەیوەندی نێوان دەروون و جەستە وا لێك ئەداتەوە ، کە دەروون بۆ جەستە وەك کاپتنی پاپۆڕ وایە چۆن لە ناو شەپۆلی دەریا بەرەو شوێنی مەبەست هەنگاو دەنێت .

تیوری زانیاری لای ئەفلاتون لەسەر بنەڕەتی تیوری دەروونیی و سروشتیو پەیوەندییەکانی بە جەستەوە و دەروون هەیە ،دەروون لای ئەو نەمرە ، دەروون لە جەستە کۆنترە ، کەواتە لە جیهانێکی تردا ئەژیا ،ئەفلاتون ناوی ناوە " جیهانی بەها " زانیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ زانینی ئەو

بەهابە " المثل "باشترین پرۆگرامیش بۆ گەیشتن بە زانیاری ڕاستەقینە پرۆگرامی ڕێبەریکردنی Mind Infrence هۆشییە " الأستدلال العقلي" کە پەنا ئەباتە بەر بیرکردنەوەی ڕەها.

ئەفلاتون یەکەم زانا بوو بایەخی بە جیاوازیی نێوان تاکەکان ئەدا ، بە پێی زاڵبوونی دەروون ،دەروونی خەڵکی دابەشکردە سەر سێ جۆر :

١-چینی دادودرەگان ، کەواتە ئەو فەیلەسوفانەی دەگرتەوە کە حوکمڕانی سەرباز و و کرێکارانیان دەکرد، فەیلەسوفەکان بەوە ناسراون کە خاوەند دەروونی هۆشدارن ، ئەتوانن بە ڕێگای دراسەت و گەشەپێدانی بیر و بیربگەنە زانیاری ڕاستەقینە لەبەر ئەوەی توانای ڕەمەکییان لەسەر بیرکدنەوە وئیستدلال لە جۆرەکانی تر باشترە.

لە ڕووی سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵەکان ، ئەفلاتون باوەڕی وایە کەوا ئارەزووی کۆبوونەوە دیاردەیەگی سروشتییە ، ئەم ئارەزوە لە ئەنجامی پێویستییەکانی تاکە کە ناتوانێ بە تەنها ئەنجامیان بدا ،هەر بۆیە یەکەم جار چەند کەسێك پێکەوە کۆ ئەبنەوە و پاشان کۆمەڵی بچووك پێکدێنن و لە نێوان خۆیان دا خواردەمەنی و کەل ە پەل و پێویستییەکانی تریش جێبەجێ ئەکەن ، کە ژمارەشیان زۆر بوو شار دروست ئەکەن.

ئەفلاتون بایەخی زۆری بە بواری فێرکردنی منداڵ دەدا، لە تەمەنی ٧-١٤ ساڵان ، لە سیستەمی فێرکردن لای ئەفلاتون

تاقیکردنــەوە هــەبوو، ئــەو خوێنــدکارەی لــە تاقیکردنــەوەکان سەرنەکەوتایا ئەوا دەبوایا بچێتە ڕیزی چینی گشتییەوە ، بەڵام ئەوەی سەربکەوتایا ئەوا بۆ ماوەی حەوت ساڵی تر خەریکی پەروەردەکردن بوایا، دوای ئەو حەوت ساڵە تاقیکردنەوەیەکی تر ئەنجام بدا لە تەمەنی ٢١ ساڵی دا، خۆ ئەگەر ئەوی لەم تاقیکردنەوەیە سەرنەکەوتایا ئەوا لە چینی سەربازەکان دا ئەندرا، دوای ئەوە دەرچووەکان دووبارە مەشق ئەدران تا تەمەنی ٣٥ ساڵی ، بە مەبەستی ئەوەی بگەنە ئاستی فەرمانڕەوایی کۆمارەکە. بۆیە ئەبینیین ئەفلاتون لە کتێبەکەی بایەخ ئەدا بە ڕۆڵی پەروەردەو ڕۆڵی یاسا .

## ئەرستۆAristo ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز :

ئەرستۆی زاناو فەیلەسوف کە بۆ یەکەم جار کتێبێکی دەربارەی دەروونناسیی لە ژێر ناوی دەروون " النفس"دانا ، ئەرستۆ ڕۆڵێکی دوو سەری هەبوو لە دەروونناسییدا دەربارەی پەرەپێدانی بەرنامە ی زانستی ، بایەخی بە شێوەی پرسیارو و تێبینی دەرەکی و هەموو تێبینیەك ئەدا دەربارەی شتە جوزئییەکانی دەرەکی پاشان پۆلێنکردنیان و بەش بەشکردنیان و داماڵینی سیفەتە هاوبەشەکان لە نێوان " الجزئیات "دا

دەروون لای ئەرستۆ یەك دەروون بوو بەڵام دیاردەی جیاوازی هەبوو وەك خواردن و گەشەکردن و زیادبوون و هەستکردن و جووڵانەوەو شەهوەت و خەیاڵکردنەوەو درککردن .

لە ڕێبازی ئەرستۆدا هەموو شتێکی سروشتی ژیانی هەیە ، کەواتە دەروونیشی هەیە کە سەرچاوەی ژیانیەتی.

دەروونی گەشەکراو : ئەم دەروونە بنەمای ژیان و خواردن و گەشەکردنە ، ئەم دەروونە لای ڕووەك هەیەو کاری یەکەمی دەروونە.

دەروونی گیاندارەکان : کارەکانی بزووتنەوەو هەستکردنە بە ڕێگای پێنج هەستەکانە وە کەبریتین لە " چاو وگوی لێبوون و بۆنکردن و لێسوان و تامکردن"

ددروونی قسەکەر : کارەکەی بیرکدنەوەیە ئەم دەروونەش تایبەتە بە مرۆڤ.

ئەرستۆ بایەخی بە هونەر ئەدا بەتایبەت بە شانۆ و شیعری شانۆگەری.ئەرستو لە کتێبەکی " ڕەوشت" هاریکاری و پێکەوە گونجانی تاکەکان دەبەستێتەوە بە جۆری ڕێکەوتنیان لە ڕوکار و بۆچوونە ڕەفتارییەکانیان . لەم ڕووەوە ئەرستۆ کۆمەڵگەی کردۆتە دوو بەشەوە بەشی شارستانێتی و بەشی لادیێی ، کە ئەو لادیێی بە " بەربەر " ناوبردوە.

## زانا ئیسلامییەکان :

فــارابی ( ٨٧٠-٩٥٠)ز ، فــارابی پێناســەی دەروون ئــەکا کــە تەواکـەری یەکەمـە بـۆ لەشـێکی سروشـتی ، ، دەروونـی هۆشـدار گەوهەری مرۆڤە لەبەر ئەوەی لە دوو توخم پێکهاتووە یەکەمیان لــە جیهــانی خوداوەندەوەیــە و ئــەوەی تریــانیش لــە جیهــانی هەستییەوەیە .

## پەیوەندی نێوان دەروون و جەستە :

فــارابی وا ئــەبینێ کــە پەیوەنــدی نێــوان دەروون و لــەش وەك پەیوەندی نێوان بەنـدکراوە بـە بەندیخانەکەیـەوە ، بەڵام دەروون پێویـستیی بـە لەشـە لەبـەر ئـەوەی مەڵبەنـدێتی، بـەڵام بـەلای فارابیــەوە دەروون ئــەتوانێ بــە پارێزگــاریکردن خــۆی لــەو پەیوەندییە قورسانە قورتار بکا کە ناچاری کردووە بایەخ بە لەش بدا ، ئەوکاتـە بـەرز ئەبێتـەوە " تـسمو" فارابی لـە کتێبـی " آراء أهل المدينة الفاضلة " باسی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی ئەکا.

فارابی لە ژێر کارتێکردنی ئەرستۆ بوو کە ئەمیش ئـەڵێ دەروونـی مرۆڤایەتی وێنەیەکی لەشەو ، مـاددە هۆکـاری جیـاوازیی تاکدکانـە لە نێوان خۆیان دا، . هەروەها ئەڵێ دەروون کۆتـایی پێـدێ ، بـەڵام ئـەم کۆتـاییی پێهاتنـە ڕەهـا نییـە ، بـەڵکو جـۆرێکی تـری نـەمری هەیە .

زانا یانی ئیسلام له بوارەکانی دەروونناسیی و پەروەردەییدا جێ پەنجەیان دیارە ، لەوانە ئیبن سینا ( ٩٨٠-١٠٣٧) ئەم زانایە وەسفی خەمۆکی و بێ ئارامی و ئارەزووی خۆکوشتن و هەڵچوونەکان و کارتێکردنیان لەسەر لەش و شەڵەژانەکان و هەڵچوونەکان و گۆڕانکارییەکانی فسیۆلۆژی دەکات . ئیبن سینا بۆچوونەکانی ئەفلاتونی ڕەتدایەوە کە دەروونی کین لێهەڵساو " النفس المغضوب" له ئاسمانی باڵاوە هاتۆتە خوارەوە بۆ ئەوەی له لەشی مرۆڤێك لەسەر زەوی بژێ ، یان له لەشی گیانلەبەرێك ، وەك سزادانێك بۆی لەسەر هەڵەیەك كە كردویەتی.

## ئیمام غەزالی : ١٠٥٩-١١١١. ز

ئەبو حامد كوڕی محمد غزالی ناسراو بە ئیمام غەزالی. لە سەدەی یانزدهەمی زایینی دا ژیاوە ، بۆچوون و ڕاكانی فەیلەسوفە گریكەكانی بە هەڵە لە قەڵەم داوە، كە ئاسمان گیانلەبەرە و دەروونی هەیە ، وەك چۆن مرۆڤ دەروونی لە جەستەی دا هەیە ، بە پێی بۆچوونەكانی ئیمام غەزالی ئەم بۆچونانەی گریكەكان جۆرێكە لە ئەفسانە ،

لە بۆچوونەكانی ئیمام غەزالی لە بواری دەروونناسیی تەقلیدی دا، لایەنە هوونەرییەكانی لەگەڵ لایەنە ئاكارییەكان و بەهاكانی ئایینی تێكەڵاوكردبوو ، ئەویش بەوەی كە مامۆستا پێویستە گیانی ڕوحی و ئاكاریی بەرزی هەبێت.

لــه ڕاســتیدا هێنــدەی ئیمــامی غــەزالی وەك زانایــەکی ئــایینی و تەسەوف ناسـراوە ، وەك دەروونـنــاس نەناسـراوە ، بـاوەکو هەنـدێ بۆچوونیشی لە بواری دەروونناسیدا هەبێ ئـەو بۆچـوونانە وامـان لێناکا وەك دەروونناسێك پێناسەی بکەین.

## ئیبن خەلدون : ١٣٣٢-١٤٠٦ ز.

ئـیبن خەلـدون ، نـاوی عبـدالرحمن کوڕی خەلدونـە ، لـە سـەدەی چـواردەی زایینـی ژیـاوە ، زیـاتر بـە کۆمـەڵناس ناسـراوە نـەك دەروونـنـاس . یـەکێ لـە نووسـراوە بەناوبانگـەکانی " مقدمـە ابـن خلدون" ە

لــە بــواری زانیارییــە کۆمەڵایــەتی و فەلــسەفییەکان دا زانایــەکی گەورە بوو ، بایـەخی زۆری بـە فێربـوون و کـارتێکردنی ژینگـە و بۆماوەیی لەسەر ڕەوشت دابوو ، هەروەها جـەختی لەسـەر باوەڕی پلە بە پلە " التدرج" دەکرد لە فێربوون دا، لـە ئاسانەوە بـەرەو زەحمەت ، یان لـە گشتییەکانەوە بـۆ تایبەتـەکان ، ئـیبن خەلـدون بڕوای بە جیاوازیی تاکـەکان هـەبوو لـە فێربـوون دا، داوای ئـەکرد خوێنــدکاران دابــەش بکرێنــە ســەر گروپــەکان بــە پێــی ئاســتی زیرەکییان، لەگەڵ ئاستە تەمەنییەکانیان دا.

ئــیبن خەلــدون لــە کتێبــی ( مقدمــة ابــن خلــدون) دا لــە بــواری دەروونناسیی پەروەردەیی بە پێویستی ئەزانی جیـاوازی هـەبێ لـە

نێوان بەرنامەکان دا، بەشێك لە کتێبەکەی تەرخان کردبوو بۆ فێرکردنی منداڵان .

## دەروونناسیی لە چەرخی رێنیسانس وچەرخی نوێ دا :

دەروونناسیی بە درێژایی چەرخەکانی ناوەند ، ج لە رۆژئاوای مەسیحی یان رۆژهەڵاتی ئیسلامی ، لە چوارچێوەی فەلسەفە لێی دەکۆڵرایەوە ، بە رێبازێکی تیوری دوور لە لە تاقیکردنەوەی زانستی ، بابەتەکانی لە ژێر خانەی فەلسەفەدا دراسەت ئەکران ، بەڵام لە سەرەتای چەرخی رێنیسانسدا ، دەروونناسیی گەشەیەکی تەواوی کردو و لە فەلسەفە جیابووەوە و قەوارەیەکی زانستی سەربەخۆی بۆ خۆی دروستکرد ، ، لە بوارەکانی پرۆگرام و بابەتەکانی پەرەی سەندووە و کۆمەڵێ لق و پۆپەی لێبۆتەوە لە بوارەکانی تیوری و پراکتیکدا .

لە بواری پەرەسەندنی دەروونناسیی لە چەرخی رێنیسانس دا کۆمەڵێ لە زانایان رۆڵی سەرەکییان لەم پەرەسەندنانە هەبوە لەوانە ، (فرنسیس بیکون ، جۆن لۆك ، رێنێ دیکارت ، چارلز داروین ، ڤۆنت و ژمارەیەکی دی )

ڤۆنت یەکێ لەو دەروونناسانە بوو کە بەرنامەی تاقیکردنەوە و دەروونناسیی تاقیکردنەوەیی دامەزراند. هەروەها زانای فەرەنسی بە

ناوبانگ " ببێنێ " بزووتنەوەکانی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن و پێوەرە هۆشییەکانی دانا .

## گرنگێتی دەروونناسیی :

ئەگەر سەدەی بیست و یەکەم سەدەی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بێ ، سەدەی پەیوەندییەکان بێ ، ئەتوانیین بە دڵنیاییەوە بڵێین سەدەی دەروونناسییە، کە توانیویەتی پچێتە ناو بنج و بنەوانی زوربەی بوارەکانی ژیان و تەنها بەوە نەوەستاوە دراسەتی تیوریی و هیوا فەلسەفیەکان و عیادە دەروونییەکان بکا. وڵاتە پێشکەوتووەکان بە هەموو جۆرە سیستەمەکانیەوە بایەخی زۆریان بەم زانستە داوە دوای ئەوەی زانییان گرنگێتی و پێویستێتی چەندە. ئەمرۆ وڵاتان لە پێشبرکێ دان بەتایبەتی وڵاتە زلهێزەکان بۆ داگیرکردنی جیهان بە رێگای دەروونیەوە کە ناو ئەبرێ بە شەڕی دەروونیی بە ناوە جۆراوجۆرەکانی وەك شەڕی سارد و شەڕی بیروباوەر و شەڕی پڕوپاگەندە، هەرچەندە دەروونناسان وایان بەلاوە باشە کە ناوی بنێن شەڕی ڕاگەیاندن لەبەر ئەوەی پڕوپاگەندەیەکە لەسەر بنچینەیەکی زانستی و دەروونیی دامەزراوە ، کەواتە لە هەردوو بارودۆخی شەڕو ئاشتی دا پێویستە .

ئەمرو پێشکەوتنی جیهان بە توانای بەرهەمهێنان پێوانە ئەگرێ لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاری تاکەکان و دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی عادیلانە. بەرهەمهێنان هەرچەندە

بە ڕێگای ئامێرەوە دێتە بەرهەم بەڵام دروستکەری ئەم ئامێرە مرۆڤە، لێرەدا دەروونناسیی ڕۆڵی خۆی ئەبینێ ، جاران باوەڕ وابوو کە ئەندازیار لێپرسراوی یەکەمە لە داڕشتنی ئامێر ، بەڵام ئەندازیار زانینی دەربارەی مرۆڤ سنووردارە کە ئامێرەکە بەڕێوە ئەبا ، لێپرسراوێتی دەروونناسییە کە یارمەتی داڕشتنەکە ئەدا تا بەڕێوەبردنی ئامێرەکە ئاسان کاتەوە بە بێ توانایەکی زۆر ، لێرەدا دەوری دەروونناسیی پێی ئەوترێ " ئەندازیاریەتی مرۆڤایەتی"

ئەگەر بگەڕێینەوە بەرەو قوتابخانەکان ئەبینیین قوتابخانەی سەردەم بریتیە لە پێکهاتەیەك قوتابیان بۆ کۆمەڵگە ئامادە ئەکا ، ئەو کۆمەڵگەیەی تیایا ئەژین ، کرداری ئامادەکردن بریتییە لە پێگەیاندن.

زانینی دەروونناسان دەربارەی قۆناغەکانی گەشەکردن و تایبەتمەندەکانی هەر قۆناغێك ئەبێتە هۆی ڕێکخستنی قۆناغەکانی فێربوون به پێی قۆناغەکان و پێشنیارکردنی بابەتە دراسییەکانی کە دەگونجێن لەگەڵ قۆناغەکان دا. لەگەڵ پێشنیارکردنی باشترین مێژوو کە ئەتوانرێ پەیڕەوی بکرێ بۆ فێرکردنی قوتابیان و بەکارهێنانی باشترین ڕێبازی پێوەری پیوانەکردنی جیاوازییەکانی تاکەکانی خوێندکاران لە بواری ئامادەییان و توانایان و ئاراستەکردنیان بەرەو بابەتە دراسییەکان و بوارە پیشەییەکان کە لەگەڵ تواناو ئامادەبوون و ئارەزوەکانیان ئەگونجێ . هەروەها دەروونناسیی بایەخی خۆی هەیە لە

بواری چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی قوتابیان هەروەها گیروگرفتە دەروونیەکان.

• لە ژیانی گشتی دا ئەتوانرێ تاکەکان و پیشەکان لەگەڵ یەکتر بگونجێنێ. هەر هەمان شتیش دەکرێ لە سوپادا، ئەویش بە هاریکاری نێوان دەروونناسان و پزیشکان بە پالاوتنی سەربازە تازەکان " المجندين" و دابەشکردنیان بەسەر یەکە جۆراو جۆرەکان بە پێی پێویستی ئەو یەکانە . لەگەڵ ئامادەکردنی باشترین بارودۆخ کە یارمەتی سەربازەکان بدا بۆ بەرزکردنەوەی ورەیان .

• دەروونناسان نەخۆشییە دەروونییەکان و هۆشییەکان دەست نیشان ئەکەن و چارەسەریان ئەکەن کە خۆیان چۆن لەو نەخۆشییانە بپارێزن . هەروەها تاوانیش مەیدانێکی تری کردارەکانی دەروونناسانە بۆ خۆ پاراستن لێی و چارەسەرکردنی و ئاراستەکردنی تاوانبارەکە. هەروەها مەیدانی ساوا لادەرەکان " الاحداث المنحرفين" یەکێ لە گرنگترین بواری بایەخدانی دەروونناسەکانە،لەگەڵ هێنانەوەی هۆشی لاوازەکان و کەم ئەندامان بۆ بارۆدۆخێکی ئاسایی دوای دووبارە پەروەردەکردنیان ..

• دەروونناس توێژەری زانستییە ، پێویستە هەڵسێ بە توێژینەوە زانستیەکان لە بوارەکانی کە کاریان تێ ئەکا ، بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرکردنی زانستی بۆیان .

• بایەخدان لە پێشوودا ئاراستەی دراسەتی کردارە جوزئیکانی ڕەوشت ئەکرا کە تا ئێستاش ئەم دراساتانە شوێنی خۆیان هەیە لە

دەروونناسـیدا بەتایبـەتی لـە دراسـەتی ئەرکـەکانی ئەندامـەکان و ماسـوولکەکان و لووەکـان، بـەڵام ئێـستا زیـاتر بـەرەو دراسـەتی کارتێکردنەکانی مرۆڤ و ژینگەکەیەتی. بە کورتی و دەروونناسیی ئەو زانستەیە کە دراسەتی ڕەوشت ئەکا لەگەڵ دراسەتی شارەزاییەکان.

## ڕێبازەکانی تۆێژینەوە لە بواری دەروونناسیی دا :

پرۆگرام یان ڕێباز ، ئەو ڕێبازەیە کە تۆێژەر ئەیگرێتەبەر بە ئامانجی وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارانەی تۆێژینەوەکـە ئـەیانوروژێنێ . ڕێبازەکانی دراسەتکردنی دەروونناسیی زۆرن ، هەیە سەرەتایی و هەیە دراسـەتی سـیما تازەکـانی زانـستی ئـەکا وەك تاقیکردنـەوەکان و وەسـفکردن ، گـرنگترین ڕێبـازە بـەکارهێنراوەکانی دەروونناسـیی هاوچەرخ تازە ئەمانەن :

### ١- ڕێبازی وەسفی :

بریتییە لە دراسەتکردنی دیاردە ڕەوشتییەکان و سروشتییەکان، وەسفکردنیان بە وردی و لەگەڵ پەیوەندییەکانی دیاردەکان ، ئـەم ڕێبـازە تێبینـی زانستی بـەکاردێنێ بـۆ وەرگـرتن و بەدەستهێنانی زانیارییـەکان ، لێـرەدا مەبەسـتمان لـە تێبینییـە زانـستییە کـان ڕێکخراو و بابەتییەکانە ، کە ئەتوانی دڵنیـا بـێ لـە ڕاسـتییەکەی . لەم ڕێبازەدا ژمارەیـەك ئـامرازێ بەکارئـەهێنرێ بـۆ کۆکردنـەوەی

زانیاری ، لەوانە ڕاپرسی Questionnaire کە بریتییە لە فۆرمێك کۆمەڵێ پرسیاری تیا تۆمارکراوە ، پرسیارەکان پەیوەندییان بە گیروگرفت و مەبەستی تۆێژینەوەکەوە هەیە ، لەلایەن کەسانێك وەلام ئەدرێنەوە کە جێگای دراسەتکردنەکەیە ، ئەم پرسیارانەش چ بە هۆی چاوپێکەوتنی کەسایەتییەوە بێ یان بە ڕێگای نامەوە بێ یان بەکارهێنانی ئامرازی تۆمارکردنەوە بێ ، کەواتە تۆمارکردنی دەنگەکان ، یان هەندێ ئامرازی تری گونجاو .

لە شێوەکانی دراستکردنی ئاسایی ڕێبازی وەسفی ، ڕێبازی درێژخایانە " الطريقة الطولية " لەم ڕێبازەدا تۆێژەر چاوەدێری و تێبینی حاڵەتێك یان چەند حاڵەتێك ئەکا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، تێبینییەکانی بە پێی بارودۆخی دراسەتەکەی ئەبێ . ئەم ڕیبازە ئەنجامەکانی زۆر ورد وڕاست دەرئەچن لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی تێبینی ئەکرێن . لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆری ئەوی ، ئەبینیین دراسەتکردنەکەی زەحمەتە و لە ڕووی مادییەوەش پاردو پوولی زۆری ئەوی ، ئەم ڕیبازە زیاتر بۆ دراسەتکردنی لایەنەکانی دەروونناسی کۆمەلایەتی و بوارەکانی پەروەردە دەگونجێ کۆمەلایەتی و دەروونناسیی و جگە لەگەڵ حالاتی تریش. بەلام ڕیبازی پان " المستعرض"لە ڕێبازی وەسفی لە بواری کۆمەلایەتی و دەروون کە ئاسان نییە بە ڕێبازی درێژخایان دراسەت بکرێن ، لەم ڕێبازە دراسەتکردنەکان و تێبینییەکان ماوەی زۆری ناوێ و بە چارەکردنی ئەژماری Statistics ئەگاتە

ئـەنجامێکی دروسـت و ڕاسـت و پاشـانیش بڵاوئەکرێتـەوە بەسـەر کۆمەڵە سەرەکیەکەی دراسەتەکە ، ئـەم ڕێبازە مانـدوبوونی زۆری ناوێ و پارەشی کەمتر تێ ئەچێ لە ڕێبازە درێژخایەنـەکان ، بـەڵام ئەنجامـەکانی زۆر ورد نـیین ئەگـەر لەگـەڵ ئەنجامـەکانی ڕێبـازی درێژخایان بەراوردی بکەین .

## ڕێبازی تاقیکردنەوەیی :

تاقیکردنەوە ئەو تێبینیەیە کە توێژەر لە بارودۆخێکی دیاریکراو ئەنجامی ئەدا و ئەتوانێ کۆنترۆڵی بکا. لە هـەر تاقیکردنەوەیەکی زانستیانە توێژەر جێ پێی هەنگاوەکانی یەك لە دوای یەك هەڵ ئـەگرێ ، لـە یەکـەم هـەنگاوەکانی تێبینیـەکان و دۆزینـەوەی گیروگرفتەکەی دراسەتکردنەکە تا ئەگا بە ئەنجامی توێژینەوەکە . هەموو تاقیکردنەوەیەك بە کۆمەڵێ توخم و گۆڕانکاری دا تێپەڕ ئـەبێ وەك کۆمەڵـە زەبتکراوەکـان و تاقیکراوەکـان و گۆڕانکارییـە سەربەخۆکان و تابیعەکان .

## ڕێبازی چوونە ناخەوە Introspection"الأستبطان" :

چوونە ناخ واتای تێبینی ناوەوەی خـود ئەگـەێنێ ، بـە مەبەسـتی پـشکنینی کەسێك بـۆ بیرو هەسـتی ، کەواتـە تێبینیکردنـی تـاك دەربـارەی جوڵـەی هەستەکانی ، لـەم ڕووەوە ئـەوەی بـە هەسـتی دا تێپـەڕ ئـەبێ بـۆ توێژەرەکـە بـە زاریـی ئەیگێڕێتـەوە یـان بـە

نووسینەوە یان بە ئاماژەکردن . زانا ڕەوشتیەکان ڕەخنەیان لەم ڕێبازە گرتووە لەبەر ئەوەی جەختکردن لەسەر زانیارییەکانی و ئەنجامەکانی ئاسان نییە لەبەر ئەوەی تێبینکەر و تێبینیکراو یەك تاکە ، بەڵام دەروونناسیی ناتوانی ئەو ڕێبازە پشت گوێ بخا لەبەر ئەوەی دراسەتی کۆمەڵی جۆرەگانی ڕەوشتی هۆشی و هەڵچوونی ئەکا وەك ڕەوشتەگانی بیرکردنەوە و خەیاڵ و خۆشی و ناخۆشی و خەون و هتد .

## دەروونناسیی و پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە/:

زانستە ڕەوشتییەکان بایەخ بە ڕەوشتی مرۆڤ ئەدەن و دراسەتی گیروگرفتە کانی ئەکەن دراسەتێکی زانستیانەو چارەسەرکردنی گونجاوی بۆ ئەدۆزنەوە ، هەروەها دراسەتی ڕەوشتی گیانلەبەرەکانی خواری مرۆڤیش ئەکەن ، لەم زانستانە دەروونناسیی و کۆمەڵناسی ( Sociology) کە بەرنامەو پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی دراسەت ئەکا ، داب و نەریتەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان و زیندەورناسیی (Biolgy) و ڕەگەزناسی (Anthropology)، کە بایەخ بە دراسەتکردنی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئەدا و زانستەکانی فیزیا و ئەندازیاریی ...

ئه‌وانه‌ هه‌موو بایه‌خ به‌ ڕه‌وشتی گشتیی مرۆڤ ئه‌ده‌ن و هه‌وڵی و چاره‌سازی بۆ ڕێبازه‌کانی ژیانی مرۆڤ ئه‌ده‌ن.

ده‌روونناسیی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئه‌و زانستانه‌ی هه‌یه‌ که‌ په‌یوه‌ندییان به‌ ڕه‌وشتناسییه‌وه‌ هه‌یه‌ ، به‌ زانسته‌کانی فیزیاو فیزیولۆجیا وبرینپێچینه‌وه‌ .

ده‌روونناسیی په‌یوه‌ندیه‌کی به‌هێزی له‌گه‌ڵ زانستی فزیولۆجیادا هه‌یه‌ ، بۆ نموونه‌ دراسه‌تی ده‌روونناسیی له‌ سه‌ره‌تای داهه‌رراندنیه‌وه‌ له‌سه‌ر ده‌ستی فزیولۆجیناسه‌کانه‌وه‌ سه‌ری هه‌ڵدا که‌ بایه‌خیان به‌ به‌ گیروگرفته‌کانی هه‌ستکردن و دراسه‌تی ئامارەکانی هه‌ستکردن و پێکهاته‌کانی ده‌مارگیری و دراسه‌تکردنی مۆخ دا له‌گه‌ڵ لادانی هه‌ندێ له‌ پارچه‌کانی له‌ کاتی تاقیکردنه‌وه‌کانیان له‌سه‌ر گیانله‌به‌ره‌کان بۆ زانینی شوێنه‌واری ئه‌نجامه‌کانی ڕه‌وشت.

به‌ هیزترین پێوه‌ندی نێوان پزیشکێتی (الطب)له‌ لایه‌نه‌کانی ده‌روونیی ئه‌ومیه‌ که‌ ناویان لێنا " ده‌روونناسیی پزیشکی " دراسه‌تی نه‌خۆشییه‌ ده‌روونییه‌کان ئه‌کا . زۆر له‌ پزیشکه‌کانی له‌ش په‌نا ئه‌به‌نه‌ به‌ر پسپۆره‌ ده‌روونییه‌کان دوای ئه‌وه‌ی که‌ زاندرا بنه‌مای نه‌خۆشییه‌ جه‌سته‌یکان به‌رێژه‌ی ٨٠٪ بۆ هۆیه‌ ده‌روونییه‌کان ده‌گه‌ڕێته‌وه‌. ( ١٦: ل٦٠) .

# بەشی دووەم

## بزوێنەرەکانی ڕەوشت

ئەگەر هەر هۆێیك هۆکاری هەبێ ، هەر کارێك وەلامدانەوەی هەبێ ، هەر ڕەوشتێکیش بزوێنەری هەیە ، بزوێنەرەکانی ڕەوشت بریتین لە : ڕەمەك و پاڵنەر و پێویستیە دەروونییەکان ، ئەتوانیین دراسەتیان بکەین بە ناساندنی هۆیە شاراوەکانی کە لە پشت ڕەوشتی مرۆڤ و گیانلەبەرەکانن.

مرۆڤ لە زۆر شت لەگەڵ ئاژەڵدا هاوبەشیی هەیە لە بزوێنەرەکانی ڕەوشت وەك برسێتی و توینێتی و هۆکنی Sex و ئاسایش و سۆزی باوکێتی و دایکێتی، لەگەڵ زۆر لە بزوێنەری بایولۆجی ئاسایی و بۆماوەیی، بەلام مرۆڤ بە حوکمی پێشکەوتنی هۆش و زمان ، توانیویەتی پەرە بە شێوازی تێرکردنی ئەم بزوێنەرانە بدا بە شێوەیەکی ژیاریی . هەروەها پێویستیەکانی بە حوکمی پێشکەوتنی جۆری ژیانی روویان لەزیاد بوون کرد .

بزوێنەرەکانی ڕەوشت لەژیانماندا گرنگێتی خۆیان هەیە لە ، هانمان دەدەن بۆ کارکردن و چالاکی و هەوڵدان بۆ تێرکردنی پێویستێك یان ڕازیکردنی پاڵنەرێك یان نزمکردنەوەی گرژییەك کە لە ئەنجامی

رەمەکی دیاریکراو ڕوو ئەدا، خۆ ئەگەر سەرنەکەوتین لەم کارانە ئەو کاتە وەك تاك تووشی گرژی و بێ ئارامی و ڕووخان ئەبین ، کە ئەبێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی تێکچوونی لەنگەری دەروونی. (١٢ : ل١٠١)

## بزوێنەری ڕەوشتی مرۆڤ

ڕەمەك Instinct یەکێکە لە بزوێنەرەکانی ڕەوشتی مرۆڤ .

ڕەوشتی ڕەمەك زوربەی زۆری ڕەوشتی کیانلەبەرەکانە ، ئەم ڕەوشتە وەرگیراو نییە کەواتە فێرکراو نییە، بەڵکو ڕەوشتێکی رەمەکیی بۆماودییە .

بۆ نموونە بەچکە مراوی یان قاز دوای ئەوەی لە هێلکە دەردەچنە دەرەوە ،کە ئەچنە کنار ڕووبارێك یان گۆلێك ئاو ، یەکسەر لەگەڵ دایکیانا خۆیان فڕێ ئەدەنە ناو ئاوەکەوە و دەست بە مەلەوانکردن ئەکەن . ئەم کردەوەیەی بەچکە مراویەکان یەکێکە لە تایبەتمەندەکانی ڕەوشتی ڕەمەکی .

بە پێی پێناسەکردنی لوید مۆرگان ئەم جۆرە ڕەوشتانە بریتین لە :

١-ئەنجامدانی زنجیرەیەکی ئاڵۆزی چالاکیی فراوان لە لایەن بوونەوەرە ئورگانیەکانەوە.

٢-ئەم زنجیرە کردارانە بەهای بایۆلۆژی خۆی هەیە بۆ ئەو جۆرە بوونەوەرانە.

٣-ئەم جۆرە کردەوانە لەلایەن ئەندامانی ئەو جۆرە وەك یەك ئەنجام ئەدرێن.

٤- ئەم بوونەوەرانە پێویستیان بە فێرکردن نییە و بە تەواوی و بە ڕێکوپێکی ئەم جۆرە ڕەمەکانە ئاماژەیەکە بۆ ڕەوشتی ڕەمەکی گیاندارەکان و پەلەوەرەکان و مێرووەکان نەك ڕەوشتی مرۆڤ ، ڕەمەکی مرۆڤ زۆر جیاوازیی لەگەڵ ڕەمەکی مەملەکەتی بوونەوەرەکاندا هەیە .( ١٥ : ل ٢٦٠).

## پێناسەی ڕەمەك :

ڕەمەك ئامادەییەکی بۆماوەییە ، هەموو تاکەکانی بە یەك جۆر تیایدا بەشدارن ، ئەم ئامادەبوونە تاك ئاگادار ئەکاتەوە ئاگادارییەکی تایبەت ، دەربارەی هەر هەڵوێستێکی گۆرانکاری ڕەمەکی ، ئەو کاتە بەرامبەر ئەو هەڵوێستانە یان بابەتانە هەڵدەچێت چ هەڵچوونێکی خۆشی یان ناخۆشی بێت ، پاشان بوونەوەرەکە ڕێگایەك هەڵدەبژێرێت بۆ پارێگاری لە خۆی .

لە هەموو تیۆرییەکانی ڕەمەکەکان بڵاوتر و ناسراوتر تیۆری – مکدۆگل- ڕەمەکەکانی دابەشکردۆتە سەر چەند شێوەیەك

| | |
|---|---|
| گەڕان بە دوای خواردەمەنی | برسێتی |
| باوانی –پارێزگاری – | ڕەحم |
| شەڕکردن | توورەیی |
| خۆ لادان | ترس |
| کۆکردنەوە | خۆشەویستی مولکداریەتی |

| | |
|---|---|
| زاڵبوون | بایی بوون |
| مل کەچی | زەلیلی |
| بێ توانایی | هەستکردن بە بێ توانایی |
| چاو تێبڕین | سەیرهاتن |
| هۆکنی | شەهوەت |
| کۆمەڵایەتی | خۆشەویستی کۆبوونەوە |

پێکەنین و لاساییکردنەوە ش ئەخرێنە سەر ئەم لیستەوە.

مەکدۆگڵ زیاتر لە ١٨ ڕەمەکی دەستنیشان کردووە وەك :

## ١- ڕەمەکی زاوزێکردن :

ئامانجی ئەم ڕەمەکە پاراستنی مانەوەی جۆرە لە ژیاندا لەگەڵ هۆکنی و هەڵچوونی شەهوەت . کە لای مرۆڤ و گیانلەبەر لە کاتی لەدایکبوونیانەوە هەیە بەڵام دوای باڵق بوون زیاتر دیارئەکەوێ.

٢- ڕەمەکی گەڕان بە دوای خواردەمەنی و هەڵچوونی برسێتی:

ئاما نجی ئەم ڕەمەکە مانەوەی بوونەوەرە لە ژیاندا لەگەڵ گەشەکردنی ئەندامەکانی ، ئەم ڕەمەکەش لای مرۆڤ و گیانلەبەران لە کاتی لە دایکبوونیانەود هەیە.

٣-ڕەمەکی باوکێتی و دایکێتی " باوانی":

ئامانجی ئەم ڕەمەکە بەردەوامبوونی جۆرە و بە ئاشکراو ڕوون و دیاری ئەدا دوای بالق بوون و هەڵچوونی سیلەی رەحم ، دراساتەکان

ئاشكريانكردوه كه له ڕەمكی هۆكنی sexبەهێزتره ، ئەو مشكانەی هێلكۆكانیان لابرابوون پێش گەیین بایەخیان به بەچکەكانیان ئەدا و هەوڵی ئەوەیان ئەدا مەمكیان بدەنێ و بە هیچ جۆرێك بەلای هۆكنییەوە نارۆیشتن تا كۆتایی ژیانیان.

## ٤-ڕەمەكی هاواربردن:

ئەم ڕەمەكە له كاتی له دایكبوونەوە لای مرۆڤ و گیاندارەكانی تریش هەیه له هەڵچوونیان بەرامبەر به ترس و هەستكردن به مەترسی ، ئامانجیشی پاراستن و ئاسایشه.

## ٥-ڕەمكی بێزاربوون و ئیشمئزاز :

هەڵچوونەكه لای بوونەوەر پەیدا ئەبێ له دوای له دایكبوونەوە ، ئەمەش به مەبەستی ڕزگاربوون له هۆیەكانی بێزاربوون و دڵ شێوان له شتێكی ماددی یان دەروونی..

## ٦-ڕەمەكی خۆشەویستی و چاوتێبڕین :

ئەم ڕەمەكه لای مرۆڤ و كیانلەبەرەكان هەیه هەڵچوونەكەشی سەرسوڕمان و ئامانجیشی پێزانین و كەشفكردنه .لەگەڵ گەشەكردنی هۆشیی لای منداڵ پەیدا ئەبێ ، له كاتی بەرەنگاربوونەوەی هەڵوێستێكی تازه ئەووروژێت.

٧- ڕەمەکی هەڵاتن :

هەڵچوونەکەی ترسە و ئامانجەکەی دوورکەوتنەوەیە لە سەرچاوەکانی ترس لای مرۆڤ لەکاتی هەستکردن بە مەترسی ئەوروژێت .

## ٨-ڕەمکی پەلاماردان و سەرپێچیکردن :

هەڵچوونەکەی تورەییە ، لای مرۆڤ و گیانلەبەر هەیە ، لە کاتی بەرەنگاریبوونەوەی کۆسپێك ئەووروژێت ، ئامانجیشی لابردنی کۆسپ کەیە .

## ٩-ڕەمەکی خۆشەویستی بە خاوەندبوون :

ڕەمەکی خۆشەویستی خاوەنداری هەڵچوونەکەی خۆشەویستی کۆکردنەوەیە ، دوای لە دایکبوونی منداڵ بە چەند مانگێکی کەم پەیدا ئەبێ ، ئامانجیشی لەزەتی کۆکردنەوەیە ، لای مرۆڤ و گیانلەبەر هەیە.

## ١٠-ڕەمکی ئاشنایەتی و کۆمەڵایەتی:

ڕەمکی ئاشنایەتی و کۆمەڵایەتی هەڵچوونەکەی هەستکردن بە تەنیایی و کۆبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی ڕەچەڵەکەکەی. هەروەها گیانلەبەرە باڵاکانیش هەمان ڕەمەکیان هەیە ، بەڵام لای مرۆڤ لە تەمەنێکی زوو ڕوو ئەدا.

## ١١- ڕەمکی پێکەنین :

ڕەمەکی پێکەنین هەڵچوونەکەی خۆشییە لای مرۆڤ ئاشکراترە وەك لای گیاندارەکان ، لەگەڵ دەرکەوتنی پێزانین لای مرۆڤ پەیدا ئەبێ .

## ١٢-ڕەمەکی یاریکردن :

ڕەمکی یاریکردن لای مرۆڤ و گیانلەبەرەکان هەیە ، هەڵچوونەکەشی هەستکردن بە خۆشیی و ئامانجیشی سنووردار نییە ، بەلاّم تیوریەکانی یاریکردن ئاماژە بۆ رزگاربوون لە وزە زیادەکان ئەکا . بۆ نموونە ئەبینین بێچوی گیانلەبەرەکان شێرو ڕێوی و سەگ ... هتد ، لەگەڵ یەکترو لەگەڵ دایکیانا یاری ئەکەن جارێ تەمەنیان لە یەك دوومانگان تێپەڕی نەکردووە.

## هەڵچوونەکان Emotion

زاراوەی هەڵچوون لە لایەن هەندێ لە دەروونناسان بە واتایەکی فراوان بەکارهاتووە تا ئەوەی هەموو بارودۆخە ویژدانییەکان بگرێتەوە ، هەڵچوون حاڵەتێکی جەستەیی دەروونی هەڵچووە ، یان حاڵەتێکی تورەیی گشتییە خۆی دەرئەبڕێ لە هەستێکی لەشیی و ڕەوشتی، توانای ئەوەی هەیە هانی تاکەکان بدا بۆ نواندنی چالاکی.

هەندێ لە زانایان زاراوەی هەڵچوون بە واتایەکی فراوان بەکاردێنن تا ئەوەی حاڵەتی ویژدان ئەگرێتەوە لە هەردوو ڕووی ناسکیی و توندوتییژییەوە، هەردوو ڕووەکە پێکەوە کۆ دەکەنەوە ،

هەستکردنێکی ناسك و هێمن کە مرۆڤ لە دەروونی خودی خۆی یان ئەو هەستانەی تەریك و بەدن بەدیان دەک...

بۆ نموونە ، بۆ جیاکردنەوەی سۆز لەگەڵ هەڵچوون . کە باسمانکرد هەڵچوون حاڵەتێکی لەشیی دەروونیی هەڵچووە و حاڵەتێکی کوتوپڕی و کاتییە ، بەڵام سۆز ئامادەبونێکی نەگۆڕی نیسبییە ، لە کۆمەڵێ هەڵچوونەکان پێکهاتووە، لە دەوروپشتی بابەتێك دەخولێتەوە وەك " خۆشەویستی و رق لێبوونەوە .

هەڵچوون یان بۆماوەییە وەك تورەبوون و ترسان یان بەرێگای فێربوونەوە پەیدا ئەبێ ، کەواتە وەرگیراوە. وەك شەرمکردن و هەستکردن بە تاوان. هەڵچوونە بۆماوەییەکان هەڵچوونی سەرەتایی لاوەکییە کەواتە زۆر سادەیە. بەڵام هەڵچوونە فێربووەکان زۆر جار لە کۆمەڵێ هەڵچوون پێك دێ وەك ئێرەیی، Envy حەسوودی بردن و ترس و هەستکردن بە کەمیی و خۆشەویستی موڵکداری.

هەڵچوونەکانیش یان چالاکی دەدا بە خاوەندەکەی وەك " خۆشیی و تورەیی" یان خاوی ئەکاتەوە وەك " عاجزبوون و خەمباری و خەمۆکی"

## تایبەتمەندیەکانی هەڵچوون

١-حاڵەتێکی ویژدانی توندە ، شان بە شانی شڵەژاندنی فسیولۆجی ناوەکی و دەربڕینێکی بزووتنەوەیی جۆراوجۆرە.

٢- حاڵەتێکە بە شێوەیەکی کوتوپڕ تووشی تاك ئەبێ.

٣- شێوەیەکی تەنگوچەڵەمەییە ، لە ناکاو تێپەڕبوون بە خۆیەوە ئەگرێ و زۆریش دەوام ناکا ، کەواتە وەك بەکتوپڕی دێت بە کوتوپڕیش تێپەڕ ئەبێ .

## لایەنەکانی هەڵچوون :

ئەگەر هەڵچوونێکی وەك تورەیی یان ترس شیبکەێنەوە ئەبینین لە سێ لایەن پێك دێن و تێبینی ئەکرێن ، دەتوانرێ دراسەتێکی زانستی بکرێ وەك :

١- لایەنێکی هەستیی خودییە ، کەسە هەڵچووەکە پێی ئەزانێ و لە هەڵچوونێکەوە بۆ هەڵچوونێکی تر ئەگۆڕێ بە پێی هەڵچوونەکە ، ئەتوانرێ بە ڕێبازی لە خۆبیرکردنەوە " التأمل الباطنی " و بە ڕاپۆرتی زارەکی دراسەتبکرێ .

٢- لایەنێکی دەرکی دیارە کە جۆرەکانی دەربڕینەکان و بزوتنەوەکان و وشەکان دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسە هەڵچوەکەوە ڕوونەدەن . ئەمەش ئەو لایەنەیە کە ئەتوانین حوکم لەسەر کەسە هەڵچووەکە بدەین.

٣- لایەنی فسیولۆجی ناوەکی وەك گۆڕانی پەستەکی خوێن یان لێدانی دڵ. گۆڕانکارییە فسیولۆجیەکان لەگەڵ هەڵچوونەکان پێکەوە ئامێرەکانی دەمارگییری و مۆخ کارێکی زۆر ئەکەنە سەر هەڵچوونەکان ، وەك ئامێری سمپساوی Sympathetic و پاراسمپساوی Parasympathetic کە هەردووکیان

پێکـــەوە ئـــامێری دەمـــارگیری " عەســـەبی ئۆتۆنـــۆمی
Automomic nervous system
دروست ئەکەن . کەواتە ئامێری سەربەخۆیی خودیی. بەشی
پ راسمپساوی لێپرسراوە دەربارەی ورووژاندن ،
ئەتوانیین بە کورتی باسی نیشانەکانی لەشیی و فسیولۆجیی
هەڵچوونەکان بەم جۆرە بکەین :

١- لە کاتی هەڵچوون پەستی خوێن بەرز ئەبێتەوە .
٢- لێدانی دڵ بەرەو زیادبوون ئەڕوا.
٣- گلێنەکانی چاو زیاد ئەکرێتەوە .
٤- دەم و لێو وشك ئەبێتەوە ، لەکاتی هەڵچوون مرۆڤەکە هەست ئەکا بە وشکی دەمی و تف لە قورگی وشك ئەبێتەوە.
٥- لە کاتی هەڵچوون گەدە توانای هەزمکردنی لاواز ئەبێ و لەوانەیە تووشی زگ چوونیش ببێ یان قەبزی .
٦- گۆڕانکاری لە کیمیای خوێن و ئاستی شەکر و ئەدرنالین ڕوودەدات و بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشیی شەکریان هەیە ئاستی شەکرەکەیان لەناو خوێن بەرز ئەبێتەوە .

## تیۆرییەکانی هەڵچوون :

تیۆری جێمس- لانك James – Lange

بە پێی بۆچوونی ئەم دوو زانایانە مرۆڤ کە چاوی بە شتێکی ترسناك ئەکەوێ ، هەستکردنەکانی ئەگۆڕێ و هەستکردن بە هەڵچوون ئەبێتە هۆی گۆڕانکارییە لەشیی و فسیولۆجیەکان ،

لەکاتی مەترسییەکان مرۆڤ لەشی دەست ئەکا بە لەرزینەوە و پاشان هەست بە ترسان ئەکا.

ئەم تیۆرە چەند رەخنەیەکی لێگیراوە :

أ- هەموو شەڵەژانە ئۆرگانیەکان لە حاڵەتی هەڵچوون هەر وەها لە حاڵاتەکانی غەیری هەڵچوونیش ئەبینرێن.

ب- گۆڕانکارییە فسیولۆجیەکان لە زۆربەی هەڵچوونە جۆراوجۆرەکان ڕوو دەدەن وەك غەمباری و خۆشیی .

٢-تیوری فریاکەوتن Emergency Theory

درککردنی "Perception" هەڵویستی ورووژێنەری هەڵچوون ئەبێتە هۆی ئاگادارکردنەوەی هەرێمی دەمارگیری کە لە ناوەڕاستی دەماغە Hypothalamus ئاگادارییەکی توندی ئەکاتەوە لە هەمان کات دا ئەبێتە هۆی هەستکردن بە هەڵچوون و گۆڕانکاری لەشیی لە هەمان کات دا.

## پاڵنەرەکان Motive

### پاڵنەرەکانی ڕەوشت :

هەموو هۆیەك هانی ئەوەبدا ڕەوشتێك ئەنجام بدا ڕەوشتەکە هۆشیی بێ یان بزووتنەوەیی پاڵنەرێك پاڵی پێوە ئەنا ، هەر بۆیە بابەتەکانی پاڵنەرەکان پەیوەندی بە هەموو بابەتەکانەوە هەیە کە دەروونناسیی ئەیانگرێتەوە ، ڕەوشت نییە بەبێ پاڵنەر.

## ‌پێناسەی پاڵنەر Motive

پاڵنەر پێناسەی زۆرە وەك :

١ حاڵـــەتێکی ناوەکییــــە ، لەشـــیی و دەروونییـــــە ، ڕەوشـــت ئەورووژێنێ لە بارودۆخێکی دیاریکراو و بـەردەوام ئـەبێ تـا ئەگاتە ئەنجامێکی دیاریکراو .

٢ حاڵەتێکە لە گرژێتی ، ڕەوشت ئەورووژێنێ و بـەردەوام ئـەبێ تا گرژێتیەکە سووك ئەبێتەوە یان بەتەواوی ئەیڕەوێنێتەوە و تاکەکـە هاوسـەنگی " تـوازن" ئەگێڕێتـەوە ، وەك ئـەوەی پاڵنـەر شـەڵەژانێك بێ هاوسـەنگیی تـاك بـشێوێنێ وتاکەکـە هــەوڵی ئــەوە بــدا هاوســەنگیەکەی بــۆ دۆخــی خــۆی بگێڕێتەوە. وەك بڵێی ئامانجی ڕەوشت ڕازیکردنی پاڵنەر بێ بـۆ لابردنـی گرژییەکـە و گەڕانـەوەی هاوسـەنگییەکە وەك " پاڵنەری برسێتی و تونێیتی "

پاڵنــەرەکان ئـەو حاڵەتــە ئامادەییانەیــە کــە ڕاســتەوخۆ تێبینــی نــاکرێن بــەڵکو پێیانــدەزانیین لــە ئــەنجامی ئــەو ڕەوشــتانەی ڕوونەدەن بە هۆی پاڵنەرەکانەوە.

پاڵنەر زارەوەیەکی گشتیی فراوانە زمان و کۆمەڵێ وشـە لـە خـۆ ئەگرێ . بەڵام دەروونناسیی هەوڵ ئەدا ئـەو وشـانەو واتاکـانی لـە یەکتری جودابکاتەوە .

## واتای پاڵنەر Drive :

پاڵنـــەر واتایـــەکی گـــشتییە بەکارنـــەهێنرێ بـــۆ بەلگـــە لەســـەر پەیوەندییـــە دینامیکیـــەکانی نێـــوان زینـــدەوەرەکان و ژینگەکـــەی ، زاراوەی پاڵنـــەر هـــیچ ئاماژەیـــك نـــادا بـــە چالاكییەك لـــە جـــۆرێکی دیـــاریکراو یـــان نموونەیـــەکی ڕەوشـــتی دیـــاریکراو . ..پاڵنـــەر تێگەیـــشتنێکی گـــشتییە یـــان دروســـتبویەکی گریمانەییـــە Hypothesis ئامـــاژە ناكـــا بـــە حاڵـــەتێکی تایبـــەتی دیـــاریکراو . بـــەڵكو لـــە ئـــەنجامی ڕەوشـــتی زینـــدەوەرەكان پێـــێ ئـــەزانرێ لـــە هەڵوێـــستە جیـــا جیاكـــان ، لەبـــەر ئـــەوەی زینـــدەوەرەكان وەڵامـــی هەڵویـــستە لەیەكـــچووەكان بـــە هـــەمان شـــێوە نادەنـــەوە ، كەواتـــە وەڵامدانەوەكانی گیانلەبەرەكان یان مرۆڤـەكان بۆ هەڵویـستە لـە یەكـــچووەكان وەڵامدانـــەوەی وەك یـــەكتری نـــیین بـــە پێـــی هەڵویستەكان. كەواتە ئەوەی گۆڕانكاری سەرەكییە لێرەدا حاڵەتی بوونـــەوەرە زیندووەكەیـــە . ئێمـــە كـــە ئـــەزانیین بـــۆ نموونـــە گیانلەبـــەرێك لـــە كـــاتێكی دیـــاریكراو خـــواردن درا پێـــی ، یـــان بـــۆ ماوەیەكی دیاریكراو بێ بەشكرا لە خـواردن ، یـان خواردنـەوە یـان لـە هاورێكـەی ، ئـەو كاتـە دەسـت ئەكـەین بـە گریمانـەی بـوونی پەیوەنـــدی لـــە نێـــوان حاڵـــەتی برســـێتی یـــان تـــوونێتی ، یـــان بـــەكڵهاتن و بـــەبابوون "خولیـــای جووتبـــون" lustful sex لەلایەك و وەڵامدانەوە جۆراوجۆرەكان لـە لایـەكی تـرەوە . ( ١١:ل ٣٢٥).

## دیمەنی ناوەکی پاڵنەر:

حاڵەتێکە لە گرژبوونەوە ئەبێتە هۆی ئەنجامدانی چالاکییەك بۆ ڕازیکردنی پاڵنەر، وا لە تاك ئەکا بەرامبەر هەندێ لایەنی ژینگەکەی هەستیاربێت وەك " بوونی خواردەمەنی ". حافز Driveتەنها پاڵنەرێکە لە ناوەوە ، بەڵام Motive پاڵنەرێکە بەرەو لایەنێکی دیاریکراو .

وروژێنەر Incentive هەڵویستێکی دەرەکی ماددییە یان کۆمەڵایەتییە ، پاڵنەر وەڵامی ئەداتەوە وەك " خواردەمەنی وروژێنەرێکە پاڵنەرەکەشی برسێتییە"

پێویستەکان Need :

بەهۆی پێویستیی، تاك خۆی سازئەدا لەگەڵ ژینگەکەی خۆی بگونجێنێ و بەرگریی لە مانی خۆی بکا لەگەڵ بەرگری لە جۆر و ڕەگەزی. وەك پێویستیی خواردەمەنی و خواردنەوەو هۆکنی sex...هتد.

لیڤین دەروونناس زارەوەی Need لە سییەکاندا هێنایە ناو زانستی دەروونی ئەکادیمیەوە ، بەو واتایەی تاك هەست ئەکا بەوەی شتێکی کەمە یان پێویستی پێیەتی. پێویستیی وزەت ئەداتێ لەگەڵ زیادکردنی نرخی شتەکان و بەهێزیان ئەکا. ( ١٠ : ١٣٧-١٣٨).

پێناسەی پێویست need ، وا پێناسە ئەکرێ حاڵەتێکە لای زیندەوەرەکان لە ئەنجامی لادان یان تەریکبوون لە مەرجەکانی

ژینگه یان مەرجەکانی بایولۆجی نموونەیی پێویستە بۆ مانـەوەی بوونەوەرە زینـدووەکان. بـەم جۆرە پێویـست گـرێ ئـەدرێ لەگـەڵ مانەوە لە ژیاندا ئەم پێویستییە حاڵەتێکی نا هاوسەنگی دروست ئـەکا لــە نێــوان زینــدەوەرەکان و ژینگــەی دەرەوەیــان و پاشــان زینــدەوەرەکان دووبــارە چـالاکی خویــان بــە مەبەسـتی حاڵــەتی هاوسـەنگێتی کۆنەکەنـەوە . ئـەم پێناسـەیە ئـەوە ئەگرێتـەوە کـە زیندەوەرەکان پێویستییان بە جۆریك لـە هاوسـەنگێتی هەیـە لـە نێوانیاندا لەگەڵ ژینگە دەرەکییەکەیان کە تیایـدا ئـەژین، هـەر تێکچوونێك لە حاڵەتی ئـەم هاوسـەنگێتییە ڕوو بـدا لـە ئـەنجامی نارێکی لە نێوان مەرجە دەرەکییەکان و زیندەوەرەکان ، حاڵەتێکی لادان deviation لــە مەرجــە زینــدووەکانی پێویــست بــۆ پارێزگاری ژیان . ( ١٢ : ل ٣٢٨)

ئارەزوو Desire:

ئاەزوو هەستێکە بەرامبەر خەڵکانێك یان چەند شتێکی دیاریکراو ، ئـارەزوو لـە ئـەنجامی کـەمێتی یـان شـەڵەژانێك دروسـت نـابێ ، بـەڵکو لـە ئـەنجامی بیرکردنــەوەی تـاك بەرامبـەر کەسـانێك کـە دێنـەوە بـیری پەیـدا ئـەبێ . بـۆ نموونـە پێویـستێتی need بـۆ نەهێشتنی ئێش و ئـازارە، بـەڵام ئـارەزوو بـە مەبەسـتی گەیـشتنە بە تام و لەزەت .

ئامانجی هەموو ڕەوشتێك تەواوكردنە و مەبەستیشی گۆڵكردنە ، كەواتە ئەنجامەكەیەتی . كەواتە ڕەوشتی بەردەوام لای ڕا ئەوەستێ . بەم جۆرە پاڵنەر تێر ئەكا و ڕەوشتیش بە ڕەنگاری ئەبێتەوە ، شتێكی ڕوونیشە كە شتێكی دەرەكییە، بەڵام مەبەست purpose شتێكە تاك لە هۆشی خۆی وێنەی ئەكێشێ بە مەبەستی گەیشتنی بە ئەنجامێك یان خۆ لادان لێی ، مەبەست هەستێكە ڕەوشت ئەورووژێنێ و ئاراستەی ئەكا .

مەبەست " الحافز" Drive وود ورث Woodworth زاراوە ی حافزی لە جیاتی زاراوەی ڕەمەك لە ڕووی واتاو زاراوەوە بەكارهێنا ، تا ڕادەیەك حافزی بەوە ناو بردووە كە میكانیزمەكانی دەمارگیری دائەنێ لە كاتی كاركردنا . وود ورث وا بڕیاری داوە كە حافز ڕەوشت ئەخاتە گڕ و ئامادەی ئەكا بۆ كاركردن، هەروەها وا دای ئەنێ كە وزە بۆماوەكان لە دەمارەكان و ماسولكە هاوبەشەكان لەم ڕەوشتەدا یان ڕوشتێكی تر لێپرسراون دەربارەی بەردەوامبوونی ڕووداوە ڕەوشتییەكان.

حافز لای كلارك هەڵ Hull نموونەیەكی گۆڕانكاری نێوەند intermediaryوناوەڕاست middle، ناتوانرێ یەكسەر تێبینی حافز بكرێ . پێویستی خواردن پێویستێیەكی سەرەتاییە حاڵەتێكی فارێبوونە "حید" لە نێوان زیندەوەرو بارودۆخی زیندووی بالای پێویست بە مانەوەی ژیان. ئەم پێویستییە حافزێك سەرەتایی نموونەیی وەك خۆی دروست ئەكا وەك

هەموو گۆڕانکارییە ناوەندەکان تێبینی ناکرێن تەنها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نەبێت بەو ڕووداوانەی پەیوەندی بە خویەوە هەیە کە دەتوانرێ یەکسەر تێبینی بکرێن.

پێویست بوون بە خواردن بە پێی ساتەکانی کە تێپەڕبوونە بەسەر دوا کاتی خواردنەکەی زیندەوەرەکە زیاد ئەکا، کەی دوا ژەمی خواردنەکەی خواردووە، لێرەدا چەندێتی حافزی برسێتی فەرمانێکە یان نیشانەیەکە بۆ مەرجەکانی تێبینکراوی پێشوو. کەواتە نیشانەیەکە بۆ ژمارەی ساتەکانی کە بێبەش بووە لە خواردن، ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە بڕی ئەو وزەیەی زیندەوەرەکە هەوڵیداوە بۆ پەیدا کردنی خواردنەکە بە پێی توندی حافزی برسێتییەکە دەگۆڕدرێ ، لێرەدا بڕی برسێتییەکە وەزیفەیەکە یان نیشانەیەکە بۆ ڕووداوەکانی پاشتر لە ڕەوشتی زیندەوەرەکە.

بەم جۆرە حافز بە کۆمەڵی گورانکاری سەربەخۆ یان مەرجەکانی پێشووتر گرێ ئەدرێ وەك ساتەکانی بێبەشبوون لە خواردن یان توندی لێدانی کارەبا.

## درککردن : Perception

درککــــردن پێناســــه ئــــەکرێ بــــەوەی کردارێکــــی ڕێکخــــستن و لێکدانەوەی بەرهەمـە هەستییەکانە کە دەگا پێمـان . هەسـتەکان sensation بـۆ زیـادکردنی هۆشـداریمان بـە دەوروبـەرمان و خــودی خۆمــان. درککــردن لێکدانــەوەش ئەگرێتــەوە ، بــەڵام هەستکردنەکان ناگرێتەوە.

ئایـا توانـای درککردنـەکان لـە فێربوونـەوە هـاتووە ؟ وەڵام نـا ، وەك پێویــست نییــە...درککــردن کردارێکــی ئــاڵۆزی چــالاکە ، بەهـەرحاڵ درککـردن بـە وردی ڕەنگدانـەوەی ڕاستییەکان نییـە . درککردن ئەو ئاوێنەیە نییە وەك پێویست بەڵکو هەستەکانی مــرۆڤ وەڵامــی هــەموو ئــەو دیاردانــە ناداتــەوە کــە لــە چواردەورەمانە ، بۆ نموونە ئێمە گوێمان لەو دەنگە نزمانـە نـابێ کە نهۆمـەکانی بـەرزن و " شەمـشەمە کوێرە" گوێیـان لێ ئـەبێ . یان بۆنی ئەو بۆنانە ناکەین کە لە پێڵاوەکان دەرئەچن ، بـەڵام سەگ بە باشی بۆنیان ئەکا، یان لە کاتی بوومە لەرزە مـشك پـێش ئـەوەی بوومـە لەرزەکـە ڕووبـدا گـوێی لـە شـەپۆلەکانی بوومـە لەرزەکـە ئـەبێ بۆیـە بێـچووکانی ئەگوازێتـەوە و لـە کوونەکـەی دەریــان ئەکاتــەدەرەوە . ئەمــەش بــە هــۆی نزمــی دەرمــاڵی threshold گوێچکی .

هەروەها درککردنی مرۆڤ پەنا ئەباتە بەر چاوەڕوانکردن و پاڵنەرەکان و شارەزاییە ڕابوردووەکان و کارتێکردنی چاوەڕوانکردنەکان بە ئاسانی دیار ئەدەن . ( ٦ : ل ٢٤٧)

هەروەها هۆشداریێتی consciousness کاریگەرە لەسەر درککردن. بۆ نموونە دیمەنێکی ئاسایی وا ئەبینێ کە زۆر جوان و دلگیرە ، ئەو کاتەی کە زۆر لە خۆشی دای، بەلام ئەگەر لە حاڵەتی خەمۆکی بێ هەمان دیمەن ئەبینی زۆر خەمۆکی و ناشرینە.

کرداری ئاڵۆزی درککردن پەنا ئەباتە بەر دوو سستەمی هەستیی و مۆخ . سستەمی هەستکردن سەرچاوەکانی زانیارییەکان ئاشکرا ئەکا و ئەیگۆڕێتە لێدانە دەمارییەکان و هەندێکیان ئامادە ئەکا و زوربەیانیش ئەنێرێتە مۆخ بە ڕێگای شانەی دەمارگیری " الانسجه العصبيه " مۆخ دەوری سەرەکی ئەبینێ لە ئامادەکردنی زانیارییەکانی هەستیی . بەلام درککردن پەنا ئەباتە بەر چوار کردار :

١-ئاشکراکردن ٢-گۆڕین " گۆڕینی وزە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر . ناردن send ٤-ئامادەکردنی زانیارییەکان . ( ٦: ل ٢٥١)

منداڵی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ زانیاریەکانی بینین ئەکەن بە نیسبەت " دیمەن و دووری" دوای لەدایکبوونیان بە ماوەیەکی

کەم پێش کرداری فێربوون . وا دەرئەکەوێ کە هەندێ لایەنی درککردن بۆماوەییە ( ٦: ٢٨٨)

## ترس Fear

ئەتوانیین بڵێین ترس وەك تورەییە ، ترس شێوە و حاڵەتی زۆرە وەك تۆقین و زەندەق چوون و ڕەوینەوە و ڕەشبینی و هتد . ترس ڕووداوەکان ئەوروژێنی بە بێ ئەوەی تاك بتوانێ یەکسەر وەلامی بداتەوە بەبێ خۆپارستن و کشانەوە یان هەلاتن لە سەرچاوەی ترسەکە ، ترس هەموو ورووژێنەرە توندو تییژەکان ئەگرێتەوە کە تاکەکە پێش وەخت خۆی بۆ ئامادە نەکردووە، یا ئەو هەلۆیستانەی مرۆڤ وا هەست ئەکا کە ترسناکن . لە تەمەنی کۆرپایەتی و ساوایەتی هەموو ورووژێنەرێکی لەناکاو وەك هەورە تریشقە یان تەقینەوەیەك یان هاوارێك بە دەنگێکی بەرز تا ئەگا بە کەوتنی منداڵەکە لە شوێنێکی بەرزەوە .. هتد . ئەمانە هەموو ئەبنە هۆی ترس سەرەڕای جیاوازی وەلامدانەوەی منداڵێك لە گەلْ منداڵێکی تردا، هەروەها لە هەر بارودۆخێکدا وەلامدانەوەکە جیاوازیی هەیە لەگەلْ بارودۆخێکی تردا. ئاشکرایە جیاوازی هەیە لە نێوان منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر لە جۆری ترساندنەکانیان و هەندێ منداڵ هەن ورەیان بەرزە و هەندێکیانیش زۆر ورەیان نزمە، بێهێزەکان زیاتر ئەترسێن. یان ئەو بارودۆخەی تاکەکە پێیدا تێپەڕبووەو باوەڕی بە خودی خۆی لاواز بووە .

ژینگه و خێزان و ئەو کۆمەڵگەیەی منداڵەکە تیایا ژیاوە دەوری سەرەکی هەیە لە ترسان و نە ترسان ناتوانرێ ورووژێنەری ترس دەست نیشان بکرێ تەنها بە هۆی ڕووداوە دەرەکییەکان ، لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەی زۆر زووی منداڵ لە تەمەنی کۆرپایەتی تا ئەگا بە تەمەنی گەورەیی ، بە زۆر هۆوە بەندن لە ژماردن نایێن لەوانەیە منداڵ تووشی ترس ببێ لە کاتێکدا کە هەڵدێ لە چنگ سەگێك هەوڵ ئەدا پەلاماری بدا یان گایەك ڕاوی ئەنا و لە ترسانا خۆی لە پەنایەك ئەشارێتەوە، دوای ئەوەی منداڵەکە گەورەش ئەبێ کە چاوی بە سەگێك ئەکەوێ با سەگەکە ماڵی بێ و زۆریش هێمن بێ ، منداڵەکە لەبەر ئەوەی لە منداڵی سەگێك ترساندویەتی بە گەورەییش هەر لە سەگ ئەترسێ ، کورد وتەنی " مارانگاز لە خشەی گوریس ئەترسێ"

بە هەرحاڵ دایك و باوك دەوری سەرەکییان هەیە لەوەی منداڵەکەیان تووشی ترس بێ ، لەبەر ئەوەی بە هەڵە پەروەردەی ئەکەن . جان جاك ڕۆسۆ Rousseau گەورە فەیلەسوف و پەروەردەناسی فەرەنسی ئەڵێ : منداڵ کاتێ کە چەقۆیەکی بە دەستەوەیە ، هاوار مەکە بەسەریا و داوای لێ بکەی چەقۆکە دابنێ ، لەوانەیە ئەو کاتە ڕاچەڵەکی و خۆی بریندار بکا ، بەڵام نەبینراوە منداڵ چەقۆیەکی پێبێ خۆی سەربڕێ یان ئەگەر منداڵەکە لە ماڵەوە لە ئاگرێك نزیك کەوتەوە ، هاوار مەکە بەسەریا لەوانەیە ڕاچەڵەکێ و بکەویتە ناو ئاگرەکەوە .

ئەمڕۆ لە عێراق دا منداڵ ڕۆژانە لە تەلەفزیون و سەتەلایەت چاوی بەوە ئەکەوێ کە توندڕەوە ئیسلامیەکان بە سەرو سیمای ڕیشی درێژەوە منداڵ ئەرفێنن یان بیانییەکانی ناو عێراق ئەرفێنن و سەریان ئەبڕن ، ئەم منداڵانە پاشە ڕۆژیش کە پیاوێکی ڕیشدار ببینن لێی ئەترسێن.

یەکێ لە پەروەردە هەڵەکانی منداڵی کۆرپە ، دایکان کە لایلایە بۆ کۆرپەکانیان ئەکەن بۆ ئەوەی بیانخەوێنن ئەڵێن " لایلایە کۆرپەکەم لایلایە ، بخەوە کۆرپەکەم بخەوە ، " گورگە شینە بڕۆ ڕێباز بخۆ ، دیلان کورم مەخۆ ، ...هتد " بەم جۆرە ئەبینین چۆن دایکە بۆ ئەوەی کۆرپەکەی بخەوێنێ ، بە گورگە شینە ئەیترسێنێ . یان هەندێ لە دایکان بۆ ئەوەی کوڕەکەی لە کاتی گریان کڕ بکاتەوە ، هەڕەشەی لێ ئەدا و پێی ئەڵێ وسکت نەبیتەوە بانگ " فلان " ئەکەم ، ناوێك دێنێ بۆ ئەوەی بیترسێنێ . ئەم جۆرە کردەوانە بێ ئەوەی دایکان پێی بزانن کە چەند زیان دەگەیەنی بە دوا ڕۆژی منداڵەکەی ، پێویستە هۆشیار بکرێنەوە ، لە جیاتی ئەم لایلایە ، لایلایەی خۆشی بۆ بکرێ وەك " لایلایە کۆرپەکەم لایلایە ، بنوە "بخەوە " کۆرپەکەم ، بزنە ڕەشە وەرە جامێ شیر بێنە بۆ کۆرپەکەم ، کە لە خەو هەڵسا بە خۆشی بیخواتەوە.

هەندێ شت منداڵ بە کۆرپەیی لێیان ئەترسێ تا گەورەش ئەبێ هەر بەردەوام ئەبێ لە گەڵیا ، یان بەهەمان شێوەی ئەسڵی یان بە

شێوەیەکی تری نزیك لەو شێوەیە ، وەك ترسان لە حەیوانێك یان لە تاریکی یان لە تەنهایی یان لە تاوانباران ، مێردەزمەکان ، ..هتد.

لە لایەکی ترەوە ترس هەندێ جار بۆ خۆپاراستن لە تووشبوونی ئازار بەسوودە وەك ئەوەی مرۆڤ خۆی بە هۆی ترسە کەوە ئەپارێزێ ، زۆر جاریش ئەبێتە هۆی ئاگاداری و خۆ لادان لە سەرچاوەی ترسەکە، بەتایبەتی لە تەمەنی منداڵێتی ، وەك ئەوەی لەناو ماڵ نزیك کارەبا نەکەون یان هەرچی تووشی بوو بۆ دەمی نەیبا .

چەند هەوڵیش بدەین بۆ ئەوەی ترساندن قەدەغە بکەین و نەترسێین ، ناتوانیین ترسەکان هەموو کۆنترۆڵ بکەین لەبەر ئەوەی توانا نییە پێشبینی ترسەکانی منداڵ بکەین ، یان نەهێلین ڕووبدەن. لەگەڵ ئەوەشدا بواری زۆر هەیە کە کۆمەڵێ هەنگاو بنێین بۆ لەناودانی ئەو ترسانەی مەترسی زۆریان لێ ئەکرێ و ڕێ ئەگرن لە ژیانی منداڵ و گەورە . ( ١ : ل١٠٢)

## ئێرەیی Jealous

### ئێرە بردن و دیاردەکانی و هۆیەکانی و چارەسەرکردنەکانی :

ئیرەیی بردن " چاوبرینە لە ماڵی خەڵکی " حاڵەتێکی هەڵچوونە تووشی منداڵ ئەبێت ، بەڵام دیمەنەکانی شارەوەن و دیارنیین ، لەبەر ئەوەی منداڵەکە هەوڵ ئەدا بیانشارێتەوە. بەغیلی بردن

بە هۆی حەز بە دەس بەگرتنەسەر شتی یەکێکی تر ئەکا " حب التملك " یان هەستکردن بە تووڕەیی یان هەستکردن بە کەمێتی و هەستکردن بە سەرنەکەوتن و کەم باوەڕیی بە خود یان بێ ئارامی و پەلاماردان Injustice... هتد. بەلاّم دیمەنە دەرەکییەکانی لەوانەیە دیارنەبن لەبەر ئەوەی منداڵەکە هەوڵ ئەدا بیانشارێتەوە و کپیان ئەکا بەرەو حاڵەتێکی تر بیگۆڕێ وەك تورەبوون و لێدان و جنێودان و تێکدان و هەڵچوون یان گۆشەگیری و یاخی بوون ، یان شەرمکردن و نەخواردن ... یان بە پێچەوانەوە هەوڵ ئەدا خۆی وا نیشان بدا کە بە جوانی و ڕێکوپێکی هەڵسوکەوت ئەکا بۆ ئەوەی دایك و باوکی ڕازی بکا ئەمەش جۆرێکی ترە لە بەغیلی بردن . بەغیلی بردن دیاردەیەکی ڕاستە ئەگەر لە سنووری خۆی دەرنەچێتە دەرەوە بەتایبەتی لە تەمەنی ١-٥ ساڵاندا. لەم تەمەنەدا بەغیلی بردن لای ئەو منداڵانە پەیدا ئەبێ کە دایك و باوکیان زیاد لە پێویست بایەخیان پێ ئەدەن بەتایبەت لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیان و پاشان ئەو بایەخدانەی لێ کەم ئەکەنەوە یان پشت گوێی ئەخەن ، ئەو کاتە گیروگرفتەکانی بەغیلی بردن لای منداڵەکە توندتر ئەبێ و ئەبێتە هۆی کۆمەڵێ گیروگرفت. بەغیلی بردن لە تەمەنی گەورەیی ، کەواتە مرۆڤ کە گەورە ئەبێ و بەغیلی بە کەسێك ئەبا ئەو کەسە دەوڵەمەندە یان خاوەند سەیارەیەکی مۆدیل تازەیە ، لەو جۆرە شتانە ، ئەبینین چاوی لێیەتی ،

خاوەند سەیارەکە یان هەر شتێکی تر ، کە تووشی ڕووداوێك ئەبێ ،وا ئـەزانێ ئـەو مرۆڤـەی بـەغیلی پـێ بـردووە " چـاو نەفەسـی لێداوە" بۆ نموونە لە ئـەمریکا مرۆڤێـك ئوتـۆمبیلێ تـازە بکـڕێ " قـەلێکی" بـۆ سـەر ئـەبڕێ و خـوێنی قەلەکـە بـە دەعـامی ئوتۆمبیلەکەیەوە ئەسڕێتەوە ، بەو باوەڕەی کە ڕووداوەکە ڕووی داوە ، لە ولاتـی ئێمـە لـە جیـاتی قـەل " بەرخ" سـەر ئـەبڕن و خوێنەکەی بە دەعامی ئوتۆمبیلەکەوە دەساون . ئەمـەش هـەموو لە ترسی چاونەفەس.

## ئامانجەکانی دەروونناسیی

ئاما نجەکانی دەروونناسیی خۆی لە سێ خاڵێ سەرەکی ئەنوێنێ :

١- تێگەیشتنی ڕەوشت و لێکدانەوەی .

٢- پێشبینیکردنی ڕەوشت.

٣- دسـپلینکردنی ڕەوشـت و کـۆنترۆلکردنی ، ئـەویش بـە ڕاستکردنەوە و ئاراستەکردنی و چاککردنەوەی یـان لابـردن و سڕینەوەی .

ئامـانجی یەکـەم وەك تیـۆرێکی دەروونناسـیی ، کۆکردنـەوەی ئـەو ڕووداوانەی کە سنوور بۆ ڕەوشتی مـرۆڤ دیاریدەکەن ، دارشـتنی بیروباوەڕی گشتی و یاساکان، کە ئەتوانرێ بە هۆیانەوە لە ڕەوشت

تـێ بگـەین و لێکیبدەینـەوە ، تێگەیـشتنی ئـەو پاڵنەرانـەی دەمـانبزوێنێ لەگـەڵ خـەڵکانێکی تـردا ، لـە لایەنـە بـەهێزو لاوازەکانی کەسایەتیەکەمان تێبگەیێن ، لەگەڵ ئەو ئامادەگی بوون و توانا شاراوە نەمان ، .هەروەها زانینی ڕەوشتەکانمان و ڕەوشتی هاوڕێ و منداڵەکانمان، کە دیارنەکەون و لانەدەن. پاشان پـەردە لادان لەسەر ئەو دیاردانەی کارئەکەنە سەر ڕەوشت و بیروباوەڕمان نەشەڵەژێنن و تێکی نەدەن ، یان کرداری فێربوونمان پەك نەخەن .

دەروونناسـیی پارمـەتیمان ئـەدا بنەچـەی زوربـەی گیروگرفتـەکانمان چ کۆمەڵایـەتی یـان نەتـەوەیی بـن، تێبگـەیێن وەك بڵاوبوونـەوەی تـاوان و لێکترازانـی ئاکارو بڵاوبوونـەوەی بـێ ئارامی لە نێوان خـەڵکان دا... هـەروەها تێگەیـشتنی دیاردەکـان و هۆیـەکانی و سـیماکانی، پارمـەتیمان ئـەدا پێـشبینی ڕووداوەکـان بکـەین پـێش ئـەوەی ڕووبـدەن و کۆنترۆڵیـان بکـەین. ئـەم دوو ئامانجانە ، ئامانجی کردەوەییە لە ئامانجەکانی دەروونناسیی . بـۆ نموونـە ئەگـەر هۆیـەکانی لافـاو بـزانین ، ئـەو کاتـە پێـشوەخت ئاگـاداری ڕوودانەکـەی دەبـین و خۆمـانی بـۆ ئامـادە ئەکـەین ، بـەرەنگاری ئەبینـەوە، یـان ئەگـەر زانیمـان جـۆری پـەروەردەی توونـدو تیژی منداڵ ئەبێتە هۆی تووشبوونی منداڵەکە بە کۆمەڵێ نەخۆشی دەروونی لە دوارۆژی ژیانی دا ، ئەو کاتـە هـەوڵ ئـەدەین منداڵان لەو جۆرە پەروەردەکردنە دووربخەینەوە ، بۆ نموومە لـە

ولآتانی پێشکەوتو لە بواری پەروەردە و فێربوون و خێزان دا بە هیچ جۆرێك لە منداڵ نادرێ . ئەو مامۆستایانەی توندوتیژی بکاردێنن لەگەڵ منداڵ بەتایبەتی لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیدا ، بە پێی یاسا تووشی سزادان ئەبن، هەروەها دایکان و باوکانیش رێگەیان پێ نادری لە ماڵەوە لە منداڵەکانیان بدەن.
لە ولآتەکەی ئێمە لەبەر ئەوەی لە کۆنەوە مامۆستایان باوەڕیان بە لێدان و دارکاریکردنی منداڵ بووە چ لە حوجرەی مزگەوت لای مەلاکان یان لە قوتابخانە سەرەتاییەکان دا، تا ئێستاش زوربەی مامۆستایان باوەڕیان وایە ئەبێ لە منداڵ بدرێ بە مەبەستی فێربوون و پەروەردەکردنی ، وا ئاسان نییە ئەو جۆرە مامۆستایانە ئەگەر سزایەکی قورسیان بۆ دانەنرێ واز لە لێدانی منداڵ بهێنن و هەمیشە لەسەر رێبازی هەڵەی پێشوی خۆیان ئەڕۆن . ئەو مامۆستایانەی دەرچووی کۆلیجی پەروەردەو دەروونناسین و ئاگاداری رێبازە تازەکانی پەروەردەن باشتر لە رەوشتی منداڵ و ئەو قۆناغانەی پێیدا تێپەڕ ئەبن تێ ئەگەن .
ئەگەر مامۆستایان هۆیەکان و پاڵنەرەکانی فێربوون باش بزانن ئەتوانن بیقۆزنەوە و گەشەی پێبدەن بەرەو چاکسازی. بەم جۆرە دەروونناسیی ئەتوانێ یارمەتی مرۆڤ بدا بەرەو زیاتر خۆشگوزەرانی وبەرهەمهێنان.

# لقەکانی دەروونناسیی

لە ڕابوردوودا دەروونناسیی تەنها پەیوەندی بە دراسەتکردنی مرۆڤەوە هەبوو ، مرۆڤی هەرزەکار و گەورە و سپی پێستەکان. بەڵام دوای فراوان بوونی ئاسۆکانی و زیادبوونی بابەتەکانی ، ناچار ڕوویکردە تایبەتمەندی و چڵ و پۆپ کردنەوە هەر وەك چۆن زانستەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و فیزیا ، ئەوەبوو لقە تیۆرییەکانی و تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکانی پەیدابوون. لقە تیورییەکانی ئامانجێکی سوودمەندی ڕاستەوخۆیان نەبوو یان چارەسەرکردنی گیروگرفتێك . بەڵکو بۆ زانست بوو تەنها زانست. کەواتە تەنها بۆ دۆزینەوەی یاساکانی ڕەوشت ئەو یاسایانەی کونترۆلی ڕەوشت ئەکەن . ناسراوترین لقە تیورییەکانی دەروونناسیی :

### ١-دەروونناسیی گشتیی : General Psychology

دەروونناسیی گشتیی هەوڵ ئەدا ئەو بنچینانە Principal بدۆزێتەوە کە بە گشتی ڕەوشتی دەروون لێك ئەدەنەوە – ڕەوشتی مرۆڤ نەك گیانلەبەران ، گەورە نەك منداڵ ، مرۆڤی دروست نەك لادەر. " نا ئاسایی " دەروونناسیی گشتیی بنچینەی هەموو لقەکانی ترە.

## ٢- دەروونناسیی جیاوازیی نێوان تاکەکان:

دراسەتی جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و تیرەکان ئەکا لە بوارەکانی زیرەکی و ئاکار و کەسایەتی و ئامادەبوونەکان و بەهرە تایبەتیەکان. لەگەڵ دراسەتکردنی هۆیەکانی ئەم جیاوازییانە و ئەنجامەکانی بە پشتیوانی ئەو ڕاستیانەی دەروونناسیی کەشفیان ئەکا.

## ٣-دەروونناسیی گەشەکردن Developmental Psychology

دەروونناسیی گەشەکردن دراسەتی ئەو قۆناغانە ئەکا کە مرۆڤ پێیدا تێپەڕ ئەبێ لە کاتی پیتاندن تا کۆتایی ژیان ، هەروەها دراسەتی ڕەوشتی ئەکا بە ئامانجی گەیشتن بە یاسا گشتییەکانی کە ڕەوشت ڕێك ئەخەن.

## ٤- دەروونناسیی فسیولۆجی Physiological Psychology

دراسەتی ڕەوشت لەگەڵ پەیوەندییەکانی بە لایەنە فسیولۆجیەکان ، وەك ئامێری دەمارگیری و ئامێری لووەکان دەکا، بە شێوەیەکی گشتیی دراسەتی کردارە جۆراوجۆرەکانی هۆشیی و زانیاری و ویژدانی ئەکا کەواتە دراسەتی ئەندامەکان و ئەرکە تایبەتیەکانی کە پەیوەندییان بە هەست و درککردن و بیرکردنەوەو فێربوون و بەکارهێنانی زمان و پاڵنەرەکانی هەڵچوونەکان و بۆماوەیی و ئامێری دەمارگیری و شوێنەواری

گۆرانكارییـە جەسـتەییەكان و بـارە دەروونیـەكان و كارتێكردنیـان لەسەر ڕەوشت.

## ٥-دەروونناسیی كۆمەڵایەتی Social Psychology

دەروونناسـیی كۆمەڵایـەتی دراسـەتی ڕەوشتی تاكـەكان ئـەكا كـە تاكەكە لە ژێر كاری ورووژێنەرە جۆراو جۆرەكـانی كۆمەڵایەتیـەوە كاری تێ ئەكەن ، لەگـەڵ دراسـەتكردنی ژینگـە دەروونیـەباوەكانی نـاو هـەر كۆمەڵگەیـەك ، لـە خێزانـەوە تـا ئـەگا بـە كۆمـەڵ و كرێكـارانی كارگــەكان و قوتابخانــەكان و دراســەتی كــارتێكردنی تاكەكان لەگەڵ یەكتردا لەهەلوێستە كۆمەڵاتییە جۆراوجۆرەكان دا.

## ٦-دەروونناسیی گیانلەبەرەكان Animal Psychology

دەروونناسـیی گیانلەبـەرەكان دراســەتی گیانلەبــەرو ڕەوشــت و تواناكانیـان لـە بـواری بیركردنـەوە و فێربـوون و جیاوازییـەكانیان لەگەڵ مرۆڤ دا لێكچوونەكانیان لـە بـواری زیرەكـی وپاڵنـەرەكان دا دەكات.

## ٦- دەروونناسیی پەروەردەیی Education Psychology

دەروونناسـیی پـەروەردەیی هــەموو ئـەو ئەنجامانـەی دەروونناسـیی گشتیی پێـی گەیـشتووە بـەكاری ئـەهێنێ لـە ئەركـەكانی فێربـوون و بیركردنــەوە و وریابوونــەوە و درككــردن و بــەكارهینانیان لــە بــواری پــەروەردە و پلانــدانانی چــالاكیەكانی پــەروەردەیی و فێربــوون و

ڕاپەڕاندنیان بە جۆرێك لەگەڵ تایبەتمەندەکانی هۆشیی و ویژدانیی منداڵ بگونجێن.

## ٧-دەروونناسیی دیدەنگەی" عیادە" پزیشکی" ئیکلینیکی " Clinical Psychology

دەروونناسیی ئیکلینیکی کەواتە سەریری ئەو زانستەیە سوود لە دۆزینەوەکانی لقەکانی دەروونناسیی تیوری ئەبینێ بۆ چارەسەرکردنی شەڵەژاندنە دەروونی و هۆشیەکان.

## ٨- دەروونناسیی پیشە سازی Industrial Psychology

دەروونناسیی پیشە سازی بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی کارو کرێکاری و ئامادەکردنی بارودۆخێکی گونجاو لە کارگەکاندا و هەموو بوارەکانی بەرهەمهینان و چاکسازی بەرهەمەکان ئەویش بە کەمترین توانا و کات بە جۆرێك هەست بە ڕازیبوون و دڵنیایی بکرێ ، ئەویش بە بەرزکردنەوەی ئاستی هاندانی کرێکاران . لەگەڵ بایەخدان بە سەلامەتیی پیشەیی لە کارگەکاندا.

## ٩-دەروونناسیی دادوەری Judicial Psychology

دەروونناسیی دادوەری بایەخ ئەدا بە هەموو لایەنەکانی هەڵوێستی دادوەری تا ئەگا بە هۆیە دەروونییەکان و هەستییەکان و نەستییەکانی

کە کار ئەکەنە سەر ڕەوشت و جۆری بیرکردنەوەی هەموو لایەنە مەبەستیەکان بە دۆزو بابەتەکان وەك پارێزەرو دادوەر و داواکار.

### ١٠- دەروونناسیی بازرگانیی Commercial Psychology

دەروونناسیی بازرگانیی دراسەتی پەیوەندییەکانی نێوان فرۆشتن و پڕوپاگەندەو ڕاگەیاندن و پێویستەکانی کڕیارەکان و ئارەزووەکانیان لەگەڵ تایبەتمەندە دەروونییەکان ئەکا ، لەگەڵ ڕاکێشانی کڕیارەکان و ڕەواجکردنی کاڵاکانیان بە مەبەستی گەورەترین قازانج کە لە توانادا بێ .

### ١١-دەروونناسیی سەربازیی Military Psychology

دەروونناسیی سەربازیی دراسەتی گیانی مەعنەوی سوپا ئەکا و یاساکانی دەروونناسیی و پرینسیپەکانی بەکار دەهێنێ لە بواری تاقیکردنەوەی سەربازەکان و مەشق پێدانیان و پارێزگاریکردنیان کە لەوانەیە دوژمن لە شەڕی دەروونیدا لە دژیاندا بەکاری بهێنێ

### ١٢- دەروونناسیی ڕاوێژکردن Counseling Psychology

دەروونناسیی ڕاوێژکردن ئەو زانستەیە ، کار ئەکا لە پێناوی ئەوەی خەڵکیی خۆیان بە خۆیان چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکەن ، بە ڕێگای یارمەتیدانیان بۆ تێگەیشتنی گیروگرفتەکان و تێگەیشتنی هەستیاریەکانیان بەرامبەر بەو گیروگرفتانە . پزیشکی دەروونیی لە بنەرەتەوە جەخت لەسەر شەڵەژاندنە

توندەکانی دەروونییەکان و هۆشییەکان ئەکا، بەڵام دەروونناسیی ڕاوێژکردن پەیدا بوو بۆ ئەوەی یارمەتی وڕێنمایی زوربەی خەڵکی بکا ، ئەوانەی گیروگرفتەکانیان جاریٚ نەگەیشتۆتە ئەو پلە توندو تیژە ، بۆیە پێوستە یارمەتییان بدریٚ و ڕێنمایی بکرێن بۆ چارەسەرکردنی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پێویستیەکان لە بواری ئاراستەکردنی GUIDANCE پەروەردەیی فێربوونی و پیشەیی و دەروونیی بەتایبەتی لە سەرەتای تەمەندا و یارمەتی دانی خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خێزانی و کەسایەتی و پەیوەندییەکانی تریش. ( سەیری کتێبی" سایکۆلۆژیای ڕێنماکردنی دەروونی" نووسینی د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، بکە . ساڵی ٢٠٠٥.

## پەیوەندی دەروونناسیی لەگەڵ زانستەکانی تر

دەروونناسیی زانستێکی وەصفی ڕاپۆرتییە ، وەسفی ڕەوشت ئەکا و لێکیدەداتەوە وەك چۆن هەیە و سەنگ و کێشەکانی بۆ دائەنا وەك چۆن زانستەکانی لۆجیك Logic و ئاکار و ئیستاتیك . بۆ نموونە تەنها وەسفی ڕێبازەکانی کردارەکانی بیرکردنەوە ئەکا. زانستی ئاکار ئەوەمان فێرئەکا چۆن چاکە بکەین و لە خەراپە دووربکەوینەوە ، بەڵام دەروونناسیی دراسەتی خودی ڕەوشت ئەکا

، ئەو ڕەوشتە چاك بێ یان خەراپ . زانستی جوانێتی پێوانە و سەنگ دائەنا بۆ تام وچێژی هوونەرەکان و ئەدەب ، لە کاتێدا دەروونناسیی وەك هەموو زانینە وەسفیەکان دراسەتی واقعەکە ئەکا چۆن هەیە، نەك چۆن ئەبێ ، دراسەتی واقع ئەکا نەك چی پێویستە .

دەروونناسیی پەیوەندی بە هێزی لەگەڵ زیندەوەرناسیی و زانستە وەزیفیەکان Functional Psychologyوئەندامەکان و کۆمەڵناسیی دا هەیە. ڕەوشتەکانمان تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە جۆری دورستبوونی بایولۆجی لەشیی و دەماریی و لووەکان Glandو بۆماوەییەکانەوە Hereditary هەیە. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کەوا کۆمەڵگەو کەلتوری باو کاریگەریی زۆریان لەسەر کەسایەتی تاك و جۆری بیرکردنەوە و ڕەووشتی هەیە. وەك دیارە کەلتوری ولاتانی ڕۆژئاوا کارتێکردنەکانی لەسەر کەسایەتی تاکەکانی ولاتەکە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ کارتێکردنی کەلتوری یەکێ لە ولاتە دواکەوتووەکانی ولاتانی ڕۆژهەلات ، یان کارتێکردنی کەلتوری ئایینی لەسەر تاك یان کەلتورێکی عیلمانی.

کەواتە هەر کەلتورێك بەهای تایبەتی خۆی هەیە لەناو کۆمەڵگەکەی ، بۆ نموونە ڕەوشتێك لە ولاتێك زۆر ئاساییە و لە ولاتێکی تر هەمان ڕەوشت نابەجێ و حەرامە.

دەروونناسیی لە زانستە ئاساییەکان پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ زانستە بایولۆجییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە .

## قوتابخانەکانی دەروونناسیی :

دوای ئەوەی دەروونناسیی وەك زانست لە فەلسەفە جیابووەوە و بوو بە زانستێکی سەربەخۆ ، لق و پۆپێکی زۆری لێبووەوە وەك لە بەشەکانی پێشوتر باسمانکرد ، بۆ زیاتر خۆ چەسپاندن و ڕوونکردنەوەی بوارەی قوتابخانەکان ، هەر یەکە لەم قوتابخانانە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە ، لەم قوتابخانانە :

### قوتابخانەی پێکهاتەیی Structural –School :

ئەم قوتابخانەیە بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا لە سەر دەستی دەروونناس فۆنت Wilheim Wundt ١٨٣٢-١٩٢٠ لە دایکبوو، کە یەکێ لە زانا فسیولوجیەکان بوو، فۆنت دەستیکرد بە توێژینەوەی دیاردە دەروونییەکان بە ڕێگای تاقیکردنەوەیی ، یەکێ لە سیما دیار و ئاشکراکانی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە کە بایەخ ئەدا بە ڕەوشتی دیاریکراو بەقەدەر ئەوەی بایەخ ئەدا بە شیکردنەوەی شارەزاییە هەستییەکان ، زانایانی ئەم قوتابخانەیە باوەڕیان وابوو کە ژیانی هۆشی هەستیی دروست ئەکەن، ڕێبازی بیرکردنەوەی ناوەکی" التأمل الباطني"ڕێبازی نموونە ( ١٦:ل٦٥ )

ئەم قوتابخانەیە دەورێکی سەرەکی هەبوو لە پەرەسەندنی دەروونناسیی بەرەو زانستی تاقیکردنەوەیی ، ئەمەش بووە هۆی

ئەوەی لە فەلسەفە جیابێتەوە . ئاشکرایە کە فەلسەفە دوورە لە تاقیکردنەوە زانستییەکان . دەروونناسیی بە پێی بۆچوونی قوتابخانەی پێکهاتەیی نزیکبوونەوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی" الأستبطانية " هەرزەکارە ئاساییەکانە ، ئەویش بەوەی پشکێنەرە مەشق دراوەکان راپۆرتی وەسفی خۆیان ئەنووسن ، بۆچوون و بینینی خۆیان ڕوون دەکەنەوە دەربارەی چۆنێتی بینینی وروژێنەرەکان ، ئەم راپۆرتانەش وا گریمانە ئەکرێن کە ئەو هەلانە ئەرەخسێنێ بۆ پسپۆرانی دەروونیی بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەی هۆشی و چۆنێتی ئەنجامدانی کارەکانی . ( ١٦ :ل٦٧ )

فۆنت وای ئەبینی کە دەروونناسیی تاقیکردنەوەیی پێویستی بە سێ شت هەیە :

١- شارەزاییە هەستییەکان بۆ توخمەکانی شیکردنەوەیی .
٢- ئەوە ئاشکرا بکا کە چۆن ئەم رەگەزانە لەگەڵ یەکتردا لێکبدرێنەوە .
٣- ئەو یاسایانە دیاری بکا کە کۆنترۆلی ئەم لیکدانانە و پەیوەندییەکانی بکا.

ئاشکرایە وەك لەمەو پێش باسمانکردووە فۆنت دامەزرێنەری دەروونناسییە ، ئەویش بە دامەزراندنی یەکەم تاقیگەی دەروونناسیی لە شاری لایبزك لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧٧ دا .

## گرنگێتی قوتابخانەی پێکهاتەیی :

١- ئەم قوتابخانەیە وایکرد دەروونناسیی وەك زانستێك بناسرێ و لە بواری فەلسەفە جیابکرێتەوە ببێتە زانستێکی سەربەخۆ .

٢- ئەم قوتابخانەیە پرۆگرام و ڕێبازێکی بیرکردنەوەی ناوەکی پێشکەشکرد کە تەنها پرۆگرامە لە بواری دەروونناسیی دا.

٣- ئەم قوتابخانەیە زۆر تێبینی هەبوو لەسەر قوتابخانەکانی ڕەوشتیی و وەزیفی .

ئەو ڕەخنانەی لەم قوتابخانەیە ئەگیردرێت ئەوەیە کە نابێ ئەم زانستە ، کەواتە دەروونناسیی تەنها لەسەر گۆڕەپانی بەئاگایی و ژیانی تێڕامانی بدوێ . بەتایبەتی دواجار هەمان هاوکارەکانی دراسەتکردنی ڕەوشت و قوتابخانەکانیان بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەم قوتابخانەیە کاریانکرد .

## قوتابخانەی وەزیفی Employment School:

پەیدابوونی قوتابخانەی وەزیفی ، لە ئەنجامی پێداچونەوەی قوتابخانەی پێکهاتەیی لەدایك بوو ، ئەم قوتابخانەیە بە یەکەم قوتابخانەی ئەمریکی دائەندرێ لە بواری دەروونناسیی دا، کە

بایەخ بە هۆش ئەدا وەك وەزیفەکانی هۆش یان لە بواری خۆگونجاندنی زیندەوەرەکان لەگەڵ ژینگەکانیان دا . (١٦ : ل ٧٢)
ئەمە پاڵی بە دەروونناسە وەزیفییەکانەوە ئەنا کە دراسەتی پێکهاتەکانی هۆش بکەن لەگەڵ وەزیفەکانیان کە ئەبێتە هۆی خۆگونجانیان لەگەڵ ژینگەدا .
پەیوەندی ئەم قوتابخانەیە لە چارەگە سەدەی دوایی سەدەی نۆزدەهەم کارتێکردنێکی دیاری هەبوو لەسەر دەروونناسیی دا .
تیۆرییەکەی جەخت ئەکا لەسەر بەردەوامبوون لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی تر لە وەزیفە دەروونییەکان دا ، بابەتی دەروونناسیی بووە دراستکردنی ئەو وەزیفانەی کە هەست ئەنجامی ئەدا ، هەروەها دەروونناسان بایەخیان بە دراسەتکردنی خۆگونجاندنی بوونەوەرە زیندووەکان ئەدا لەگەڵ ژینگەکانیان دا ، بایەخیان بە جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان ئەدا ئەو تاکانەی کە لە یەك جۆرن.
جگە لە داروین ، زانای بایولۆجی جالتون ، جێ پەنجەی ئاشکرایە لەسەر بنەماکانی قوتابخانەی وەزیفی ، ئەویش بە بایەخدانی بە بۆماوەیی و خۆگونجاندن ، هەروەها زانیارییەکانی ئەژماریی پیادە ئەکرد لەسەر گیروگرفتەکانی بۆماوەیی ، لەگەڵ بایەخدانی بە نەخۆشیی هۆشیی .

# بەشی سێیەم

## کەسایەتی Personality

بابەتی کەسایەتی یەکێکە لە بابەتە سەرکیەکانی هەموو لقەکانی دەروونناسی ، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتیی بە سەرتاو کۆتایی دەروونناسیی دائەندرێ .بۆ نموونە خوێندکار لە ژیانی خوێندنیدا ئەتوانرێ چاوەدێری گەشەکردن و پەرەسەندنی کەسایەتی بکرێ ، چ لەڕووی نەخۆشییەکانی یان ساغڵەمییەکانی لە بواری مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا . دەروونناسیی کۆمەڵایەتی دەربارەی کەسایەتی بایەخێ زۆر ئەدا بە توێژینەوەو دراسەتکردنی کەسایەتی تاك و کۆمەڵ، ئەتوانیین بڵێین دەروونناسیی سەربازی و ئیکلینیکی و پیشەسازی و دادوەری ، هەموو ئەم لقانەی دەروونناسیی بایەخی تەواو دەدەن بە کەسایەتی ، بۆیە ئەتوانیین دەروونناسیی کەسایەتی بە تەوەرێکی سەرەکی دا بنێین لە بوارەکانی دەروونناسیی.دا .

وشەی کەسایەتی Personality لە وشەی لاتینی Persona وەرگیراوە ، ئەم وشەیەش بە واتای دەمامکە ، ئەو دەمامکەی ئەکتەر Actor لە شانۆدا بەکاری ئەهێنا لە سەردەمە کۆنەکان

دا ، لــه شــانۆگەرییکاندا بــۆ ئــەوەی کەســایەتیەکەی بــە پێــی شانۆگەرییەکە بگۆڕێ بەکاری دەهێنا.

کەســـایەتی چـــەند واتایـــەکی جیـــاوازی هەیـــە ، دەروونناســـە هاوچـــەرخەکان وا پێناســـەی ئەکـــەن کـــە جـــۆرێکی بـــەردەوام و ڕێکوپێکە ، تا ڕادەیەك لە درککردن و بیرکردنەوە و هەستکردن و ڕەوشت دەرئەکەوێ خودێتییەکی دیاریکراو ئەبەخشێ بە مرۆڤ .کەسـایەتی گورتـە دروسـتبوونێکە بریتییـە لـە بیروبـاوەڕ و هەڵچوونەکان و پاڵنەرەکان و ئارەزووی و ئیتجاهاتەکان و تواناکان و دیاردە لە یەکچووەکان.

دەروونناسانی کەسایەتی خۆیـان زۆر خـەریك کـردووە بـە جـۆرە ڕێبازێـــك و بـــۆ تێگەیـــشتنی کەســـایەتییە گـــشتییەکان ،و جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان . بـۆ نموونـە هەنـدێ لـە تۆێـژەرە ناسـراوەکان لـە بـواری لێکۆڵینـەوەی دیـاریکراوی کەسـایەتیدا هەوڵیان داوە وەسفی لایەنە دیاریکراوەکانی کەسایەتی بکەن وەك " بـێ ئـارامی و" دڵـە ڕاوکـێ" پـەلاماردان و پێویـستیەکان و ڕاپەڕاندن" الانجاز " و هەستکردن "( ٦ : ل ٥٧٠-٥٧١ )

پێکهاتـەکانی کەسـایەتی لای فرۆیـد ڕێکخراوێکە بریتییـە لـە سـێ ڕێکخراو ،وەك ئەو Id ، من Ego، منی باڵا Super Ego .

ئەو Id، لقێکە لە ڕێکخراوەکە ، هەموو ڕەمەکەکان بـە خۆیـەوە ئەگرێ و پێویستی بە تێرکردن هەیە بـە پێـی باوەڕی شـەهوەت .

فروید لە بواری شیکردنەوە دەروونی پەنای بردۆتە بەر ئـەم سـێ

ڕێکخراوەیە ، ڕێکخراوی ئەو Id دا ئەنێ بە عەمباری ڕەمەکەکان و عەمباری وزە دەروونییەکان ، ئەو Id هەوڵ ئەدا گرژییەکان سووك و هێمن بکاتەوە ، یان هەر لای بدا ئەویش بە تێرکردنی بە پێی باوەڕی لەزەت " شەهوەت " گرژیی لە ئەنجامی وروژێنەرە دەرەکییەکان یان ناوەکییەکان پەیدا ئەبێ ،ئامرازەکانی ئەو Id کرداره وەلامدەرەوەکانە کە بەرەنگاری وروژێنەرە سادەکان ئەبێتەوە وەك فرمێسکی چاو و پژمین و کۆکین ، ئەمانە لەساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ پەیدا ئەبن و لە ساڵی دوەمیش ڕێکخراوی من Ego پەیدا ئەبێ ، منداڵ کاتێ لە تەمەنی دوو ساڵیدا کە گەشە ئەکا ناچار ئەبێ مامەڵە لەگەڵ واقعە بابەتییەکان دا بکا ، وەك ئەو هەوڵانەی لەگەڵیدا ئەدرێ بۆ ڕێکخستنی ژەمەکانی نانخواردن یان لە مەمك بڕینەوە و فێرکردنی بۆ چوونە سەرئاو ، پەیدابوونی "من" بۆ بەرەنگاری ئەم واقیعانەیە و دواخستنی تێربوون تا ئەگا بە تێربوونێکی ڕاستە قینە نەك خەیاڵی ، تا ڕادێ لەسەر ئەوەی سوور نەبێ لەسەر داواکردنی خواردنەکەی تا ئەو کاتەی وادەی خۆی دێ .

منی باڵا Super Ego : ئەم ڕێکخراوە وەك ڕێکخراوێکی ئاکاریی کەسایەتییە و بەرەو گەشەکردنی نموونەیی ئەرواو واقع تێپەڕ ئەکا، حوکمێکی نرخداری بەسەردا ئەدا" هەڵەیە یان ڕاستە" ئەم حوکمەش لە واقعی ڕۆشنبیرییەوە وەرگیراوە ، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە تاکەکە تیایا ئەژێ ،

مــن      Ego : لــه ئــهوهوه كهواتـــه      Id هــهڵ ئــهقوڵێ ، بــۆ بهرانگاربوونـــهوهی داواكارییـــهكانی واقــع و كۆمـــهڵ ، كهواتـــه داواكارییهكانه واقع ڕازی ئهكا و مل كهچی باوهڕی واقع ئهبێ .

منی باڵا   Super Ego : ڕێكخراوی سێیهمه ، لێپرسراوی بــهها و نــهریت و یاسـا ئایینیــهكان و ئاكارهكانــه ، تێگهیـشتنهكانی لــه سـهرهتادا لـه دایـك و بـاوك وهرئـهگرێ  و دواجـاریش لـه پێكهاتـه ئایینیــهكان و یاسـاییهكاندا تـا ئـهگا بـه گونجـانی كۆمهڵایـهتی و پـهروهردهی ماڵهوهو قوتابخانـه ، ههرسـێ ڕێكخراوهكـان لـه ئاسـتی دهست دا كار ئهكهن .

## پێوانهی كهسایهتی :

زوربهی دهروونناسان چهند ئامێرێكیان دهربارهی خهملاندنی كهسـایهتی بـهكارهێناوه ، زۆر جـاریش هـهموو ئامێرهكانیــان پێكهوه بهكارهێناوه وهك چاوپێكهوتن و تێبینیه زهبتكراوهكان .

## چاوپێكهوتنهكان :

لهوانهیـه چـاوپێكهوتنهكان ناسـراوترین ڕێبـازی خهملانـدنی كهسایهتی بن ، كه ئهمرۆ بهكارئـههێنرێن . ئـهم ڕێبـازهش خـۆی بـــاش نیــشان ئـــهدا تێبینـــی پـــشكداری      Participant Observation ئهو كهسـهی چـاوپێكهوتنهكه ئهنجام دهدا  وهك تێبینیكارێك ههروهها به پلهیهكی بهرز  وهك پشكدارێك.

دەروونناسان چ لە عیادەگان یان لە بوارە پەروەردەییەکان و پیشەییەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر پەنا ئەبەنە بەر ئەم ڕێبازە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کەسایەتی تاکەکان.

بەم دواییەش دەروونناسان هەوڵی ئەوە ئەدەن تاقیکردنەوەکانی چاوپێکەوتنەکان لەسەر ئامێری کۆمپیوتەر تاقیبکەنەوە ئەوەش بە دانیشتنی کەسەکان بەرامبەر یەکانێکی " وحدة "ئامێرێکی بچووك ، وەڵامی کۆمەڵێ پرسیار بدەنەوە کە لەوەوپێش بەرنامەکراوبوون لە کۆمپیوتەرەکەو پێشکەش بە تاقیکراوەکان ئەکرێ.

## تێبینیەکانی تاقیکردنەوە زەبتکراوەکان :

تۆێژەرانی کەسایەتی زۆر جار زۆر بە وردی پەنا ئەبەنە بەر تێبینی ڕەوشت و پێوانەکردنی لە ژێر مەرجە زەبتکراوەکان ، کەواتە لە بارودۆخێکی زانستی دا ، هەندێ جاریش لە هەڵوێستە ئاساییەکان دا . وەڵامدانەوە فسیولۆجیەکان ئەکرێ چاوەدێری بکرێن بۆ ئەوەی چەند زانیارییکمان دەربارەی کەسایەتی پێشکەش بکەن. ئەتوانیین بڵێین پاڵنەرەکان و هەڵچوونەکان بە شێوەیەکی تایبەتی زۆر جار پێوانە ئەکرێن بە ئامێرە فسیولۆجیەکان . تێبینیە زەبتکراوەکان یارمەتی تۆێژەران ئەدا لە کۆکردنەوەی بەیاناتە وردەکان دەربارەی بابەتی کەسایەتی. تیبینیەکان و تاقیکردنەوە زەبتکراوەکان لادان " تحیز " زۆر کەم ئەکاتەوە و وردبوونەوەکان زیاد ئەکا. بەڵام زۆر جار مرۆڤ ئەخاتە

هەڵوێستێکی دەستکردی ڕەچاوکراو لەبەر ئەوەی ڕەوشتەکانیان واقعی نیین، هەروەها بە دەگمەن پسپۆرد دەروونییەکان تیَ ئەگەیێنن دەربارەی مەسەلە کەسایەتیە قوولەکان. ئەم تاقیکردنەوانە بۆ هەڵبژاردنی کرێکاران بەکار دەهێنرێت لە وڵاتە سەرمایەدارەکان ، یان بۆ هەڵبژارنی ئەوانەی لە دایەرەکانی ئیستخبارت و موخابەرات کار ئەکەن.

## تاقیکردنەوەکانی کەسایەتی :

دەروونناسان تاقیکردنەوەی جوراوجۆری کاغەز و قەڵەمیان بۆ تەقدیرکردنی کەسایەتی لە کردارەکانی ڕاوێژکردنی دەروونی یان دیاریکردنی جۆری کاری گونجاو یان بە مەبەستی توێژینەوە بەکارهیناوە .

## تاقیکردنەوەکانی بابەتی :

تاقیکردنەوە بابەتیەکان لەوانەی تاقیکەرەکە تەحیوزێکی کەم بکا . بەڵام پێوەرەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە بەم دواییە لە تیوری کەسایەتی پێشکەوتن. لەوانە تاقیکردنەوەی دراسەتی بەهاکان بە ئامێری ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە دائەنرێ دادەنرێ. ئەم ئامێرە کە گوردن الپۆرت Gordon Allport فیلیپ ڤرنۆن Philip Vernon و گاردنر لندزی Gardner Lindzey

ئامادەیانکردووە لەسەر باوەڕێك کە شەش جۆر بەهای ئایینی لای مرۆڤ هەیە ، ( ئەگەڕێ بە دوای هەستکردن بە تەنیایی )

- لەگەڵ سیاسەتی ( ڕۆیشتن بەرەو هێز )
- لەگەڵ سیاسەتی ( خزمەتگوزاری باش بۆ خەڵکانی تر و خۆشەویستنیان )

لەگەڵ جوانێیتی –( جەختکردنی دیمەن و چوونیەکێتی )

لەگەڵ ئابوری-(جەختکردن لەسەر ئەوانەی کردارین و بە سوودن )

لەگەڵ تیوری- ( گەڕان بە دوای ڕاستیدا )

پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی دراسەتی بەهاکان ، چەند پرسیارێك هەڵدەبژێرێ لە ( الاختیار من متعدد) داوا لە خەڵکی ئەکرێ یەکێ لە چالاکیە زیاتر گونجاوتر لە نێوان چەند چالاکیەك هەڵبژێرن.( ٦ : ل ٥٧٤)

## دیمانەی کەسایەتیەکان و پەیوەندییان بە ڕێبازی توێژینەوە :

زانستی کەسایەتی هەوڵ ئەدا دراسەتی تاك بکا بە تاکێتی خۆی " فردیته " ئەویش بە جەختکردن لەسەر جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان . هەروەها زانستی کەسایەتی لەهەمان کاتدا تاکەکان لێکدەچوێنێ لەگەڵ تاکەکانی تر ئەوەش وەك هەوڵدانێك بۆ

دۆزینەوەی یاساکانی لێکدانەوەی ئەم لەیەکچوونانە. لەبەر ئەوەی زۆر لایەنی کەسایەتی هەیە، هەروەها جیاوازی لە نێوان ڕێبازەکانی توێژینەوەکانیان دەربارەی دراسەتی هەمان ڕەوشت هەیە ، هەر یەکە ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە ، بەتایبەتی کۆمەڵگەیەك لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی ترجیاوازی هەیە ، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی بوونی ژمارەیەك لە تیۆرەکانی کەسایەتی. بۆ نموونە هەندێ تیور جەخت لەسەر تیوری ڕەمەکی ئەکا Instinct Theory ، هەندێکی دیش جەخت لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتیەکان ئەکەن ، هەندێ تیوریش هەیە وا ئەبینێ کە مرۆڤ ئازادە لە ویستەکانی ، یان بەلای کەمەوە ئازادە لە هەڵبژاردنی لایەنە گرنگەکانی ژیانی. تیوریش هەیە ئەڵێ نەخێر تاك سنووردارکراوە و بەستراوەتەوە دەربارەی ڕەوشتەکانی. یان هەندێ تیور جەخت لەسەر کردارە هەستییەکان ئەکاو هەندێکی دیش لەسەر کردارە نەستییەکان unconscious و گوایا هۆیە بۆماوەییەکان hereditary و هۆیە ژینگەییەکان environmentکاریگەرن ، یان فێربوون learningو گەیین maturation کار ئەکەنە سەر جەوهەری کەسایەتی. بەم دواییەش جیاوازی نێوان تاکەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە داڕشتنی تیوری کەسایەتی.

لندا ل . داڤیدۆڤ چەند پرسیارێکی بۆ زانینی کەسایەتی تاك داڕشتوە وەك :

، ئەم ڕستانەی خوارەوە چۆن وەسفی کەسایەتیەکەت ئەکەن بە پێی ئەم پێوەرە :

١-زۆر وردە "دقیق"

٢-تا ڕادەیێك وردە.

٣-ناو ناوە .

٤-لە هەڵەوە نزیکە نەك ڕاستی.

٥- بەتەواوی هەڵەیە .

١-ئارەزووی ڕەخنە لە خۆگرتنت هەیە؟ " لە خودی خۆت "

٢-بایەخدانێکی زۆرت هەیە بەو توانایەت کە بەکار نەهاتوون و تا ئێستا بۆ سوودی خۆت ئاراستەیانت نەکردووە.

٣- سەرەڕای ئەوەی لە دیمەنی دەرەوەت زۆر ڕێکوپێکی ، بەڵام بۆ ئەوە دەچی کە بی ئارام و ئەمین نەبی لە ناوەوە.

٤- حەز لە کەمێ گۆڕین و گۆڕانکاری ئەکەی ، هەروەها ڕازی نابیت ئەگەر گەمارۆ بدرێیت یان سنوورت بۆ دابندرێت.

٥-شانازی بە خودی خۆتەوە ئەکەی لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرێکی سەربەخۆی ، قسەی خەڵکانێکی تر بەبێ بەلگە وەرناگری .

٦- هەندێ لە ئاستەکانی بەرزخوازی Aspiration داواکانت تا ڕادەیەك واقعی نیین. ( ٦ : ل ٥٦٩)

## تێبینی :

دەروونناسـان چـەند ئـامێرێکی تەقـدیری کەسـایەتییان بەکارهیناوە ، زۆر جار ئەم ئامێرانە بەگشتی بـەکار ئـەهێنرێن : " چـاوپێکەتنەکان ، تێبینییـە ڕێکوپێکـەکان ، تاقیکردنـەوەکان ، ئەزموونە بابەتییەکان ،لکاندن" الاسقاطية " "PreOjection.کە مرۆڤ بیرو ڕاکانی خۆی ئەداتە پاڵ کەسانێکی تر ، وەك کابرایـەکی فێڵباز ، وا باوەڕ ئەکا کە خەڵکییش وەك ئـەون . شـەریف وا باسی لکاندن ئەکا " لکاندن لە زانستی دەروونی نوێ لیکدانەوەی بارەکان و هەڵوێـستوکان و ڕووداوەکانـە بـە پێـی شـارەزایی و هەستکردنەکانمان و سەیرکردنیان لە چواچێوەی بینـینی نـاوەوەی تاك.بە پێی تێگەیشتنی زانایـانی شیکردنەوەی دەروونـی لکانـدن فێڵێکی دەروونییە لە لایەن تاکەوە بەکارئەهێنرێ وەك ئـامرازێکی بـەرگری لـە خـۆی دژی هەسـتە ناخۆشـەکانی نـاوەوەی وەك هەستکردن بە تاوان یان نوقسانی ، هەوڵ ئەدا بەبێ ئاگا بیانلکێنێ بە کەسانێکی ترەوە پاشان لەم ڕێگایەوە خـۆی دەربـاز بکـا و ڕێگـە پاکبکاتەوە بۆ خۆی . کەواتە لکاندن ڕێبازێکی نەستییە بـە واتـای ئـازادکردنی تـاك یـان کۆمـەڵ لـە کردەوەکانیـان و بخرێنـە پـاڵ کەسـانێکی تـرەوە، ئەمـەش کردارێکـی بەرگرییـە دژی تاوانبـاری ،

تـاك هەمیـشە لـە كۆچـی قوربـانی نەگـەڕێ بـۆ ئـەوەی كـردەوە هەڵەكانی بە ملی دا بسەپێنێ. "( ١٠: ل ١٦١)

دەروونناسان ئەوانەی دراسەتی كەسایەتیەكان ئەكەن بایەخ بـە سیفەتە گشتییەكان ئـەدەن ، كـە هـەموو مرۆڤـەكان دەسنیـشان ئـەكا ، بـەڵام بایـەخیش بـە جیاوازییـەكانی تاكـەكان ئـەدەن ، دراسـەتی جیاوازییـەكانی تاكایـەتی لـە نێـوان تاكـەكان ، ئـەو جیاوازییانەی هەموو مرۆڤێك وەك تاكێك دیـاری ئـەكا ، تاكێـك وەك خۆی لە كەس نەكا.

دەربـارەی كەسـایەتی بـە شـێوەیەكی گـشتیی هـەموو ئـەو دراساتانەی بایەخ بە كەسایەتی ئەدەن ، وا دەرئـەخا لای كەسـانێك كـە كۆكردنـەوەی زانیـاری لەسـەر كەسـەكان بـەپێی تیورەكـان و گریمانـەكان لـە بـواری كەسـایەتیەكان زانیـاریی تاقیكردنەوەییـە ، ڕێكوپێكو وردە و گشتییە. بەڵام لەڕاستی دا وا نییە ، لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆری تەشـكیلاتی تیـوریی هەیـە لـە كەسـایەتیدا پـەنا نابەنە بەر ئەو جۆرە زانیارییانە ، لەبەر ئـەوەی مـرۆڤ لـە ژیـانی دا كۆمەڵێ لایەنی ئاڵۆز و جۆراوجۆری هەیە ، لەبەر ئەوەی لایەنە تاقیكردنەوەییـەكان بـۆ پڕكردنـەوەی هـەموو ئـەم لایەنانـە لـەم قۆناغەدا ، قۆناغی پێشكەوتنی ڕێبـازی توێژینـەوە زانـستییەكان ، شتێكی مەحاڵە . بۆیە توێژەر لـەم بـوارەدا لـە دەریایـەكی فـراوان مەلـەوان ئـەكا –دەریـای كەسـایەتی– تـەنها زانیارییـەكی كـەمی دەسـت ئەكـەوێ سـەرەڕای بـوونی ئـامێری پێوانـەكردن و ڕێبـازی

توێژینەوە . زانستیی کەسایەتی هەوڵ ئەدا دراسەتی تاك بکا ، تاکایەتی تاك ، ئەویش بە جەختکردن لەسەر جیاوازی تاکایەتی ، هەروەها لە یەکچوونی تاك لەگەڵ تاکەکانی تر ، بۆ هەوڵدانی بینینەوەی یاساکانی لێکدانەوەی ئەم لەیەکچوونانە..

لەبەر ئەوەی زۆر لایەنی کەسایەتی هەیە لەگەڵ جۆرەها ڕەوشت ، بۆیە توێژەران و دەروونناسان لە ڕاکانیاندا جیاوازییان هەیە ، هەر یەکێکیان جەخت لەسەر لایەك ئەکا و چەند لایەکی تریش پشت گوێ ئەخا. هەروەها لەسەر ڕێبازەکانی پێوانەی کەسایەتی یەك ناگرن ، هەر یەکە ڕێبازێك ئەگرێتە بەر . ئەمەش لەوەوە دێ هەر کۆمەڵگەیەك تیوری فەلسەفی خۆی هەیە ، ئەمەش بۆتە هۆی بوونی ژمارەیەك تیوری کەسایەتی. ( ١١: ل ٧-٨ )

# فێربوون Learning

ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکەم بابەتی فێربوون لە هەموو سەدەکانی پێشوتر باوکان و دایکان و مامۆستایان و پەروەردەناسان و دەروونناسانی خەریکردووە ، تا ئەگا بە زوربەی زۆری ئەندامانی هەموو کۆمەڵگاکان کە چۆن منداڵان و خوێندکاران و نەوەی تازەیان بەرەو پێشکەوتن بەرن و بە جوانترین شێوەو ڕێبازی زانستی خۆیان لەگەڵ ژینگەکەیان بگونجێنن . ئەمەش بۆتە هۆی وروژاندنی کۆمەڵێ دوان و دیالۆك و گۆڕینەوەی بیروڕا جۆراوجۆرەکان دەربارەی چۆنێتی و سروشت و یاساکانی

فێرکردن و تیوریەکانی و پراکتیکی ، هەروەها بە هۆی جیاوازی بۆچوونەکان دەربارەی خودی مرۆڤ و ڕووداوە ناوەکییەکانی و ژینگەکەی و کارتێکردنەکانیان که له ئەنجامدا کۆمەڵی گۆڕانکاری لە ڕەوشتی مرۆڤەکەو شێوەی ژیانی ڕوو ئەدەن ، بەم جۆرە ئەبینیین هەر مرۆڤێك به شێوەیەك فێر ئەبێ .

**پێناسەی فێربوون** : فێربوون گۆڕانکارییەکی هەمیشەیی ڕێژەیی یە له ئەنجامی شارەزاییەوە ڕوونەدا.

ڕەوشتناسان پێوانەی کردەوەکانی گیاندارەکان ئەکەن بۆ ئەوەی بگەنە تێگەیشتنی کرداری فێربوون ، بەڵام فێربوون چالاکیەکە له ناوەوەی بوونەوەر ڕوونەدا ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێبینی ناکرێ. .فێربوونەکان به ڕێبازێکی تەواو و نەزانراوە ئەگۆڕێن و شتی تازە وەرئەگرن وەك : پەیوەندییەکان ، زانیارییەکان ، بینینەکان ، شارەزاییەکان ، ئەریتەکان و ئەو جۆرە شتانە. له کۆتاییدا به جۆرێك له ژێر بارودۆخێکی دیاریکراو ڕەوشت ئەکەن که پێوانه بکرێ . بەڵام ئێمە ناتوانیین هەمیشە گۆڕانکاریەکانی ڕەوشت بگەڕێنینەوە بۆ شارەزاییەکان ، بۆ نموونە ماندوبوون و داودەرمان و پاڵنەرەکان و هەڵچوونەکان و گەیین ئەبنە هۆی گۆڕانکاری ڕەوشتی بوونەوەرەکان.بە پێچەوانەی ئاساوەرەکان که له ئەنجامی فێربوون ڕوونەدەن ، ئەبینیین ئەوانەی له ئەنجامی ماندوبون و داودەرمان و پاڵنەرەکان و هەڵچوونەکان ڕوونەدەن کاتیی ئەبن . بۆ نموونە ئاساوەرەکانی له ئەنجامی ماندوبوونی

شەوێك دوای ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پشوو و ئیسراحەت بزر ئەبن و ئەرەوێنەوە. بەلاّم كاری داودەرمانێك بەتەواوی ئەگۆڕێ دوای تێپەربوونی ماوەیەك . هەروەها ئاساوەرەكانی بەكارو تێكەلاّوی هەلّچوونەكان و پالّنەرەكان ماوەی زۆر كورت ئەبێ . مندالّێكی بچووك كاتێ كە برسی ئەبێ دەست ئەكا بە گریان و هاواركردن تا خواردنەكەی لە بەردەم دا ئەنرێ ، هەر كە تێر بوو یەكسەر خاو ئەبێتەوە و هێمن ئەبێتەوە.

دەربارەی گەیین ئەبینیین گەشەكردنی لەشیی و ئامێری دەمارگیری ئەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەوشت. وەلاّمدانەوەكان كە پەنا ئەبەنە بەر گەیین، دیارئەكەون لەو كاتانەی پێشبینی ئەكرێ. ڕەوشت ڕوونەدا ئەگەر بارودۆخی ژینگەی دەوروبەری بوونەوەرەكان ناسایی بێ . بۆ نموونە لە تەمەنێكی دیاریكراودا لە هەموو جیهاندا مندالّ فێری ڕۆیشتن ئەبن و پێ ئەگرن و فێری قسەكردن ئەبن .هیچ پێویستییكیان نییە بە فێركردن ، ئەم دوو شارەزاییانە كەواتە قسەكردن و پێ گرتن و ڕۆیشتن تەنها پێویستییان بە شارەزاییەكانە كە ناتوانرێ لێی دووربكەونەوە، وەك ماوەدان پێیان لە حالّەتی پێگرتن و ڕۆیشتن ماوە بدرێ پێیان جوولەبكەن ، یان لە حالّەتی دووەم گوێیان لە دەنگی خۆیان و دەوروبەریان بێ . ئەو مندالاّنەی لەناو خێزانێك كە زۆر مندالّیان هەیە گەورە ئەبێ، زوو فێری قسەكردن ئەبن. ڕەوشتی ڕەمەكی بەهەمان جۆر دروست ئەبێ، هەرچەندە ڕەوشتی

ڕەمەکی زاراوەیەکە Instinctive behavior زۆر کەم بەکار نەهێنرێ .

ڕەوشتناسان بەتایبەتی ئەوانەی دراسەتی ڕوشتی بوونەوەرەکان ئەکەن لە هەڵویستە ئاساییەکان Etiologists دەربارەی تێگەیشتنێکی لەیەکچووی ڕەوشتی ڕەمەکی کە جۆرێك لە کردارە نەگۆڕەکانە کە وەڵامدانەوەیان بوونی هەیە وەك :

١-هەموو ئەو وەڵامدانەوانە کەلای گشت ئەندامە ئاساییەکان لە هەمان جۆر لەناو یەك جۆری بوونەوەرەکان تێبینی ئەکرێن.

٢- Fashion تەرزێتی و ڕەوشت، کەواتە زۆر بەیەك ئەکەن لە هەموو شوێنێ و لای هەر بوونەوەرێك ڕوبدا .

٣-تەواکەر ، کەواتە بە شێوەیەکی نموونەیی تەواو ڕوونەدا لە یەکەم جار کە ڕوونەدەن .

٤-بە پلەیەکی بەرز فێرکراو نییە .بەلای کەمەوە لە ئەنجامی هیچ مەشقکردنێکی تایبەتەوە نییە.

٥-بەربەرەکانی هەموو گۆرانکاریەك ئەکا .

٦- بە هۆی هەر وروژێنەرێکی ژینگەیی تایبەت دووپات دەبێتەوە.

فێربوون شتێکی جەوهەریی بوونی مرۆڤە و بنەڕەتی پەروەردەیە ، بەڵکو دەستپێکەری‌بنچینەییە بۆ دراسەتی دەروونناسیی هەروەها لە پێویستییەکانی تێگەیشتنی هۆشی مرۆڤە. لە ڕاستیدا هیچ بابەتێك لە بابەتەکانی دەروونناسیی هێندەی بابەتی دراسەتکردن و توێژینەوەی فێربوون بایەخی پێ نەدراوە. لەو

ڕۆژەوەی بایەخ بە دراسەتکردنی ڕەوشتی مرۆڤ دراوە ، فێربوون بووەتە جێگای بایەخدانی توێژەران و خوێندکاران تا وەکو هەندێ لە زانایانی وەك ئەرستۆ و قدیس اۆگستین و جۆن لۆك پرۆسەی فێربوونیان بە مەسەلەی بنەڕەتی داناوە . تا ئەوەی بایەخدان بە بابەتەکانی فێربوون لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەیشتنە لووتکەی مەسەلەکان

کەواتە فێربوون چییە ؟ پێناسەکردنی پێناسەیەکی زانستیانە بە مەبەستی گەیشتن بە تێگەیشتنی ڕاستێتی فێربوون جێگای مشتومڕە . زۆر کەم ئەبینیین زانایان لەسەر یەك پێناسە ڕێك بکەون بە هۆی بوونی تیوری جۆراو جۆر لە بواری فێربوون دا.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی سادەی فێربوون بکەین ، ئەتوانیین بڵێین فێربوون ڕاستکردنەوەی ڕەوشتە لە ڕێگای شارەزاییەوە .

ثۆرندایك بەم جۆرە پێناسەی فێربوون ئەکا " زنجیرەیەکە لە گۆڕانکارییەکان لە ڕەوشتی مرۆڤدا "( ١٣:ل ١٥)..

بەڵام ناتوانیین هەموو گۆڕانکارییەك بە فێربوون لەقەڵەم بدەین ، بۆ نموونە ئەو گۆڕانکاریانەی بە هۆی کردارەکانی گەیین ڕوونەدەن یان بە ڕێگای وەڵامدانەوە بۆماوەییەکان ئەوانە فێربوون نیین. هەروەها منداڵ پێ ئەگرێ و پاشان ئەڕوا بەرێوە ئەو کردارانە فێربوون نیین بەڵکو بۆماوەیین .

## گواستنەوەی کارتێکردنی فێربوون

گواستنەوەی کارتێکردنی فێربوون یان گواستنەوەی کارتێکردنی مەشق ،کەواتە کارتێکردنی فێربوونی کارێك لە کارەکان لەسەر کارێکی تر، یان فێربوونی ئەنجامدانی ئیشێك کار لە ئیشێکی تر بکا ، ئەم باوەڕە زۆر کۆنە ، لە دێر زەمانەوە پەیدا بووە پێش ئەوەی دەروونناسیی وەك زانستێکی سەربەخۆ پەیدا بێ ، ئەو کاتە زاناو و فەیلەسوف و دەروونناسان بە شێوەیەکی گشتیی باوەڕیان بە باوەڕی" الملکات " ی هۆشیی هەبوو ، کە ئەتوانرێ گەشەی پێبدرێ ، ئەوان وایان ئەزانی کە مەشقکردن لەسەر مەلەکەیەکی دیارکراو مرۆڤ ئەکاتە بیرکەرەوییەکی باش ، یان فێربوونی پییشەیەك یان ڕاپەڕاندنی کارێکی هۆشیی دیاریکراو توانای تاکەکە زیاتر ئەکا بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی گرانتر لە کارەکەی پێشوتری.

## گواستنەوەکان چەند جۆرێکن :

١- گواستنەوەی هەمواری کارتێکردنی فیربوون و ئاسانکاری فێربوونەکە ، وەك فێربوونی زمانی فەرەنسی ئاسانکارییە بۆ فێربوونی زمانی ئیتالی یان فێربوونی زمانی فارسی ئاسانکارییە بۆ فێربوونی زمانی کوردی یان فێربوونی جەبر ئاسانکارییە بۆ فێربوونی ماتماتیك هەروەها فێربوونی ماتماتیك ئاسانکارییە بۆ فێربوونی فیزیا . لەم حاڵەتەدا ئەم گواستنەوانە هەموارن .Positive tranper

دەربارەی گواستنەوەی فێربوون فاخر عاقل ئەڵێ " هەموو ئەنجامدانی فێربوونی زانیاریەکی پێشو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵویستە تازەکان و جێبەجێکردنیان ، هەموو بەکارهێنانی نەریتە کۆنەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵوێستە تازەکان ، ئەمانە هەموو حاڵەتێکن لە حاڵاتی گواستنەوەی مەشقکردندا . " (١٣:ل ٩٦).

٢. گواستنەوەی ناهەموار ، ئەمە لە کاتێدا ڕوونەدا کە شتێ زیاد فێربی ببێتە هۆی بە زەحمەتبوونی فێربوونی شتێکی تر بە هۆی چوونە ناو یەکەوە intepere یان کوژاندنەوەی ئەنجامدانی کارەکە inhibitکەواتە کارێکی تر . ئەمەش پێی ئەوتری گواستنەوەی نا هەموار negative transfer ،بە واتایەکی وردتر جاری وا هەیە مەشقکردن لەسەر کارێك یان شارەزاییەك ئەبێتە هۆی پەکخستنی شارەزاییەکی تر یان فێربوونێکی تر وەك فێرکردنی منداڵ بە دوو زمان لە یەك کاتدا ... لەبەر ئەوەی فێربوونی یەکێکیان ئەبێتە جۆرێکی ناهەموار بۆ ئەوی تریان .بۆ نموونە نابێ منداڵ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی یان دوو تا ئەگا بە چواری سەرەتایی دوو زمان بخوێنێ ، لە کوردستاندا کە خوێندن بە زمانی کوردییە زمانی دووەم ئەبێ لە پۆلی چوار یان پێنجی سەرەتایی دەستی پێ بکری وەك زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی .

٣- گواستنەوە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر ، بە پێی بابەتەکە یە ، لە هەندێ بابەت گواستنەوە لە بنەڕەتەوە ڕوو نادا وەك فێربوونی سەیارە لێخوڕین و فێربوونی زمانێکی بیانی ، یان یاریکردنی تۆپێن لەگەڵ فێربوونی کۆمپیوتەر، لەبەر نەبوونی هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا .

٤- شارەزاییە بزوێنەرەکان پاسکیل لێخوڕین یارمەتی ئەوە ئەدا بە ئاسانی فێری مۆتورسایکل لێخوڕین بی. (١٦ : ل٣٤١- ٣٤٢).

# بەشی چوارەم

# دەروونناسیی گەشەکردن

دەروونناسیی گەشەکردن : ئەو لقەیە لە دەروونناسیی کە بایەخ ب[illegible]راساتی ئەو گۆڕانکاریانە ئەدا لە ڕەوشتی مرۆڤ پێش لە دایکبوونی تا کۆتایی ژیانی ، بایەخ بە دراسەتی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردن ئەدا کە تاك لە ژیانیدا پێیدا تێپەر ئەبێ لەگەڵ تایبەتمەندەکانی سایکۆلۆجی هەر قۆناغێك لەگەڵ پرنسیپە گشتیەکانی کە وەسفی ئەم ڕێرەوە ئەکا ، ڕێرەوەی گەشەکردن . لە لقەکانی : دەروونناسیی قۆناغی بەرمەمکە ، دەروونناسیی منداڵ ، دەروونناسیی هەرزەکاری ، دەروونناسیی گەورە ، دەروونناسیی پیری .

## ئامانجەکانە دەروونناسیی گەشەکردن :

١- وەسفکردنی گۆڕانکارییە ڕەوشتییەکان : توێژەری دەروونناسیی پێویستە یەکەم جار وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بداتەوە وەك ، کەی کردارێکی دەروونی دیاریکراو پەیدا ئەبێ ؟ بە چ هەنگاوێکدا تێپەڕ ئەبێ بەرەو چاکە یان

دارمـان ؟ چـۆن لەگـەڵ کـرداره دەروونیـەکانی تـر جـۆرێکی دیـاریکراوی گەشـەکردن دروسـت ئـەکا ؟ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانە بـە ڕێگـای توێژینـەوەی زانـستی لەسـەر بنـچینەی تێبینی وەڵام ئەدرێتەوە .

٢- لێکدانەوەی گۆڕانکارییە ڕەوشتیەکان : بە واتـای قوولبوونـەوە لـە پـشت ئـەو جـۆرە ڕەوشـتانەی تێبینـی وەرئـەگرن ، لەگـەڵ توێژینەوەی هۆیەکانی ڕوودانیان . لێکدانەوە یارمەتی توێژەر ئـەدا لـە زانینـی دیاردەکـانی بابـەتی توێژینەوەکـە بـە ڕێگـای وەڵامدانەوەی پرسیاری " بۆ" ؟

٣- کـۆنترولکردنی گۆڕانکارییـە ڕەوشـتییەکان : لـە ئامـانجی دراسەتە زانستیەکانی گەشەکردنی ڕەوشتی مرۆڤ هەوڵدانە بۆ کۆنترۆلکردنی ڕەوشتەکە ، بۆ ئـەوەی بتـوانرێ زەبـت بکـرێ و ئاراستە بکرێ لەگەڵ پێشبینیکردنی . پسپۆڕانی دەروونناسیی گەشەکردن کە ئەیانەوێ یارمەتی هەمووان بدەن ناتوانن ئەو یارمەتییە بدەن ئەگەر بەتەواوی تیّ نەگەن بە ڕێگای وەسـف و توانـای هۆهینانـەوەو لێکدانـەوە کـە ئـەتوانن پێـشنیاری خزمەتگوزاری گونجاو بکەن .

## گرنگێتی دەروونناسیی گەشەکردن و پراکتیکی پەروەردەیی :

یەکەم بابەت کە مامۆستا پێویـستی بـە شـارەزابوونی هەیـە لـە بابەتەکانی دەرونناسیی ، بابەتی گەشـەکردنە . یەکـەم ڕاسـتی کـە

تووشی ئەبێ لە وانە وتنەوەکانی بوونی جیاوازیی لە نێوان تاکەکان هەیە ،کەواتە جیاوازی لە نێوان قوتابیەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، جیاوازییەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ هەرزەکارەکانی قۆناغی دواناوەندی . لەوانەیە بنەڕەتەکانی دەروونی گونجاو بێ بۆ هەموو پۆلەکان بەڵام ڕێبازی بەکارهێنان و پیادەکردنی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر ئەگۆڕێ سەرەڕای بوونی تایبەتمەندە گشتییەکان کە هەموو تاکەکانی جۆر " الجنس" و یاسا گشتییەکان بۆ هەمووان ئەگونجێ ، بەڵام نابینیین دوو مرۆڤ وەك یەك بن ، بۆیە پێویستە هەموو تاکەکان تێبگەیێن ، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی پرنسیپە گشتییەکانی گەشەکردن و پەرەسەندن و یاسا گشتییەکانی کە ڕەوشتی مرۆڤ کونترۆڵ ئەکا بەس نیین، دراسەتی حاڵەتی تاك دراسەتێکی وردی وێنەی تاکەکە ئەکێشێ وەك خۆی چۆن هەیە .

زانینی تایبەتمەندەکانی ئاستی تەمەن لەوانەیە بۆ مامۆستایان سوودبەخش بێ ، پیشاندانی یاسا گشتییەکانی گەشەکردن گرنتییەکە بۆ لێکنەدانەوەی تایبەتمەندەکانی تەمەن بە ڕێبازێکی وشك .

## پەیدابوون و پەرەسەندنی دەروونناسیی گەشەکردن :

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەستکرا بە دراسەتی زانستیی ڕاستەقینەی گەشەکردنی مرۆڤ بە تایبەتی لە نیوەی سەدەکە کە

له هەشتاكانی سەدەی نۆزدەیەم ( ١٨٨٠) و دواییتریش و بیستەكانی سەدەی بیستەم ، ئەمە ماوەی دروستبوونی ئەم زانستە بوو ، لە هەمان‌كاتدا ماوەی بە پیتی ئەم زانستە بوو لە جیهانی ئەمریكی " جۆن ستانلی هۆڵ " كە بە دامەزرێنەری شەرعی ئەم زانستە دائەنرێ ، ئەم دەروونناسە زۆر بایەخی ئەدا بە سروشتی بیركردنەوەی منداڵ و بۆ یارمەتی دراسەتكرنەكەشی پەنای بردە بەر ئەو ڕێبازەی " گالتون " بەكاری ئەهینا بە ڕێگای بەكارهینانی تاقیكردنەوەكان و پرسیاركردنەكان " الاستبیانات" كە هەوڵی ئەدا بەكاری بێنێ لە بواری كەشفكردنی ناوەڕۆكی هۆشەكانی منداڵان ، لەقۆناغی منداڵێتی دا تێگەیشتنی منداڵ بۆ دەوروبەرەكەی زۆر بە پەلە دەچێت بە ڕێوە .

دوای شەڕی جیهانی یەكەم ،بە ماوەیەكی كەم دەستكرا بە بایەخدان بە توێژینەوەكان لە سەر قۆناغی هەرزەكاری ، لە ماودی نێوان هەردوو شەڕی جیهانیی یەكەم و دووەم هەندێ دراسەت پەیدا بوون لەسەر خەسلەتەكان و زیرەكی گەورەكان .

لە سۆنگەی شەڕی جیهانیی دووەمەوە زیاتر بایەخ بە دراسەتكردنی گەورە بەتایبەتی لەبواری فێربوون دا .

## گەشەكردن چییە ؟

زوربەی توێژەرانی گەشەكردن جیاوازییان لەگەڵ توێژەرانی زانستەكانی تردا هەیە ، ئەمان وا هەست ئەكەن كە بابەتەكانیان نامۆنیین پێش ئەوەی بە ڕێكوپێكی دراسەتیان بكەن . لەبەر ئەوە

بابـەتی گەشـەکردن وا لـە خوێنـەرانی ئـەکا لەگـەڵ نووسـەرانی بەشدار بن لە حیوارێکی بەردەوام ، لەگەڵ یـەك ڕێك بکـەون یـان نـا. شـارەزایی کەسایەتی و تێگەیـشتنی گشتیی لەوانەیـە بـبن بـە خاڵی دەستپێکردنی تێگەیشتنی گەشەکردن ، بەڵام پەنابردنە بـەر تێبینـی ڕیکخـراو، یارمـەتی ئاراستەکردنی تێگەیـشتنمان ئـەدا بـۆ تێگەیـشتنی ڕەوشـتی مـرۆڤ لەسـەر بنـەڕەتی بەڵگـەی واقعـی ، هەرچـەندە زیـاتر فێـری ڕێبـازی زانـستی بـین ئـەتوانیین هـەموو لایەنە تازەکان ببینین لەگەڵ وردەکاری زانراو لە خولەکانی ژیـانی مرۆڤایەتی .

گەشـەکردن لـە سـادەترین دیاردەکـانی : زیـادکردنی بـاڵاو قورسایی و قەوارە ئەگرێتەوە لەگەڵ ڕێژەکانی نێوانیانـدا . منـداڵ لە یەکەم ڕۆژ کە لە دایك ئـەبێ درێـژی لـە دەورو بـەری ٥٠ سم ، کاتێ کە وردە وردە گەشە ئەکا باڵای دەست ئـەکا بـە درێـژ بـوون ، هەروەها قورساییەکەشی لە دەوروبەری ٥,٢ کغم . بەهـەمان جـۆر کە گەشە ئەکا وردە وردە قورساییەکەشی زیاد ئەکا .

گەشـەکردن خـۆی لـە خـۆی دا گۆڕانکارییـەکی هـەموارە ، یـان ئـەتوانیین بڵـێین پەرەسـەندنێکی جۆرییـە لـە ڕەوشـت و کـردارە زانیارییـەکان و کـردارە هەڵـچوونەکان . هـەر لەبـەر ئـەوەی گەشـەکردن بەردەوامـە و وەسـتانی بـۆ نییـە ، هەرچـەندە لـە هەندێ لایەنی ئەوەستێ لە تەمەنێکی دیاریکراو ، بۆ نموونـە لـە زیـادکردنی بـاڵا یـان قورسـایی یـان قـەوارە ، بـەڵام گەشـەکردنی

جۆریی تا کۆتایی تەمەن هەر بەردەوامە. منداڵ یەکەم جار قۆڵەکانی ئەجووڵێنێتەوە و دوای ماوەیەك لە قۆڵ جووڵانەوە پەنجەکانی ئەجووڵێنێتەوە . دەنگیشی دوای لە دایکبوونی یەکەم جار دەست ئەکا بە گریان پاشان گروگاڵ ، کەواتە تەنها دەنگی چەند فۆنیمێك و پاشانیش لە فۆنیمەکانەوە ئەگوازێتەوە بۆ وشەکان . " گەشەکردن کردارێکە تایبەتمەندی بەردەوامی هەیە لەگەڵ رێکخستن و یەکگرتن و هەموو قۆناغەکانی یەك لەسەر یەکتری کارئەکەن ، قۆناغی رابوردوو کاری لەسەر قۆناغی داهاتووی هەیە ، وەك زنجیرە وایە ، کۆمەڵێ هۆکاریش لە ماوەی گەشەکردنەکە کارتێکردنی خۆیان هەیە. ئەم هۆیانەش زۆرن و ئاڵۆزن ، وا ئاسان نییە دراسەت بکرێن . بەم پێیە گەشەکردن تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە چەند قۆناغێکدا بە روونی و تێپەڕ ئەبێ stageو ( ٧ : ٢٠)

## خەسڵەتەکانی کرداری گەشەکردن :

١- گەشەکردن کردارێکی گۆڕینە : هەموو گەشەکردنێك لە جەوهەریدا گۆڕینە بەڵام هەموو گۆڕینێك گەشەکردنی راستەقینە نییە. وشەی گەشەکردن لە جیاتی وشەی ئینگلیزی Development بەکار ئەهێنرێ ، بە واتای پەرەسەندیش دێ .

گۆڕینێ تریش هەیە کە گەشەکردن نییە وەك گۆڕینی کەلوپەل " بەرگ" کە مرۆڤ بەرگەکەی ئەگۆڕێ ، ئەمە گەشەکردن نییە .

گۆڕینی گەشـەکردنی نیـمچە هەمیـشەیی هەیـە وەك ئەنجامـەکانی فێربوون و گەیین ، ئەمەش جیاوازی لەگەڵ گۆڕینە کاتییەکان یان لـە ناکاوەکـان وەك حاڵـەتی مانـدوبوون و سـڕبوون . ئەمانـەش ڕەنگێکن لە گۆڕینی ڕەوشت بەڵام بە گەشەکردن ناژمێردرێن .

٢- گەشـەکردن کردارێکـی ڕێکوپێکـە : بەڵگـەی تـاقیکراوە هەیـە کـەوا ئـەو گۆڕینانـەی گەشـەکردن بـە ڕێگـایـەکی ڕێکوپێـك و بـەردەوام و نـەگۆڕ بـەلای کەمـەوە لـە بـارودۆخی ژینگەیـەکی ئاسـایی ڕوودەدا . زانـراوە کـە ئـەو منداڵانـەی لـە مـاوەی ٣٨ حەفتـە کـەمتر لـە دایـك ئـەبن و ئەخرێنـە نـاو دایانگـا nursery لە ڕووی بایولۆجی و فسیولۆجی و دەمارگیرییـەوە بە هەمان ڕێژەی گەشەکردنی ئەو منداڵانە گەشەئەکەن کە لە پزدانی دایکیان لە ماوەی ئاسایی خۆیدا لـە دایك ئـەبن . لـە دوای لـە دایکبوونیـان گۆڕانکـاری وەك یـەکیان بەسـەر دێ . شێوەکانی ڕەوشت بە یەك ریزبەندی لـە کـاتی خۆیـان بـەدیار دەکەون و زۆریش لە یەکتر نزیکن .

٣- گەشـەکردن کردارێکـی بەردەوامـە : گۆڕانکارییـەکانی ڕەوشـت کـە لـە جەوهـەردا پـەنا ئەبەنـە بـەر گـەیین و فێربـوون، بـەردەوام لـە هـەموو قۆناغـەکانی تەمـەن ڕوو ئـەدەن و بـەم جۆرە هێڵێکی نەپچڕاوەیە ، ئێمە ناتوانیین ڕەوشتی مرۆڤ تـێ بگـەێن ئەگـەر تـەنها تێبینـی قۆنـاغی منـداڵێتی بکـەین یـان هـەرزەکاری و پیرێتـی، مـرۆڤ لـە شارەزاییەکانی منداڵێتیـەوە

پەرەنەسـەنێ و پـەنا ئەباتـە بـەریان و ئەبنـە بنـەرەتی شارەزاییەکانی گۆڕینی. قۆناغەکانی گەشەکردن یەك لـە دوای یەك پەرەنەسەنێ بە شێوەیەکی بەردەوام .

٤- گەشەکردن کردارێکی گشتییە : گەشەکردن کردارێکی گشتییە Holisticدیاردەکانی هـەموو پێکەوە و لـە پەیوەندییـەکی چـوونە ناویـەك پەیـدا ئـەبن ، بـۆ نموونـە گەشـەکردنی زمانـەوانی تـەنها پـاڵ ناداتـە بـەر شـارەزاییەکانی زمانـەوانی هـەروەها گەشـەکردنی هۆشـیی لـە زۆر لـە لایەنـەکانی پـاڵ ئەداتـە بـەر گەشـەکردنی کۆمەڵایـەتی و ویـژدانی منداڵەکـە. بوونەوەری مرۆڤایـەتی لەیـەك کاتـدا دروسـتکراوێکی تـەنی و زانیاری و ویژدانی و کۆمەڵایەتییە.

٥- گەشەکردن کردارێکی تاکییە :گەشەکردنی هەر تـاکێکی مـرۆڤ بە ڕێباز و ڕێژەی خۆی گەشەئەکا ، توێژینەوەی زانستی باسی حاڵەتی تاك ئەکا کەواتە دیاردە فیزیکەکان و دەروونییەکان و پاشـان ئـەم حاڵاتانـە تـەعمیم ئـەکرێ بەسـەر دیـاردە لەیەکچووەکانـدا .

٦- گەشـەکردن کردارێکـی جیاکـارە " فارقـە " : هەرچـەندە زۆربـەی زانیارییـەکان کـە توژینـەوەکانی گەشـەکردن بـە پێوانەکانی رەوشتی " المعاییر" وەری ئەگرن ، بـەلام پێویـستە ئاگاداربین ئەم پێوانانە نەبنە کۆسپ بۆ ئەوەی نەکەوینە نـاو

هەڵەوە ئەویش بە ناچارکردنی خەڵکی بە ملکەچبوونیان بەو پێوانانە و وا بزانن ئەوە گەشەکردنی نموونەییە .

ڕووکارەکانی " اتجاهات " گەشەکردن :

١- ناوەڕۆکی گەشەکردن گۆڕینێکی چەندیی و چۆنییە : منداڵ گەورە ئەبی و گەشە ئەکا ، بە قەوارە گەورە ئەبێ ، لەگەڵ گەشەکردنی دەروونی، منداڵان تەنها لە ڕووی جەستەوە لە گەورەکان بچووکترنیین بەڵکو لە بواری دروستبوونیانیش لە جۆری تەنی و دەروونی بچووکترن .

٢- گەشەکردن لە گشتیەوە بەرەو تایبەت و لە یەکەکانی نادیارەوە " غیر المیزە " بۆ یەکەکانی دەرکەوتو ئەڕوات: منداڵ لە گەشەکردنیدا لە چالاکی ئەستووری قەوارەدارەوە بەرەو چالاکی وردی تایبەتمەند " یان لە ماسولکە ئەستورەکانەوە بۆ ماسولکە باریکەکان " ئەروا منداڵ وەڵامی دایکی ئەداتەوە بە جولاندنەوەی هەموو لەشیەوە لە سەرەتای ژیانیدا پاشان ئەم وەڵامدانانەوە تایبەتمەندی وەر ئەگرێ وەك ئەوەی بە دەم دایکیەوە بزەخەندە ئەیگرێ ، بزووتنەوەو جوولانەوەکانی لە سەرەتادا هەموو تەنی ئەجوولێنێتەوە زیاد لە پێویست پاشان ورده ورده کەمی ئەکاتەوە .

٣- ڕیژەی گەشەکردن وەك یەك نییە : ئەڵقەکانی گەشەکردن بە پێی تێپەڕبوونی زەمەن ناجوولێنەوە. هەندێ ماوەی

گەشەکردن بە پلەیەکی نەگۆڕ زۆر پەلەن ، هەندێ ماوەش هەیە زۆر خاو و لەسەر خۆیە ، لە ماوەی بەرمەمکەیی و لە ماوەکانی پێش چوونە قوتابخانە گەشەکردن زۆر بە پەلە بەڕێوەدەچێت ، ڕێژەی گەشەکردن بە ماوەیەکی کورتی پێش چوونە قوتابخانە .هێدی هێدی خاودەبێتەوە

جگە لە گەیین و فێربوون ، گەشەکردن بە ڕێگای بۆماوەیی و hereditary ژینگەش. environment ڕوو ئەدا

## بۆماوەیی

مەبەست لە بۆماوەیی بریتی یە ، لە هەموو ئەوشتانەی تاك لە ڕێگای کرۆمۆسۆمەوە ،لە دایك و باوکی وەری دەگرێت

# دەروونناسیی گەشەکردن

## تیۆری پیاجێ : Jean Piaget

پیاجی لە ڕێڕەوی زانستی و ئەکادیمیدا کارەکانی عمانۆئیل کانت کاری زۆری تێکردبوو. پیاجێ زۆر بایەخی دەست نیشانکردنی تواناکانی مرۆڤ بۆ زانینی ڕاستێتی ئەدا . یان باشتر بڵێین تیوری زانیاری " تیوری ئەبیستمۆلۆجی" Epistemology ئەویش بەوەی کە هەر فێربوونێك ، فێربوونی هەر شتێك دەربارەی جیهان پێویستی بە زانیارییەکی پێشوتر هەیە لەسەر تێگەیشتنە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کات و شوێن ، هەروەها پیاجێ ئەڵێ ، تێگەیشتنەکانی ماوە " فەترەی زەمەنی" یان قوولایەتی ، ئەمانە

مرۆڤ فێری نابن بەڵکو بۆماوەیین. پیاجی ڕازییە لەسەر ئەوەی کەوا ئەم تێگەیشتنانە سەرەکیین بەڵام گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە منداڵ وردە وردە دروستیان ئەکا لە ئەنجامی کردارێکی هاوسەنگی.( ١٨ : ل ٣٢٢-٣٢٤)

پیاجێ لەسەرەتادا زانایەکی بایولۆجی بوو ، بەڵام بایەخدانی زۆری بە پەرەسەندنی دەروونی لای تاکەکان و گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ دا.

دەروونناسیی گشتاڵت بە تەواوی پێچەوانەی دەروونناسیی پیاجێ بوو. زانایانی دەروونیی گشتاڵت وەك " ماکس ڤرتیمر، کیرت کۆفکا " ئەمان ئەڵێن هۆش درك بە شتەکان ئەکا وەك گشتێکی ڕێکخراو ، هەروەها خاڵە بڵاوکراوەکان وەك یەك دیمەن ئەبینن. بەڵام پیاجێ ڕەخنە لەم جۆرە بۆچوونانە ئەگرێ، هەروەها هەمان ڕەخنەش لە کانت ئەگرێ ، لای پیاجێ گشتیەکان بۆماوەیی نیین بەڵکو تاك خۆی لە ئەنجامی کارتێکردنیان لەگەڵ ژینگەدا دروستیان دەکات .

جان پیاجێ لە ساڵی ١٨٩٦ لە شاری نیوشاتیل لە سویسرا لە دایکبووە. بڕوانامەی دوکتۆرای لە تەمەنی ٢٣ ساڵاندا لە زانستی بێۆلۆجی لە زانکۆی نیوشاتل وەرگرتووە . لە ساڵی ١٩٢١ جارێ لە تەمەنی ٢٥ ساڵان بوو بووە بەڕێوەبەری پەیمانگای جان جاك ڕۆسۆ لە جنیف . دوای ئەوە بە سێ ساڵ دوو کتێبی بڵاوکردەوە ، کتێبی زمان و بیر لای منداڵ The Language and

لەگەڵ کتێبی دادوەرو بیرکردنەوەی Thought of the child هۆشمەندی لای منداڵ Judgment and Reasoning in the child لەم دوو کتێبەیدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە چۆن بیری منداڵ گەشە دەکا بەرەو شێوەی بیری گەورە .

دوو کتێب تری لەسەر تێبینیەکانی لەسەر سێ منداڵەکەی خۆی داناوە یەکەمیان کتێبی بنەڕەتی زیرەکی لای منداڵ The Origin of Intelligence in Children دووەمیانیش درووستکردنی ڕاستێتی لای منداڵ The Construction of Reality in the child بە ڕاستی ئەم دوو کتێبەی بلیمەتی پیاجێ دەرئەخەن لە بوا ری تواناکانی بەردەوامبوونی لەسەر تێبینیەکانی لەسەر منداڵ و گەشەکردنیان بە شێوەیەکی زانستی و وردبینی . بۆ نموونە منداڵی کۆرپە لاسایی ئەو کردەوانە ئەکەنەوە بە جوولاندنەوەی دەستەکانیان ، یان چۆن زمانیان لەو کەسانە دەر ئەکەن کە زمانی لێ دەر ئەکەن. ئەم گەشەکردنەی منداڵ بە پێی بۆچوونی پیاجێ ئامازە. بۆ درککردنی زیاد لە پێویستی منداڵ بۆ خودی خۆی یان بۆ گواستنەوەی هۆشمەندی . لەگەڵ توانا پەرەسەندووەکانی منداڵ وەك کیانێکی سەربەخۆکە لەم جیهانەدا جێگای خۆی کردۆتەوە.

پیاجێ لە سالانی ١٩٤٥ و ١٩٥١ چەند کتێبێکی تری لەسەر تێگەیشتنی ژمارە و ئەندازیاریی نووسیوە.

له ساڵی ١٩٥٥ پیاجێ مەڵبەندی دەولی دراساتی ئەبیستیمۆلۆجی " زانیاری " بۆماوەیی له جنیف دامەزراند . دوای ئەوەی وازی له سەرۆکایەتی پەیمانگا هێنا وەك پرۆفیسۆرێکی فەخری له زانکۆکەی بەردەوام بوو . له نووسینەکانی دوو کتێبی شا کتێبەکانی بوو کتیبی زانستی زیندەوەرزانیی و زانیاری Biology and Knowledge کە لە ساڵی ١٩٦٧ دا بلاویکردۆتەوە. کتێبی دووەمیان بە ناونیشانی " پەرەسەندنی بیرکردنەوەو هاوسەنگێتی لە پێکهاتەی زانیاری The Development of Thought Equilibration of Cognitive: ئەم کتێبەیان زیاتر بایەخی بە پرۆسەی فێربوون داوە .

## گریمانەی تیوریی پێکهاتەکان

فێربوون ، وەك ئەوەی پیاجێ سنووری بۆ کێشاوە ، کردارێکی رێکخستنی خودییە ئەبێتە هۆی تێگەیشتنی پەیوەندیەکانی نێوان توخمەکانی تێگەیشتنی یەکەیەکی دیاریکراو، تێگەیشتنی ئەم تێگەیشتنە دیاریکراوە لەگەڵ تێگەیشتنەکانی پێشوتر کە فێریان بووە گرێ ئەدا .

١- فێربوون حاڵەتێکی تایبەتە لە حاڵاتەکانی پەرەسەندن :
پیاجێ ئەڵێ مەرج نییە هەموو ئەو شتانەی منداڵ ئەیبینێ ورووژێنەر بن ، بۆ نموونە منداڵ یەك داردەست لە نێوان ژمارەیەك داردەست ئەبینێ کە وەك یەك درێژن و تەریبن ، یەکێ

لەو دارانە کە منداڵەکە بەرە و پێشەوە کەمێ پاڵی پێوە ئەنێ ئەم گۆڕانکارییە ی دارەکە وەك وروژێنەرێك کار ناکاتە سەر منداڵەکە دەربارەی تێگەیشتنی پاراستنی درێژی دارەکە. کاتێ کە منداڵان ئەگەنە ئەو قۆناغەی پەرەسەندن ئەتوانن بەراوردی نێوان دارەکە بکەن کە بەرەو پێشەوە ئەڕوا و جووڵانەوە " وەهمیەکەی " گەڕانەوەی بەرەو دواوە بۆ شوێنەکەی پێشوی ، ئەو کاتە ئەتوانن لەوە تێبگەن کە ئەو دارەی بەرەو پێشەوە جووڵێندراوە ، هەمان درێژی دارەکانی تری هەبووە. جێ لەفکردنی یەکێ لە دارەکان ئەوە ناگەیێنێ کە لە دارەکانی تر درێژترە. پێش ئەوەی ئەم منداڵانە تێبگەن بۆ جووڵاندنەوەی ئەو دارە هەڵیان ئەخەڵەتێنێ ئەبێ ئەو کردارە هۆشییە بزانن کە پیاجێ ناوی لێناوە " پێچەوانی reversibility پێچەوانی یان قڵپەوەبوو ئەوە ئەگەیێنێ کە منداڵ توانای تێگەیشتنی ئەو شوێنەوارانەی هەیە کە لە پشت ڕاستیەوە خۆیان مات داوە کە ئەڵێ هەر گۆڕانکارییەك لەوانەیە هەڵبوەشێتەوە.

ئەو منداڵەی تێگەیشتنی قڵپەوەبوی لا درووست نەبوبێ توانای جێبە جێکردنی ئەم ئەرکە تایبەتییە سنووردارەی نییە یان باشتر بڵێین ناتوانێ تێی بگا ئەگەر چی وەڵامی ڕاستیش بداتەوە ، پێش ئەوەی منداڵان بتوانن لەم شارەزاییە سادانە سوودمەند بن ئەبێ پێویستییەکانی کردارە هۆشییەکانیان هەبێ ، وەك قڵپەوەبووەکان ، بۆ ئەوەی بتوانن وروژێنەرەکان لێکبدەنەوە . ئەمەش ئەوە

ئەگەیێنێ کە پەرەسەندن سنووری ئەوە ئەکێشێ بۆ منداڵ کە فێری ببێ . ئەم مەسەلەیە بەو ئاسانییە نییە کە بڵێین فێربوونی تێگەیشتنێك بەندە بە فێربوونی تێگەیشتنی زۆرتر و سادەتر کە بە هەموویان تێگەیشتنە قورسەکان کە مەبەستن فێری ببن . پەرەسەندنی قڵپەومبوو تەنها بە ڕێگای تاقیکردنەوە نایێت . بەڵکو جۆرێك لە ڕێکخستنی ناوەکی پێویستە ڕووداوە هۆشییەکان ئاراستەی ئەکەن . وەك پیاجێ ناوی لێناوە " ڕووتکردنەوەی هیواداری Reflective Abstraction التجريد التأملي" بەم ڕێبازە دەماخ ئەتوانێ پێڕەوی زانیاری تەواو بە یەکەوەگرێدراو بیکا بە ڕێگای چالاکی بە ئومێدی چالاکی خودی هۆشی نەك بە بەرامبەر ئومێدی ڕووداوەکان کە ناسراون بەوەی لە دەرەوەی خود ڕوو ئەدەن .

ئەم گریمانەیە لەسەر ئەم بەڵگەیە ڕاوەستاوە : تێگەیشتنی دیاریکراو " با بڵێین تێگەیشتنی پاراستن بۆ نموومە " توانای فێربوونی نییە ئەگەر منداڵەکە فێری توانای هۆشیی گرێدانی نەبێ لە نێوان زانیارییە پرتو بڵاوەکان یان نارێکەکان " قڵپەومبووکان لەم حاڵەتەدا " ئەم توانایە لە ئەنجامی کرداری ڕووتکردنەوە ی هیواداری پەیدا ئەبێ کە پەنا ئەباتە بەر پەرەسەندنی زیرەکی کە تەجاوزی بواری شارەزایی تێگەیشتنە لێکچووەکان ئەکا . پەرەسەندنی زیرەکی وەك پێڕەوێکی ئەرکیی

" وەزیفی " سنوور دەکێشێ بۆ ئەو شتانەی کە لە توانادا هەیە فێری بی .

٢- پەرەسەندن کرداری زیادبوونی ئاگاییە " الوعی" بە پەیوەندی نێوان ئەوانەی ئەزانن و ئەزاندرێ . "

ئەگەر ماوەی زەمەنی تەمەنی منداڵان لە نێوان ١٥-١٦ ساڵان وەربگرین ، ئەو منداڵەی تەمەنی لە ٨ مانگ یان ئەو کەسەی ئەزانێ " The Knower جارێ نازانێ کە شوێنێکی داگیرکردوە ناوی شوێنی ناسراوە " الحیز" The Known خۆ ئەگەر منداڵێك تەمەنی ببێتە دوانزە مانگان یا چوارده مانگان ، بۆ نموومە ئەتوانێ شتە شاراوەکان بدۆزێتەوە یان پێی لەسەر ئەو کوتاڵە دائەنێ کە ئەیەوێ بە دەستی بیگرێ ، هەر وەها ئەتوانێ زۆر ئیشی تریش بکا بۆ ئەوەی دەریبخا کە زیاتر دەربارەی لەشی هۆشداربۆتەوە وەك شتێکی جیاواز لە شتەکانی تر کە بەشێك نیین لە کەسێتی خۆی .

لە تەمەنی دوو ساڵان یان سێ ساڵان منداڵان ئەتوانن وشەکان بەکار بێنن بۆ وەسفکردنی ئەو شتانەی هەستی پێ ئەکەن ، یان لە کوێ تووشی ئازار ئەبن یان چییان ئەوێ . لەم تەمەنە زیاتر هۆشدارتر ئەبن دەربارەی کەسایەتی خۆیان . ئەگەر منداڵێك بە کەسێکی گەورە بڵێ " من برسیمە " ئەم ڕستەیە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر هۆشدارێتی منداڵەکە.

بەلاّم لە تەمەنی چوار سالآن یان پێنج سالآن ئەتوانن تەقدیری ئەوە بکەن کە بۆچونی تۆ لەگەلّ بۆچونی ئەوان جیاوازە.

بەلاّم لە تەمەنی نۆ سالآن یان دە سالآن منداڵ دەست ئەکا بە بەکار هێنانی ڕێ بەدیکردن " استدلال " Inference بۆ کەشفکردنی پەیوەندی نێوان ئەو کەسەی ئەزانێ و ئەو شتەی نەیزانێ . بۆ نموونە سێ دەنکە شخاتەی وەك یەك بێنە دەنکی یەکەم " ا" بە ستوونی یان شاقوڵی بخەرە سەر دەنکی دووەم " ب" بە مەرجێك دەنکی " ا" لە ناوەڕاستی " ب" دابنێ . لە هەمان کاتدا دەنکی " ب" بە ستوونی و لە ناوەڕاستی دەنکی " ج " دابنێ . ئەم کارە کەواتە ئەم ڕێکخستنە ئەو دروست ئەکا کە " ب" لە " ا " کورتر و لە " ج " درێژترە ، بەلاّم منداڵ لە تەمەنی نۆ سالآن و دە سالآن ئەزانێ کە ئەمە ممکن نییە ، لەبەر ئەوەی هەرسێ دەنکەکان لە یەك قوتی شخاتە دەرکران و هیچیان کورت نەکراونەتەوە یان درێژ نەکراونەتەوە. ئەم زانیاریانە " ناسراون " کەواتە لەم تەمەنەدا منداڵ ئەزانێ پەیوەندی نێوانیان دیمەنی دەرەوەی ئەناسرێ و ئەوەی کە زانراویشە " ڕاستییەکی بابەتییە "

کە بووە تەمەنی چواردە سالآن یان پانزە سالآن منداڵ ئەتوانی لۆژیك " گریمانە " بەکاربێنێ بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەو کەسەی ئەزانێ و ئەو شتەی نەیزانی .

لای پیاجێ پەرەسەندن لە ماوەی تەمەندا واتای گەشەکردنی هەست نەگەیێنێ " کە پیاجێ ناوی لێناوە ناگایی" الوعی"

لەم گریمانەیەدا پیاجێ لەسەر ئەوە جەخت ئەکا کە چۆن منداڵەکە ئەزانێ دەنکە شخاتەکان وەك یەکن، ئەو پرسیارە لە منداڵەکە ئەکا " چۆن ئەوەت زانی " خۆ ئەگەر منداڵەکە نەیزانی چۆن ئەو زانینە لێکبداتەوە ئەوە مانای وایە ئەو تێگەیشتنە وەك ڕاستیەکەی تێ نەگەیشتووە.

٣- درککردنی هەستیی ئاراستەکراو لە لایەن کردارە هۆشییەکان خۆی لە خودی خۆی لەدایکبووی دیمەنەکانی پێشووتر نییە :

ئەم مەسەلەیە ئاماژە بەوە ئەکا کە پیاجێ دیمانەی فێربوون لەسەر بنچینەی پێکەوە گرێدان لە ورووژێنەرەکانی کە یەکسەر هەستیان پێ ئەکرێ رەت ئەداتەوە . لای پیاجێ ورووژێنەر ناسراوە وەك ڕەنگی سور کە زانراوە کە سورە ، شتێ نییە ئێمە تاقی بکەینەوە

٤- فێربوون کردارێکی درووستکردنی ئەندامەتییە " عضوية " کردارێکی کۆکراوەیی ئالی نییە " بە بێ بیرکردنەوە ئەنجام بدرێ "

چی ڕوونەدا کە منداڵ لە قۆناغی درکنەکردنی تێگەیشتن بەرەو قۆناغی درککردنی ئەو تێگەیشتنە بڕوا ؟ زوربەی ئەو توێژینەوانەی

لەسالانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی بیستەم لەبواری دەروونناسی لەئەمریکا ئەنجام دراون ، ئەو گریمانانەیان ئەکرد کە منداڵ بە رێگای هەوڵدان و هەڵە ، فێر ئەبوو کە چۆن لە نێوان هەموو سیفەتە دیاریکراوەکانی تێگەیشتنێك لە لایەك و ئەو ناوەی لەو تێگەیشتنە نراوە پێکەوە ببەستێتەوە. سیفەتەکانی دیاریکراو بۆ تێگەیشتنی دیموکراتیەت Democracy بۆ سزونە ئەو لایەنانەیە کە ئەو تێگەیشتنە دیاری ئەکا وەك حکومەتی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی ئازاد و بوونی دوو حیزب . تێگەیشتنی دیموکراتیەت ناتوانرێ بە تەواوی تێی بگەی ئەگەر ئەم لایەنە سەرەکیانەی بەیەکەوە گرێ نەدرێ کەواتەی لەگەڵ ئەو ناوەی لێ ئەنێین. بۆ نموونە ئەو منداڵەی وەك تەماشای دوو حزب ئەکا لە گەڵ دیموکراتیەت راستێتی واتای تێگەیشتنی دیموکراتیەت نازانێ .

## ٥- هەموو تێگەیشتنێکی فێربوو بەدیکردنێکی تیایە

ئەم مەسەلەیە دژی بیرۆکەی گشتا ندنی ورووژاندنە ، کەواتە ئەو بیرۆکەیە کە ئەڵێ وەلامدانەوە وروژێنەرێکی تازەیە لەبەر ئەوەی وروژێنەری تازە لە ورووژێنەرە ئەسڵیەکە ئەکا کە بۆتە هۆی وەلامدانەوەکە.بۆ نموونە کچێك فێری ئەوە بوو کە " هێز " وا ئەکا تۆپی " ب" بەرەو پێشەوە گلۆر بێتەوە کاتێ کە تۆپی " أ " لیێ ئەکەوێ . گریمان تۆپی " أ " لە تۆپی " ب" بکەوێ ، ئەم تۆپەش لە هەمان ریزەکانی تۆپەکانی " ب ، ج ، د، پێکەوەن . پاشان کچەکە ئەوەمان بۆ راڤە دەکا کە چی روویداوە و ئەڵێ "

هێـز بـەڕێگای تۆپـەکانی ناوەڕاسـتدا ئـەڕوا، کەواتـە ئـەوەی ئەکەوێتـە نێـوان ئـەو تۆپـەی لێـی ئـەدا لەگـەڵ تۆپـە لێدراوەکـە. بـەوەی کـە کـچەکە ئـەیبینێ تـۆپی " د" کـە تـەنها تۆپـە بـەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە.

پیـاجێ زۆر بـە وردی دراسـەتی ئـەوەی کـردووە کـە چۆن منـداڵ فێـری بارودۆخـە تازەکـان ئـەبێ ، لەمـەش گەیـشتە ئـەوەی کـەوا بیرۆکـەی گـشتاندنی " تعمـیم " وروژانــدن نـاتوانێ ئـەم جـۆرە فێربوونە لێکبداتەوە. یەکەم لەبەر ئەوەی منداڵان وا باوەڕ ئەکەن کـە تـۆپی " أ " ڕیـز ئـەگرێ لـە دەوری تۆپـەکان " ب ، ج ، " و یەکـسەر لـە تـۆپی " د " ئـەدا ، دوای ئـەوە وا بـاوەڕ ئەکـەن کـە هـەردوو تۆپـەکانی" ب ، ج " کـەمێ جوولـە ئەکـەن لـە چـەپەوە بـەرەو ڕاسـت بۆیـە لـە تـۆپی " د " ئـەدەن ـئەمـەش نـازانن تـەنها دوای ماوەیەکی کـورت هێـز ئـەبێ لـە نێـوان تۆپـەکانی ناوەڕاسـتدا تێپەڕ ببێ .

٦- هەڵـەکان هـەموو کـات لـە ئـەنجامی نـا ئاگـاداریی نییـە بەڵکو لە ئـەنجامی دیمـەنێکی سـەرەتایی بیرکردنـەوەی بەدیکردنە .

فێربـــوون کردارێکـــی هـــەنگاو بەهـــەنگاوە لـــە کردارەکـــانی دوورخـستنەوی هەڵـەکان ،بـە ڕێگـای دووبـارە بیرکردنـەوە دەربـارەی هۆیەکانی ئـەو هەڵانـە. سـەرباری ئـەوەش زاڵبـوون بەسـەر هەڵـەکان ، پێویستە توانای زانیاریی بەدیکردنـەوەت هـەبێ . ئـەم بەدیکردنـە بـە

ڕێگای کرداری ڕێکخستنی خودی ڕوودەدات نەك بە ڕێگای لەبەرکردن تەلقیندانی منداڵەکە بە وەڵامدانەوەکان .

٧- فێربوون لەسەر بنەڕەتی تێگەیشتن پێویستی بە ڕیکخستنی خودی چالاکی هەیە.

ڕیکخستنی خودی جەوهەری پارسەنگێتیە . فێربووە نەگۆڕەکان ناێنیتەوە بیریان. " شتە نەگۆڕەکان " لە ژینگەکەیاندا ئەم نەگۆڕانە " دروست دەکەن وەك شتە بەردەوامەکان یان پاراستنی چەندێتی " ئەویش بە ڕیگای زنجیرەیەك بیروباوەڕی ئامادەکراو بۆ تێگەیشتنی وەلامەکانی بە ڕێگای تاقیکردنەوەی پرسیارەکانیان بەرەنگاریان دەبنەوە ئەبێتیش کە وەڵامدانەوەکان بریتی بن لەبنچینەی ئەو زانیارییەی کە خوێندکاران بۆ بیناکردنی پرسیارەکان بەکاریان هێناوە .

٨- فێربوون لەسەر بنەڕەتی واتا ڕوودەدا ئەگەر فێربووەکە هاودژ یان لەیەك نەچوونی نێوان پێشبینیەکان و ئەنجامەکان نەهێڵێ .

ئەم کێشەیە وا بۆی ئەچێ کە هەڵەکان پێویستن بۆ فێربوونێك لەسەر بنەڕەتی تێگەیشتن .پێویستیەکانی بوونی هەڵەکان بە پێچەوانەی بنەماکانی ڕاستکردنەوەی ڕەوشتە. بە پێی ڕاستکردنەوەی ڕەوشت فێربوونێك لەسەر بنچینەی تێگەیشتن لە فێربوونێکی بەرنامەکراوەوە دێ بە جۆرێك خوێندکار بە ڕێگای

درووستبوونێك ورده ورده فێری ئەبێ . بنەمایەکی تازە بێ ئەوەی پێشبینی هیچ هەڵەیەك بکا.

پیاجی وا باوەڕ ئەکا کەوا بۆ خوێنکارەکان وا باشترە خۆیان پرسیارە تایبەتەکانیان دابنێین .ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەبێ هەڵە بکەن .

٩- فێربوون لەسەربنچینەی واتا بە ڕێگای ڕەتکردنەوەی ئاستەکانی پێشوی تێگەیشتنی ناتەواو .

نەهێشتنی پێچەوانەکان بە کرداری ڕەتکردنەوەو ئینکارەوە ئەنجام ئەدرێ . بەو ڕێگایە دژایەتیەکان و کۆسپەکان لائەبرێن و کەلەبەرەکان دائەخرێن ئەمەش هەمووی دیمەنێکی ڕەتکردنەوەن و نەهێشتنی گیروگرفتێك لە گیروگرفتەکانە.

لە قۆناغی هەستجوولانەوەیی sensory motor منداڵ ئەتوانێ ڕەتدانەوەی بوونی کۆسپێك بکا ئەویش بە دوورخستنەوەو لادانی کۆسپەکە . بۆ نموونە منداڵێك لە تەمەنی یەك ساڵاندا ئارەزووی ئەوە ئەکا بگاتە بووکە شووشەکەی بەڵام کورسییەکی بچووك ڕێگای لێگرتووە، منداڵەکە ئەو کۆسپە لادانی لەسەر ڕێگاکەی لادەبات . پیاجێ ئەم جۆرە ڕەتدانەوەیەی ناو ناوە ، ڕەتدانەوەی پێچەوانی inverse. منداڵکە لەتوانایدا هەبوو ڕێبازێکی تر بەکار بێنێ ئەویش بە سوورانەوەی بە دەوری کوورسییەکەدا. پیاجێ ئەو جۆرە ڕێبازەشی ناو ناوە ڕەتدانەوەی گۆڕینەوە reciprocal.جوولاندنەوەی خود لە جیاتی

کوورسییەکە ، کەواتە لادانی کورسیەکە منداڵەکە ئەگەیێنێ بە هەمان مەبەست. ئەم دوو ڕەتدانەوانە ڕەتدانەوەی هەستجووڵانەوەیە . ( ١٥ : ٢٤٨-٣٦٣)

پیاجێ لە دوو ڕوانگەوە سەیری گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ دەکا ، ئەم دوو ڕووانگانەش ئەمانەی لای خوارەوەن :

١- پێکهاتەی هۆشیی structures

٢- ئەرکی هۆشیی functions

پیاجێ وا ئەبینێ کە تێگەیشتنی گەشەکردنی زانیاری بەتەواوی نابینرێ بەبێ زانینی ئەم دوو لایەنە ، پێکهاتەی هۆشیی ئاماژە بۆ بارودۆخی بیرکردنەوە ئەکا ، کە لە یەکێ لە قۆناغەکانی گەشەکردن پەیدا ئەبێ . بەڵام دووەمیان ئەرکی هۆشیی ، ئاماژە بۆ کردارەکان ئەکا کە تاك پەنا ی بۆ ئەبا لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ وورووژێنەرە ژینگەییەکان دا.

پیاجێ زیاتر بایەخ بە گۆڕانکاریە زیرەکیەکان بەتایبەتی جۆری درووستبوونی پێکهاتە هۆشییەکان ئەدا. جیاوازی نێوان پێکهاتەکان و ئەرکەکانی زیرەکی ئەوەیە ئەرکە هۆشییەکان بریتین لە تایبەتمەندە گشتیەکانی چالاکی هۆشیی و چۆنێتی نواندنیان . ئەمەش بە ڕێگای تاقیکردنەوەکانی زیرەکیی پێوانە ناکرێن mental test. بەڵام پێکهاتە هۆشییەکان بریتین لەو تایبەتمەندە ڕیکوپێکانەی زیرەکیی و بە پێی تەمەنیش ئەگۆڕێن

پیاجیٚ وا ئەبینیٚ کە بیرکردنەوە دوو ئەرکی گرنگی هەیە ئەم دوو ئەرکانەش بە پێی تەمەن ناگۆڕێن ، ئەم دوو ئەرکانەش بریتین لە ڕێکخستن Organization لەگەڵ گونجاندن adaptation . ئەرکی ڕێکخستن بریتییە لە هەوڵدانی تاك بۆ ریزکردن و ئامادەکردنی کردارە هۆشییەکان لە ڕێکخستنێکی گشتیی ڕێکوپێك و تەواو . ئەرکی گونجاندنیش هەوڵدانی تاکە بەرەو خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا ئەژێ. ئەم دوو ئەرکانەش لە پێویستەکان و بنەڕەتەکانی ئەوەن کە گیاندارەکان بتوانن لە ژیاندا بەردەوام بن. هەرچەندە ئەرکی خۆگونجاندن لای هەموو کەسێك گشتییە بەلام هەر تاکێك ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەکەیدا .

## قوتابخانەکانی گەشەکردنی زانیاری

بە پێی تێگەیشتنی ئەوانەی لە بواری زانستی دەروونی کار ئەکەن ، بواری گەشەکردنی زانیاری، چوار قوتابخانەی سەرەکی هەیە :

١-قوتابخانەی سویسری بە ناوی جان پیاجیٚ Jean Piaget دەروونناس ناسراوە.

٢- قوتابخانەی کەمبرجی ئەمریکی بەناوی دەروونناسی ئەمریکی جێوم برونەر Jerome S.Bruner ناسراوە.

٣-قوتابخانەی سۆڤیێتی بەناوی ڤیگۆتسکی L.S. Vygotsky وە ناسراوە .

٤-قوتابخانەی فەرەنسی بەناوی گانییێوە ناسراوە Gagne 1977

ئەم چوار قوتابخانەیە سیمای ولآتەکانی خۆیانیان پێوە دیارە.

١- قوتابخانەی سویسری :

پیاجێ بە یەکێ لە دەروونناسە ڕۆژئاواییە هاوچەرخە مەزنەکان ئەژمێردرێ وبە پێی بۆچوونەکانی لە بواری زانیاریدا بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردەی منداڵدا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

پیاجێ دراسەتی یەکەمی لەسەر سێ منداڵەکەی خۆی کردووە . پیاجێ مامۆستای دەروونناسیی بووە لە زانکۆی جنیف ، لە ساڵی ١٩٤٠ پاشان لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا وەك لەمەو پێش باسمانکردووە .

لە جنیف مەڵبەندی دراسەتی گەشەکردنی زانیاری منداڵی دامەزراندوە . گەشەکردنی زانیاری منداڵ کرۆکی بیروڕا دەروونیەکانی پیاجێ یە ، پیاجێ خۆی پێی خۆش بوو پێی بوترێ زانای گەشەکردنی زانیاری Genetic Epistemology .

بە پێی ڕاکانی پیاجێ کردارەکانی گەشەکردنی زانیاری بەسەر شەش قۆناغدا دابەشکراوە ، بەڵام قۆناغی "٣،٢،١" ی کورتکردۆتەوە بۆ یەك قۆناغ ئەویش قۆناغی کۆرپایەتییە . بۆ هەر قۆناغێك لەم قۆناغانە لە ئەنجامی چەند دراسەتێك تەمەنێکی لە یەکتر نزیکی داناوە ، کەواتە چوار قۆناغی سەرەکی .

١- هەر قۆناغێك لەم چوار قۆناغانە بریتین لە ماوەی formation پیکهێنان و ماوەی attainment بەدەستهێنان .

ماوەی بەدەستهێنان کرداره هۆشییەکان لە قۆناغێکی دیاریکراو ڕێك ئەخا . هەروەها خاڵی گواستنەوەیە بۆ قۆناغی ئاینده.

٢- هەر قۆناغێك لە قۆناغەکان ، لە هەمان کاتدا درووست ئەبێ لە ماوەی پێکهێنانی ئەو قۆناغە و خاڵی دەستپێکردنی قۆناغی ئایندەی . بەم جۆرە ئەبینین قۆناغەکان لە یەکتری جودا نابنەوە بەڵکو یەك لەناو یەکن .

٣- ریزبەندی پەیدابوون و دەرکەوتنی هەرچوار قۆناغەکان نەگۆڕن ، کەواتە ناگۆڕێن ، بەلام تەمەنی پێکهێنانی قۆناغەکانی تا ڕادەیەك ئەگۆڕێن بە پێی کارتێکردنی پاڵنەرەکان و مەشقکردن و هۆیە ژیارییەکان و کەلتورییەکان دەگۆڕێن. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەو ساڵانەی پیاجێ داینـاوە بۆ سنووری ماوەکان ، سنوورێکی وشك نییە کە بە هیچ جۆرێك نەگۆڕێن .

٤- گۆڕانکارییەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بە پێی یاسایەك ڕووئەدا وەك " یاسای تەواوکاری " کەواتە یاسای تەواوکەر . بەو واتایەی پێکهاتەکانی پێشوو ئەبنە بەشێك لە پێکهاتەی داهاتوو، لە یەکتری جیا ناکرێنەوە ، کەواتە قۆناغەکانی داهاتوو قۆناغەکانی پێشووتر بە خۆیەوە دەبەستێتەوە ، لەسەر ئەم خاڵە برونەر Bruner لەگەڵ پیاجێ یەك ناگرن .

دەربارەی ئەم بۆچوونانەی پیاجێ و قۆناغەکانی گەشەکردن سەیری کتیبی : Piaget in the classroom . Edited by Milton Schwebel Jane Raph بکە ( ١ : ل ٣٥-٣٩)

لەگەڵ کتێبی Piaget,J. Science of education and psychology of the child . New York :Orion Press, 1970-Paris : Denoel , 1960( 2)

هەروەها سەیری کتێبی " علم النفس النمو " د. عادل عزالدين الأشول . ط٢ ١٩٨٩ -مكتبة الانجلو المصرية - القاهرة - بکە

قۆناغەکان :

١- قۆناغی هەستجوولانەوەیی Sensory motor stage

ئەم قۆناغە لە، دایکبوونەوە دەست پێ ئەکا تا تەمەنی ٢ ساڵان .

لەم قۆناغەدا کۆرپە infantخودی خۆی لە بابەتەکانی ...وبەری جیادەکاتەوە . هەروەها وردەوردە و لەسەرخۆ ...یوەندی نێوان کردەوەکانی و ئەنجامی کردەوەکانی لە ژینگەکەی ی ئەگا ، وا ئەکا ڕووداوە بەردەوامەکان بە بەردەوامی بمێننەوە وەك " لەراندنەوەی شەق شەقە" بۆ ئەوەی دەنگەکەی بەردەوام بێ . فێری ئەوەش ئەبێ کە بابەتەکان بەردەوام بن ئەگەر بە چاویش نەیانبینێ .

لەم قۆناغەدا فێری ئەوە ئەبێ چۆن دەست درێژ بکا بۆ گرتنی شتێك ئەگەر شتەکە نزیك و لە بەردەمی بێ . هەروەها ئەوە ئەبینێتەوە کە بابەتەکان ناگۆڕێن . object permanency ئەوە تێ ئەگا کە شتەکان سەرەڕای بزربوونیان لەبەر چاوی جارێ

هەر ماوون . بۆ نموونە ئەگەر لە یەکێ لە بووکەشووشەکانی بگەڕێ کە لێی شاردراوەتەوە لە ژێر پارچە کوتاڵێك ، منداڵەکە لە تەمەنی هەشت مانگاندایە .لە کاتێکدا پێش شاردنەوەی دەستی بۆ ئەبرد ، بەلام دوای شاردنەوەی دەستی بۆ درێژ ناکا و بایەخی پێ نادا ، لە هەمان کاتدا خۆی ناشەڵەژێنێ وەك بڵێی بووکەشووشەکە هەر نەبووە. بەلام لە تەمەنی ١٠ مانگان بە دوای بووکەشووشەکە دا ئەگەڕێ ، ئەمەش وا ئەگەیێنێ کە بووکەشووشەکە لە هۆشی دا بزر نەبووە. خۆ ئەگەر بووکەشووشەکەی جاری یەکەم لە شوێنێك دۆزییەوە جاری دووەمیش بۆ هەمان شوێن ئەڕواتەوە ، بەلام لەو شوێنەی دوا جار چاوی پێ کەوتبوو بەدوایا ناگەڕێ ئەمەش تا کۆتایی تەمەنی دوو سالان .

ئەم قۆناغەش دابەش ئەبێتە سەر ٦ پلەدا phases بەلام پلەکان لە قۆناغە سەرەکیەکان بچووکترن . ( ؛ ل ٢٤-٣٠)
Piaget,s Theory .Apsychological critique . Geoffrey Brown and Charles Desf0rges . Routledge &Kegan Paul. London .1979

١- لە دایکبوونەوە تا کۆتایی مانگی یەکەمی تەمەنی . لەم تەمەنەدا کۆرپە کەواتە بەرمەمکە مامەڵە لەگەڵ وەلامدانەوەکان ئەکا . reflexes گرنگترین وەلامدانەوەکانی مژینە لەگەڵ جوولاندنەوەی هەردوو پێ و دەسەکانی .

٢- پلەی دووەم لە سەرەتای مانگی دووەمەوە دەس پێ ئەکا تا کۆتایی مانگی چوارەم ، لەم تەمەنەدا منداڵ تەنسیقی نێوان وروژێنەرەکان و وەڵامدانەوەکان ئەکا ، وەك تەنسیقی بزووتنەوەکانی نێوان چاوی‌و دەستەکانی، هەروەها هاوڕ بەرەو سەرچاوەی دەنگەکان دەداتەوە ،ئەتوانێ بگاتە شتەکان و بیانگرێ وبیانمژێ.

٣- پلەی سێیەم لە سەرەتای مانگی پێنجەمەوە تا کۆتایی مانگی هەشتەم ، لەم تەمەنە منداڵ چاوەڕوانی ئەنجامی شتەکان ئەکا لەوانە کردەوەکانی خۆی. هەروەها بایەخ بە جیهانی دەرەوەی خۆی ئەدا ، وەك گەڕان بە دوای شتێك دا کە لێی بزربووبێ .

٤- پلەی چوارەم لەسەرەتای مانگی نۆیەمەوە تا کۆتایی مانگی سێنزەیەم دەسی پێ ئەکا ، منداڵ لەم پلەیە ئەتوانێ ئەنجامەکان و ئامرازەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە ،دەستیش ئەکا بە بەکارهینانی ڕێبازی گونجاو بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی . بۆ نموونە بەدوای بووکەشووشەکەی دا دەگەڕێ کە شاردبوەوەی.

٥- پلەی پێنجەم لە سەرەتای مانگی سێنزەیەمەوە تا کۆتایی مانگی هەژدەیەم دەستی پێ ئەکا. لەم پلەیەدا دەست ئەکا بە تاقیکردنەوەو بینینەوە و ڕاستەوەکردن و جۆراوجۆرکردنی ڕەوشتەکانی .بۆ نموونە شت فڕێ ئەداتە خوارەوە بۆ ئەوەی

ببینیٚ چۆن ئەکەوێتە خوارەوە، یان بووکە شووشەکەی بە پەتێکەوە ئەبەستیٚ یان بە داردەستێك پاڵ بە شتەکانەوە ئەنیٚ.

٦- پلەی شەشەم لە کۆتایی مانگی هەژدەیەمەوە دەستی پیٚ ئەکا تا کۆتایی ساڵی دووەمی تەمەنی. لەم پلەیەدا وەلاَمی هەموو ئەو شتانە ئەداتەوە لە بەردەمیدا کە تێبینیان ئەکا و بیریان لیٚ ئەکاتەوە . بۆ نموونە بە دارێك شتیٚ ڕائەکێشیٚ لە کاتێك دا لەوەو پێش شتی وای نەکردووە ، بە کورتی لەم پلەیەدا بە پلەیەکی بچووك بیرکردنەوەو پلان دانان و خەیاڵکردن و خۆنیشاندانی لای پەیدا ئەبیٚ وەك ڕیٚ خۆشکەرێك بۆ بە دیارکەوتنی پلە ئاڵۆزەکانی تری بیرکردنەوە . ( ٤ : ل ١٠٠)

٢- قۆناغی پێش کردارەکان preoperational stage لە ٢-٧ ساڵان :

لەم قۆناغەدا منداڵ زمان بەکاردێنیٚ ، کەواتە فێری قسەکرن ئەبیٚ . دەست ئەکا بە خەیاڵکردن بۆ نواندنی بابەتەکان لەگەڵ بەکارهینانی وشەکان . لەم تەمەنە بە دەوری خودی خۆی ئەخولێتەوە " التمرکز حول الذات " Ego centric کەواتە خۆ خۆیی خود . کەواتە منداڵ خۆی بە ناوەندی جیهان و تەوەری هەموو شتێك ئەزانیٚ . لەم تەمەنەدا منداڵ هێندەی بایەخ بە خودی خۆی ئەدا بایەخ بە کەس نادا لەگەڵ سەیرکردنی هەر وەزعێك لە گۆشەی خۆیەوە و دانانی زاراوەی " من " بە

تەودری هەموو شتێك ئەزانی و بایەخدان بە هەموو شتێ زیاتر بە خودی خۆی و داواکانی ئەدا . لەم قۆناغەدا منداڵ ناتوانێ تەسەووری بۆچوونەکانی خەڵکانی تر بکا. بابەتەکان لەسەر یەك دوور " بعد" پۆلێن ئەکا . هەروەها ژمارە بەکاردێنێ و گەشە بە لەبەرکردن ئەدا. لە تەمەنی ٦ ساڵی دا لەم قۆناغە منداڵ هەزار وشە زیاتر فێر ئەبێ لەگەڵ ڕاتاکانیان ، " منداڵی کورد لە تەمەنی ٦ ساڵی دا بە پێی ئەو دراسەتەی دوکتۆر عبد الستار تاهر شەریف کردویەتی لەسەر منداڵی کورد ، لەم تەمەنەدا ناوەندی ژمارەی وشەکانیان ١١٤٥ وشە بووە . ( ٩ : ل٨٦)،

هەروەها دەربارەی وشەی منداڵ ، هارلۆك Hurlock لە دراسەتێکی دا ئەڵێ منداڵ لە قۆناغی کۆرپایەتی و ساوایەتیدا و بە ڕێگای فێربوونی زارەکی فەرهەنگی وشەکان بەرەو زیادبوون دەرۆن زیاتر دەبن " شفوی" پاشان بە دوای چوونە قوتابخانە و گوێرایەڵ کەسانی دەوروپشتی لەگەڵ ڕادیو و تەلەفزیونا . هارلۆك ئەڵێ ناوەندی کۆی ئەو وشانەی منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵان ئەیزانێ ئەو کاتەی ئەچێتە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی کەواتە لە تەمەنی ٦ ساڵان ئەگاتە ٢٠٠٠٠- ٣٠٠٠٠ وشە ، لە پۆلی شەشی سەرەتایی کەواتە لە تەمەنی ١٢ ساڵان ئەگاتە ٥٠٠٠٠ وشە . ( ٢١؛ ل ١٧٥)،

زیادی وشەکان لە دراسەتەکەی هارلۆك ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ژمارانە ناوەندی ژمارەی وشەکان نییە بەڵکوکۆی وشەکانی

گشتیی منداڵەکانی دراسەتەکەیە و لای دوکتور عبدالستار تاهریش کۆی ژمارەی وشەکان ٤٠٧٠٢ی ٣٦ منداڵی نێرینە بوو لەگەڵ ٤٠٨١٠ ی ٣٦ منداڵی مێینە . بەڵام ناوەندی وشەکان لای کوڕان ١١٣٠ وشە بوو لای کچانیش ١١٣٢ وشە بوو . ( ٩ : ل ٨٧).

٣–کرداره ماددیەکان concrete operational stage

١٢-٧ ساڵان

لەم قۆناغەدا منداڵ ئەتوانێ بیری لۆژیکی بکاتەوە . فێری شت ئەزبەرکردن ئەبێ ، فێری قەوارە ئەبێ لەگەڵ سەنگ ، لە تەمەنی ٩ ساڵی دا بابەتەکان ریزبەند ئەکا و پۆلێنیان ئەکا ، وشەکانی پەیوەندی تێ ئەگا . بۆ نموونە تێ ئەگا " أ درێژترە لە ب یان س قورستـــرە لـــــە ص "

٤- کرداره ڕووتەکان fomal operational stage ١٢ ساڵان بە بانەوە

لەم قۆناغەدا منداڵ بیر لە پەتیەکان " مجردات " abstract ئەکاتەوە ، بە دوای گریمانە ژیربێژیەکان دا ئەگەڕێ . کەواتە بە پێی گریمانەکان شتەکان شی ئەکاتەوە و هەموو چارەسەر گونجاوەکان بە ڕێکو پێکی چارە سەرە ئەکا . بایەخ بە شتە گریمانەییەکان ئەدا.

لەم قۆناغەدا Ego centric نامێنێ . کەواتە منداڵ هەست بە تەواوی کۆمەڵایەتی ئەکا . باوەڕی یەکسانی لا پەیدا ئەبێ لەگەڵ

گـەورەكان ، مـل كـەج نـابێ بـە ڕەو شـتی گـەورەكان . ( ٢٠ )

## Piaget Theory of Intellectual Development

## ئامادەبوونی فێربوون بە پێی بۆچوونی پیاجێ

ئامـادەبوون و پەرەسـەندنی فێربـوون ، تێگەیـشتنی ڕێژەییـە ، لەبەر ئەوەی سنووری فێربوون ملكەچی قۆناغەكانی گەشەكردنی زانیارییە لەو قۆناغانەی منداڵەكەی تێایـەتی ، بۆیـە نـابێ منـداڵ بـەرەنگاری شـتێ یـان گیروگرفتێـك بكەینـەوە كـە لـە سـەروی توانایـەوە بـێ ، كەواتـە لـە سـەروی توانـای پەرەسـەندنی زانیارییەكەی بێ . هەروەها نـابێ پـەكی بخەین –ڕایبگرین – لـە بەكارهێنانی كردارە هۆشییەكانی كە گەشـەكردنی زانیارییەكـەی لە ئاستی زانیارییەكانیـەتی . كەواتـە لێـرەدا منـداڵ ئـەو شـتانەی هۆشی بۆی ئەچێ ڕێگەی لێ نەگیردرێت و جڵەوی بـۆ شـلبكرێتەوە بۆ گەشە پێدانی زانیارییەكانی. لێرەدا بەرامبەر ئەم بۆچوونانەی پیاجێ سێ پرسیار قوت ئەبێتەوە :

پرسـیاری یەكـەم : ئـەكرێ بـیرو بۆچـوونەكانی پیـاجێ لـە خەسڵەتەكانی هـەر قۆناغێـك پیـادە بكـرێن و پـەنا بەرینـە بـەر ڕێكخستنە شارەزاییە فێربووەكان ،كە ئـەگونجێن لەگـەڵ ئامـادەیی منداڵان لە بواری فێربوونی كردارە جۆراوجۆرەكان . پیاجێ ئەڵێ :

" هەر منداڵێك بەم چوار قۆناغەدا بە جۆرێك یەك لە دوای یەك تێپەرئـەبێ ، كەواتـە بـە شـێوەی زنجـیرەو ئەڵقـە لـەناو ئەڵقـە .

تەمەنەکانی هەر قۆناغێك لە یەکتری نزیکن . تییزتێپەڕبوونی هەر منداڵێك لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی تر ، ئەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆیەکانی درووستبوونیەتی " التکوینیە " هۆیە کەلتوریە گشتییەکان و ژینگەییەکان لەگەڵ هۆی شارەزایی کەسایەتی.

ئەنجامەکانی توێژینەوەی زانایان ، ئاماژە بۆ ئەو جیاوازیانە ئەکا لە نێوان منداڵان لە یەك تەمەندا لە گەشەکردنی زانیارییان . هەندێ جار ئەگاتە سێ چوار ساڵ . ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە هەندێ لە زانایان وای بۆ ئەچن کە منداڵ بە هەمان ئاست بیرناکاتەوە بەرامبەر هەموو هەڵوێستەکان . توێژینەوەی واش هەیە لە بەریتانیا کراون ئاماژە بۆ ئەوەنەکەن کە پەرەسەندنی بیرکردنەوە وردە وردە ئەڕوا بەڕێوە کەواتە پلە لە دوای پلە تەواو ڕوونەدا نەك لەسەر دیمەنی قۆناغەکان کە هەر قۆناغێك تایبەتمەندی خۆی هەیە .بەم پێیە ئەتوانیین بە شێوەیەکی گشتیی جێ پێی قۆناغەکانی پیاجێ هەڵبگرین لە پەرەسەندنی لەسەر خۆو و وردبین بین لە بیرکردنەوەی منداڵ. بەڵام لە سەر ئەوەشەوە پێویستە لەسەرمان هەوڵی ئەوە بدەین ئاستەکانی بیرکردنەوەی منداڵان تێ بگەین و بزانیین گەیشتونەتە چ ئاستێك لە کاتی ڕێکخستنی فێرکردنیان.

پرسیاری دووەم : ئەگەر پەرەپێدانی زانیاری لای منداڵ ما یەی جیاوازییە تاکیەکانە لە نێوانیاندا ، ئایا قوتابخانە ئەتوانێ ئەم پەرەسەندە بەرەو پێشەوە بەرێ ؟

پیاجێ ئەڵێ ، پەرەسەندنی زانیاری کارتێکراو ئەبێ بە مامەڵەکردنی منداڵ لەگەڵ وروژێنەرە ژینگەییەکان . بۆیە هەندێ لە قوتابخانەکان بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت دائەنێن بۆ یارمەتیدانی ئەو منداڵانەی لە ژینگە هەژارەکانەوە ئەچنە قوتابخانە ، هەژاریی لە ڕووی پەروەردەیەوە ، بۆ ئەوەی گەشە بە ئامادەبوونیان بدەن لە ڕووی فێربوونەوە .

## پرسیاری سێ یەم :

ئایا بەتەواوی ئاستی گەیینی زانیاری لای منداڵ پیادە ئەکەین لە ڕێخستنی فێربوونەکانیان ؟

دوو بۆچوون هەیە دەربارەی ڕێکخستنەکانی فێرکردنی منداڵ بە پێی ڕاکانی پیاجێ :

یەکەمیان داوای یەکچوونی گشتیی ئەکا " مطابقة " لە نێوان شارەزاییە فێربوونەکان بە شێوە باوەکانی لای منداڵ .

دووەمیان : داوای لە یەکچوونی جوزئی ئەکا ، ئەم بۆچوونەش بە پیادەکردنی ستراتیژی لە ڕێکخستنی فێربوون لای پیاجێ دادەندرێت . پیاجێ وا ئەبینێ کە هەموو منداڵێك لە هەموو تەمەنێك ، هەندێ شت هەیە و هەندێ شتیان لێ تێ ئەگا و ڕای

تایبەتی خۆی هەیە لەسەریان هەیە . بەلام بە تەواوی لەسەر ڕاکانی دلنیا نیە ، بەتایبەتی کە هەندێ نیشانەی پێچەوانەی لەسەریان لا دروست دەبێ و وای لێ ئەکا گومان لە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی بکا. لێرەدا لێپرسراوێتی بۆ شیکردنەوەی ئەم حالات و بۆچوونانەی منداڵ ئەکەوێتە سەر ئەستۆی مامۆستایان، کە بوارێکی وا برەخسێنێ بۆیان بیانگێرێتەوە سەر بۆچوونە ڕاستەکان و وایان لێ بکا لە خۆیان ڕازی ببن و شارەزاییە تازەکانیان لەگەڵ شارەزاییە زانیارییەکانی پێشوویان ڕێکبخەن و پێکەوە گرێی بدەنەوە.

## دیمانەی برونەر Jerome S. Bruner

### قوتابخانەی برونەر :

زانیاری لای برونەر بە پێی ڕای برونەر ، کە یەکێکە لە زانا دەروونییە گەورەکانی ئەمریکا ، بەلکو قوتابخانەی کەمبرجی ئەمریکی دەربارەی ڕوونکردنەوەی سروشتی گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ بە ناوی ئەم زانایەوە ناسراوە. برونەر یەکێکە لە بەشداربووەکانی دامەزراندنی مەڵبەندی دراساتی گەشەکردنی زانیاری Center Cognitive Stucation لە شاری کەمبرجی ئەمریکی ، هەروەها یەکێکە لە بەشداربووەکانی کۆنگرەی

بەڵکو W00d Hole Cnference on Education

کۆنگرەکە لەسەر پێشنیاری برونەر لە ساڵی ١٩٥٩دا بەسترا .

لەم کۆنگرەیەدا لەسەر داوای ئەکادیمیەتی زانستیەکانی ئەمریکی ٢٥ زانای مەزنی ماتماتیك و زانستی سروشتی و پەروەردەو دەروونناسیی بەشداربوون بۆ چاوپێگێڕانەوەی پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تا کۆتایی قوتابخانە ئامادەییەکان . ئەم کۆنگرەیە دوای ئەوە بەسترا کە یەکێتی سۆڤێیت لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ یەکەم مانگی دەستکردی هەڵدایە ئاسمان .

برونەر ئەو ڕێبازە فەلسەفیەی لەسەری ئەڕوا لە بارەی گەشەکردنی زانیاری لای مندال ئەداتە پاڵ دیمانەی جۆن دیوی بەتایبەتی ئەو باوەڕەی پێی ئەوترێ Conceptual instrumentalism کە جۆن دیوی لە ساڵی ١٩١٩ لە کتێبی Reconstruction in philosophy دا بڵاوی کردۆتەوە ، جەوهەری ئەم باوەڕ و دیمانەو تێگەیشتنانە conceptsیان تێگەیشتنی هۆشیی ، هەموویان ئامرازن toolsوەك کەرەستەکان و ئامرازە مادیەکان ، مرۆڤ لە مەڵبەندەوە فێریان ئەبێ .

هەروەها برونەر بنەڕەتی دیمانەکەی لەسەر بناغەی ئەوە دامەزراندووە کەوا جۆری ئادەمیزاد " بە هەموو جنس و کۆمەڵگاکانیەوە " لەسەرچاوەیەکی یەکگرتووەوە دروستبوونە و دوو لایەنی جیاواز لەگەڵ گیاندارەکانی خوارووی خۆیدا هەیە :

١- لایەنی بایولۆجی لای هەموو ئادەمیزادێك وەك یەكن و وەك ڕۆیشتن لەسەر دوو پێ ، ئەندامەكانی هەستكردن و ئامرازەكانی تەنی بۆ ناسینی مەڵبەند و دەوروپشتی لەگەڵ كەرەستەی دەماریی ناوەندیدا .

جیاوازی " ڕەنگی پێست و لووت و دەمولێو و ...هتد " پەیوەندی بە پلەی زیرەكی یان نزمی و بەرزی پلەی زانیاری و ڕۆشنبیری ئەم كۆمەڵگایە یان ئەو كۆمەڵگایەوە نییە . بەڵكو لایەنی بایولۆجی هەزارەها ساڵ لەمەو پێش بە كۆمەڵ گۆڕانكاریدا تێپەڕبووە و ئادەمیزاد لەسەر پەیژەی گەشەكردنی بایولۆجی لەگەڵ گیاندارەكانی خوارووی خۆی پێكەوە گرێ ئەدا ، هەروەها منداڵیش لەگەڵ گەورە پێكەوە گرێ ئەدا .

٢- لایەنی كۆمەڵایەتی جیاواز لە نێوان كۆمەڵگاكاندا ، برونەر لە وتارێكیدا لە ژێر ناونیشانی Culture and biological growwth دا ئەڵێ لەوانەیە گەشەكردنی زانیاری لای منداڵ دوابخا یان ئاسانی بكا ، ئەویش بەپێی ڕادەی پێشكەوتنی كۆمەڵگاكە لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانیاری و تەكنەلۆژییەوە و بەپێی ئارەزوی كەسەكە كە چەند ئەیەوێ مێشكی بەكار بێنێ . لە لایەكی ترەوە برونەر لە گریمانە پەروەردەییەكانی دا بایەخی بە بۆشایی نێوان " تەمەن و كۆمەڵایەتی و هۆشیی و هەڵچوون " لە نێوان منداڵ و گەورەدا داوە لە هەموو كۆمەڵگەیەكدا لە كۆمەڵگا كۆن و

تازەكاندا ... ئەمەش ئەوە ئەگەيێنێ كەوا منداڵی ئادەمیزاد زۆر لەم بوارەدا لە نێوان ساوای گیاندارەكانی خوارووی ئادەمیزاد و كۆرپەی ئادەمیزاد دا هەیە وەك لە سەرەتای نووسینەكەمان دا باسمانكرد لەلایەكی ترەوە درێژی ماوەی پێویستی منداڵ بە یارمەتی گەورە لە كۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێك ئەگۆڕێ بۆ بەڵگە منداڵ لە كۆمەڵگایەكی پێشكەوتوی هاوچەرخدا پێویستی بە یارمەتیدانی گەورە هەیە بۆ ماوەیەكی درێژتر لە منداڵی كۆمەڵگایەكی دواكەوتوو، لەبەر ئەوەی كۆمەڵگای دواكەوتوو یان كۆمەڵگا سەرەتاییەكان منداڵەكانیان ئەوەندە پێویستییان بە خوێندن و پەروەردە نییە، لەبەر ئەوەی منداڵەكە هەموو پێویستیەكانی ژیانی بە ئاسانی لە كۆمەڵەكەی فێر ئەبێ .لە لایەكی ترەوە برونەر دوو گریمانەی دیمانەیی سەرەكی تایبەت بە خۆی هەیە :

یەكەم : هەموو تاكێك سێ شێوەی جیاواز لە یەكتریان هەیە بۆ ناسینی مەڵبەندو كاركردن لەگەڵ یەكدا یەكتر تەواو ئەكەن ، كەواتە لە كاتی كرداری گەشەكردن و پێشكەوتنی جۆری ئادەمیزاد phylagenesisپەیدابوونە و بە بەردوامیش لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ پەیدا ئەبن . ئەم شێوانە بە پێی زنجیرەی گەشەكردنی منداڵ بەم جۆرەن :

ا-شێوەی ناسینی ژینگە و ڕەفتار کردن لەگەڵیدا بە ڕێگای کردەوەی ماددی هەست پێکراوە و تێکەڵاوبوونی یەکسەر لەگەڵ شتومەکە ماددیەکان بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی یەکەم enactive.

ب- شێوەی ناسینی ژینگە و ڕەفتار لەگەڵکردنی بە پێی تێگەیشتنی فیکری و وێنە فیکریەکان ، ئەمەش لە ئەنجامی قۆناغی دووەمی زانیارییە لای منداڵ . Iconic

ج-شێوەی ناسینی ژینگە و ڕەفتارکردن لە گەڵیدا بە ڕێگای سومبولەوە symbols ئەمەش لە قۆناغی سێیەمی گەشەکردنی زانیاری ڕوو ئەدا ، بەمە ئەوترێ قۆناغی سومبولی symbolic.

دووەم : برونەر ئەڵێ زاناو پسپۆرەکان دراسەتێکی کۆمەڵگا کۆن و تازەکانیان فراوانکردەوە " پێشکەوتووەکان و دواکەوتووەکان و سەرەتاییەکان " ، هەرچەندە بە پێی ڕای برونەر تەنها لە لاوە سەیری جیاوازییەکانی سروشتی ئەو کۆمەڵگایانەیان کردووە، بە شێوەیەکی زانستییانە و مەیدانیانە لە جۆری دروستکردنی بوونی گەشەکردنی زانیاری لە تێگەیشتنەکانی جۆراوجۆریان نەکۆلیوەتەوە تا ئەگا بە پیاجێ کە سەرەڕای خزمەتگوزاری زۆری لە بواری دراسەتی منداڵ ، دراساتەکانی لەسەر منداڵانی چینی ناوەندی کۆمەڵگای سویسری کردووە. بەڵام برونەر ئەم بوارەی لە دراساتەکانیا تێپەڕکردووەو لەگەڵ گروپێ لە قوتابیەکانی و هاوڕێ کانی دەربارەی گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ لە قۆناغی

خوێنــدنی ســەرەتایی دا لــە کۆمــەڵگای جۆراوجــۆر و لــە ڕادەی پێــشکەوتنی ژیارییــان لەســەر منــداڵانی چــەند چــینێکی جیــاواز دراساتی مەیدانی کردووە.

برونەر لەبەر تیشکی ئـەو دراساتانەی کـە باسمانکرد گەیـشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

أ- هــەموو ئــەو منداڵــ ەی لەســەریان دراســەتی لــە کـردووە کۆمـەڵگا جۆراوجۆرەکـان دا لـە چوارچـێوەی فیکــری گــشتیی ، جیاوازییــان نــەبوو ، ئــەویش چوارچێوەی زانینی هەستییە perception کەواتە هەســتکردن بــەو شــتوومەکە ماددیانــەی لــە دەورو پشتیان دا هەن لە ژینگەکەیان دا .

ب- جیــاوازی زۆر گــەورە لەچــەند و چــۆنەکانی نێــوان منداڵاندا پەیدا ئەبێ دوای گواستنەوەیان بۆ قۆنـاغی تێگەیشتنی ژینگەو ڕەفتـارکردن لەگەڵیـدا بـە ڕێگـای هەســتکردنی هۆشــیی concepts ئەمــەش بــەپێی جیـاوازی ڕادەی پێـشکەوتنی کۆمـەڵگاکانیان وبـەپێی شوێنی خێزانەکانیان لە کۆمەڵگاکانیان دا.

ج- برونــەر ڕوونیکردۆتــەوە کــەوا شــێوەی وانــە وتنــەوەی بــاش شوێنەوارێکی قوول بەجێ ئەهێڵێ ، هـەروەها ئـەو پرۆگرامانـەی بە ڕێبازی گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ وەرگیراون ، ئاستی زانیاری و

تواناى فێربوون لاى منداڵ بەرزتر ئەكەنەوە و پەلەش لە مەسەلەى گەشەكردنى منداڵ ئەكەن .

ئەم ئەنجامانە هەموو وايان لە برونەر كرد كەوا باوەڕى " پرۆگرامى بادراو، حەلەزۆنى " Spiral carriculum بێنێتە كايەوە. ئەم پرۆگرامەش بازدانێكى جۆرييە لە بوارى فێربووندا. بە باوەڕى برونەر " توانا هەيە هەموو بابەتێك بخرێتە مێشكى منداڵەوە و فێربكرێ لە هەموو قۆناغێ لە قۆناغەكانى فێركردندا ئەگەر بخرێتە قالبى ژيربێژى logicalمنداڵەكەوە و مەرجەكانى ترى فێركردنى بۆ ئامادە بكرێ "

بۆ ئەوەى زياتر شارەزاى ئەو بناغانە ببين كە برونەر لە ديمانەكەى دا پشتى پێبەستوون.

برونەر لە بارەى كرداره هۆشييەكان و جۆرى بيركردنەوەى منداڵ ئەڵێ " منداڵ كە وەسفى شتێ ئەكا لە كاتى بيركردنەوەى و ڕەفتاركردنيا لەگەڵ گيروگرفتێك، بەقەد تواناى بيركردنەوەكەى خۆى لەو گيروگرفتە بير ئەكاتەوە لە سنوورى بينينى ژيربێژى خۆى.

ئەمەش بۆ وەسفى موناسيب وەك ئەوەى وەسفى ڕەوشتى جوولانەوە بكا. ئێمە زۆر قەرزارى پياجێ ين لەبەر ئەوەى ئەو ئەم بابەتەى بە جوانى لەگەڵ دياريكردنى پيشەكانى روونكردۆتەوە ، بەڵام هەموو باشيێكيش ناتەواوێكى هەيە، ناتەواويش لەم ڕووەدا بۆشاييەكى ديمەنييە ، لەبەر ئەوەى تاك

به حیسابی خۆی لێکدانەوەی کرداری هۆشیی تەنها بەوە ناکا کەوا تێگەیشتنی شوێن تەنها بە وەسفکردنی شوێنی هەندەسی ڕووت بکا ، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی یەکەم بۆ ڕاپەڕاندنی هەنگاوی دووەم پێویستە ، ئێمە نازانین ئایا دارشتنی دیمەنی لۆجیکی بۆ ئەم کارە دۆزیوەتەوە – ڕێبازی گونجاوی فیکرییان سەرەڕای ئەوەی ئێمە گومانـ.ـ.ـ هەیە لە مەسەلەکە ئەگەر وەك مەسەلەی جەبرییەکەی بوول Boolبانگەوازی بۆ کردووە – یان وەك بانگەوازەکانی White Headو ڕاسل Russell، یان بەرنامەکانی زمان وەیان زانستی کۆمپیوتەر. ئێمە تا ئێستا شارەزایان نیین . بەلام شتێکی بنچینەییە کە ئەبێ لە وەسفکردنی بەرهەمی فیکرییدا بەلای کەمەوە دیمەنێکی ورد هەبێ وەك جوانی وەسفکردنی بەرهەمی ئاخەوختن دا بە ڕێگای زمانەوە دەرئەچێ و بە ڕێگای Theology سیولۆجییەوە لێك ئەدرێتەوە. بە واتایەکی تر دوا ڕۆژی دیمانەکانی گەشەکردنی هۆشیی هانایەکی زۆر ئەباتە بەر خاوەندی لۆجیك و ماتماتیك و زانیارییە شیکردنەوەکانی تریشمان وەك هانا ئەباتە بەر وەسفکردنی نادیار نابێتە هۆی لە دایکبوونی دیمانە بە هێزەکان " ( ١٨:ل ٣١٣) .

سەیری کتێبی نەشونماکردنی زانیاری لای منداڵ .. بکە نووسینی د. عبد الستار تاهرشەریف.

لەلایەکی ترەوە برونەر کۆمەڵێ دراساتی لەسەر وڵامدانەوەکانی منداڵ کردووە لە کاتی خواردن دا ، جیاوازییەکی لە نێوان منداڵاندا بە هۆی جیاوازی کۆمەڵگاکانیانەوە نەبینیوە . ( ٣ : ل ٦٨ ) تریفرز.

## گەشەکردنی زانیاری بە پێی بۆچوونەکانی برونەر :

برونەر لە بواری دیمانەی گەشەکردنی زانیاری پێشنیار ئەکا کە زمان language ڕۆڵی سەرەکی ببینێ بەبێ ئەوەی ئەو ڕۆڵە پشت گوێ بخا کە پەرسەندنی جۆری مرۆڤ ئەیبینێ ، لەگەڵ ڕۆڵی ئەو کەلتورەی تیایدا ئەژێ . کەواتە بایەخ بە " زمان و جۆر و کەلتور " ئەدا ، بەلام زمان ڕۆڵی سەرەکی ئەبینێ . زوربەی ناخەوتنەکان لە دەوروبەری زمان ئەسوڕێتەوە ، ئەویش بە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی سەرەکی " ئەو ڕێبازە سەرەکییە چییە کە تاك بەرێگای شارەزاییەکانیەوە دەربارەی جیهان ئەینوێنێ ؟ " چۆن ئەم شارەزاییانە ڕێك ئەخا لە پێناوی بەکارهینانیان لە دواجاردا؟ بۆیە پێویستە ئاماژە بە شەش خاڵی سەرەکی بکرێ لە گەشەکردنی زانیاری دا .

بە پێی ڕاو بۆچوونی برونەر پێش ئەوەی هەر کەسێك وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە ، ئەو خاڵانەی برونەر باسیانی کردووە لە کتێبە ناودارەکەی " بەرەو دیمانەی وانە وتنەوە " Towards a Theory of Instruction بەم جۆرەی لای خوارەوەیە :

١- گەشـەكردن بـە زيـادبوونى سـەربەخۆيى وەڵامدانـەوەى ڕاسـتەخۆى وروژێنەرەكـە ئەناسـرێ كـە پێويـستى بـەم وەڵامدانەوەيە هەيە . ئەتوانرێ پێشبينى گەلێ شت بكرێ كە منداڵەكە پێى هەڵ ئەسێ بە ڕێگاى زانينى وروژێنەرەكە كە كارى تێ ئەكا لە كاتى وەڵامدانەوەكەى يان پێشتريش. گەشـەكردنەكە زياتر گەشـە ئەكا و پەرەئەسـەنێ ئەگـەر منداڵەكە هەمان وەڵام بداتەوە ئەگەر ژينگەكەشى گۆڕا.

٢- گەشەكردنەكە پەنا ئەباتە بەر تواندنـەوەى ڕووداوەكـان "بە واتاى ڕووداوەكان شتێكى خودىى بدرێ پێيـان " لـە بيرەوەرى " ذاكرة " كەواتـە لـە بيرەوەرى دياريكراو بۆ عـەمباركردنى زانيارييەكان .ئەم بيرەوەرييـە بـە شێوەيەكى زيـاتر پاڵ بـە منداڵەكەوە ئەنا بە دواى زانيارييەكان دا بگەڕێ كە لـە يـەكێ لە بۆنەكان بەرەنگارى ئەبنەوە. منداڵەكە بەو ئەركانـە هـەڵ ئەسـێ بـە ڕێگـاو لێكدانـەوە و پێـشبينيكردن لـە ئـەنجامى عەمباركردنى زانيارييەكانى پێشووى دەربارەى جيهانى .

٣- گەشـەكردن توانـاى هۆشـيى تاكەكـە زيـاد ئـەكا كە خـۆى بـە كەسـانێكى تـريش بڵـێ بـە ڕێگـاى زمانـەوە يـان بـە ڕێگـاى سومبولەوە ، كە چى كردووە يان كەسانێكى تر چى ئەكەن .

٤- گەشـەكردنى هۆشـيى پـەنا ئەباتـە بـەر كـارتێكردنى نێـوان فێركەر و فێربوو.

٥- بەکارهینانی زمان کرداری فێربوون وانە وتنەوەزیاد ئەکا .
زمان تەنها ئەوە نییە گفتوگۆی پێبکرێ لە نێوان فێرکەر و فێربوو . بەڵکو ئامرازێکە کە فێربووەکە ئەتوانێ بە هۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ژینگەیە بکا کە تیایا ئەژێ .

٦- گەشەکردنی هۆشیی بەوە ناسراوە کە لە یەك کات دا تاك ئەتوانێ مامەڵە لەگەڵ چەند ڕووداوێکدا بکا ، یان وریابێتەوە بەرامبەر چەند شتێك لە هەمان کاتدا و کاتەکانی دابەش بکا بە جۆرێکی گونجاو بەرامبەر پێویستیەکان .

بە پێی ئەم خاڵانەی سەرەوە ئەتوانرێ قسە بکرێ دەربارەی سروشتی گەشەکردنی زانیاری و پەرەسەندنی لای برونەر. کرداری نواندن " التمثيل " مەڵبەندێکی سەرەکی داگیر ئەکا لە گەشەکردنی زانیاری لای برونەر. برونەر مەبەستی لە نواندن representation ئەو ڕێبازەیە کە تاك چوار دەوری خۆی پێ ئەبینێ لە ژینگەکەی . لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو بۆچوونەکانی پیاجێ و برونەر .

کرداری تواندنەوە ئەتوانی تێی بگەی بە ڕێگای زانینی ئەو ڕێبازەی بەکار ئەهێنرێ لە ( نواندن ) " التمثيل " دەربارەی ڕێبازەکە برونەر ئەڵێ :

سێ ڕێگا هەیە تاکی مرۆڤ بەکاری ئەهێنێ لە گۆڕینی شارەزاییەکانی دەربارەی جیهان :

١- بە ڕێگای کارو جووڵانەوە .

٢- به ڕێگای وێنەوە .

٣- به ڕێگای سومبولەکانەوە .

ڕێگای یەکەم ، ڕێگای کارو بزووتنەوە ، ئەم ڕێبازە لە زۆر شوێنی فێربوون به ئاشکرا دیارە ، کە وێنەی خەیاڵ یان وشەکان تیایا بەکار ناهێنرێن . بەڵکو بە ڕێگای بەکارهێنانی وشەکان یان وێنە خەیاڵیەکان زۆر زەحمەتە فێری ببێ ، وەك فێربوونی لێخورینی پاسکیل یان یاری " وازی " تێنس یان چاپکردن بەهۆی ئامێری چاپەوە .

ڕێگای دووەم ، ڕێگای وێنەو ئەندێشەکان . ئەم ڕێبازەش پەنا ئەباتە بەر ڕێکخستنی دید " بینین " یان هەر ڕێکخستنێکی تری هەستیی . وەك بەکارهێنانی وێنەکان و ئەندیشەکان .

ڕێگای سێیەم ، بە ڕێگای ڕەمزەکانەوە ، کەواتە بەکارهێنانی وشەکان و زمان ، ئەمەش ڕێبازێکی ڕەمزییە . ڕەمزەکان " وشەکان ڕەمەکین " کەواتە عەشوائین . زمان نیزامێکی ڕەمزی و قواعدی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی ڕستەکان زیاتر لەوەی بە ڕێبازی کردارەکان و ئەندیشەییەکان imaginary.

گەشەکردنی زانیاری و دیمەنەکانی نواندن ، لە بۆچوونەکانی برونەر کە لە سێ خاڵی پێشو باسمانکرد دەرئەکەوێ ، کەواتە جگە لە حاڵەتەکانی " کەڕی یان کوێری یان لەناوچوون و تێکچوونی توکلی دەماخ " ڕێبازەکانی برونەر وەك دەرئەکەوێت جیاوازی هەیە لە گەڵ ڕێبازو بۆچوونەکانی پیاجێ . کە ئەڵێ

قۆناغەکانی داهاتو قۆناغەکانی پێشوتریش بە خۆیەوە ئەگرێ و قۆناغەکانی پێشوتر بەکار ناهێندرێن . ( ٤ : ل ١١٠ )

## گەشەکردنی زانیاری و شێوەکانی نواندن " التمثیل":

شێوەکانی پێشوی نواندن لە ژیانی تاك دا بە هەمان ریزبەند ، بەرێگای بزووتنەوەو کار، بە رێگای وێنەکان و ئەندیشەکان ، هەروەها بە رێگای سومبولەکانەوە . هەر یەکە پەنا ئەبەنە بەر شێوەکانی پێشوی لە پەرەسەندندا. هەر یەکەیان وەك خۆی ئەمێنێتەوە بە شێوەیەکی فراوان یان دیاریکراو لە کاتی ژیاندا تەنها لە حاڵەتی کوێری و کەڕی و تێکچوونی دەماغ نەبێ . ئەمەش جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دیمانەکەی پیاجێ دا، کە گریمانە ئەکا کە قۆناغەکانی دواپینە قۆناغەکانی پێشوتر ئەگرێتە خۆی بەجۆرێك ئەوی پێشوتر بەکار ناهێنرێ .

یەکەم : نواندنی بزووتنەوەیی enactive representation .
منداڵ لە تەمەنی کۆرپایەتی شتەکان و ڕووداوەکان ناشارێتەوە بە رێگای کردەوەکان و جووڵانەوەکان . شت ئەوەیە منداڵەکە ئەیکا . هەر بابەتێك لای منداڵ ڕاستەقینەیە ئەگەر بتوانێ لەگەڵیدا مامەڵە بکا .

منداڵ لە تەمەنی یەك ساڵاندا ئەگەر بووکە شووشەکەی بە دەستەوە نەبێ و لێی دووری بخەیتەوە ...خۆ ئەگەر ئەو کاتەی لێی دووری بکەیتەوە و لەبەر چاوی بزربێ دەست ئەکا بە گریان . پاشان ئەگەر ئەیدۆزێتەوە لەو شوێنەی داینابوو ، ئەو کاتە توانای

ئـــەوەی نییـــە وەلامدانـــەوە و درککـــردن " ادراك " لەیـــەك جیابکاتەوە.

دووەم : نوانـــدنی پەیکـــەری " ئـــایکۆنی " بـــە رێگـــای دیمەنـــە زیهنیەکانەوە Iconic representation

ئـەم نواندنـە کـاتێ پەیـدا ئـەبێ منداڵەکـە جیهـان بـە رێگـای ئەندیـشە و وێنـە جێگاییـەکان بنـەبێنێ ، کـە کارەکـە تـا رادەیـەك لێوەی دوورە ، یان سـەربەخۆیە ، منـداڵ لـە کۆتـایی سـاڵی یەکـەم بەرەو ئەم جێبەجێکردنە ئەڕوا و تێبینی دیاردەی شتەکان ئەکا .

درککردنی منداڵ لەم قۆناغەدا بە پێی بۆچوونی جیسون و ئۆڵم بەم جۆرەیە :

١-تواناى ناردن و گۆڕینی نییـە ، زۆر زەحمەتـە منـداڵ بـە ویـستی خۆی لە بارودۆخێکی درککردنەوەیەك بۆ یەکێکی تر بگوازێتەوە ، هەروەها ناتوانێ وێنەیەك دروست بکا لە کۆی بەشەکانی وێنەکە .

٢-درککردنی منداڵان ، هەڵچوونەکان و سۆزەکان کاریان تێ ئەکا .

٣- درککردنـــی منـــداڵ رێکخـــستنیدا هەمەلایـەن و پرتـوبڵاوە لـە جۆری، زۆر ئاسانە لەم قۆناغەدا منداڵ درککردنەکانی لێ بزربێ لە کاتی درککردنی هێڵە "یەکتر بڕەکان " کان یان درککردنی ئـەو دیمەنانـــەی ســنووری هاوبەشــیان یەکــە . هــەر بۆیــە منــداڵان پەنجەکانیان بەکاردێنن بۆ دیاری کردنی سنووری وێنەیەکی ئاڵۆز بۆ ناسینیان .

٤- درككردنی منداڵان دینامیكیه ،بەواتای ئەوەی زۆر بە توندیەوە بە كارەكەوە ئەنووسێ .

٥- درككردنی منداڵان ماددیە زیاتر لە پلاندانان یان پەتی abstract. بۆ نموونە بیری memory بینین لەم قۆناغەدا ماددیە و زۆر دیاری كراوە تا ڕادەیەكی.

٦- درككردنی منداڵان لە دەوری خودی خۆیان ئاپورە ئەدەن . " التمركز حول الذات "منداڵ توانای ئەوەی نییە جیهان درك بكا تەنها بە بینینی خۆی نەبێ .

٧- سەرەنج ڕاكێشانی منداڵ لە درككردن نەگۆڕ نییە ، منداڵ قۆچی قوربانی بڵاوبوونەوەیە " التشتت" و گواستنەوە بەرەو شتە تازەكانی ژینگەكەی . برونەر خاڵێكی تر ئەخاتە سەر خاڵەكانی جیسون و نۆلم ئەویش خاڵی هەشتەمە و ئەڵێ :

٨- درككردنی منداڵان لە دەوروبەری نزمترین ورووژێنەرەكان ئاپۆرە ئەدا . كەواتە مۆڵگە ئەدا. ( ٤ : ل١١٧)

ئەوی جێگای سەرەنج ڕاكێشانە لەم نواندنە منداڵ خۆی بزووتنەوەكە دروست ئەكا ، ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی ئەندیشە لە ڕووداوەكە بكات. بۆ نموونە منداڵ ئەتوانێ ٩ پەرداخی تەرتیبكراو لە ڕیزەكان و تەوەرەكان بە پێی تیرەو بەرزی دووبارەو سەر لە نوێ ڕیكیان بخاتەوە ، بەڵام توانای ئەوەی نییە دیمەنی تریان لێ دروست بكا . دەربارەی ئەزبەر نەكردن ، كەواتە نەبوونی توانای

ئەوەی شتەکە بە نەگۆڕ بمێنێتەوە ئەگەر دیمەنەکەی بگۆردرێ .
ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە .

نواندنی ڕەمزی :

بنەچەی ئەم نواندنە چالاکییەکی ڕەمزیی سەرەتایی ڕەمەکی تایبەت بە مرۆڤە وەك چۆن. ئەم چالاکییە گەشە ئەکا بە ڕێگای ژیان لە کەلتورێك و ئەبێتە ڕژێمێکی دیاریکراو ، زمانیش گەورەترین ڕژێمی تایبەتی ئاساییە . ئەم نواندنە لەسەر بنچینەی گۆڕینەوەی شارەزاییەکانە بۆ زمان . زمانیش ئامرازێکە بۆ بیرکردنەوە بەکار ئەهێنرێ . بۆ نموونە منداڵ زمان بەکاردێنێ وەك درێژەدان بە کردەوەکانی پێشوی کە ئاماژەمان بۆ شتەکان ئەکرد و پاشان بەبێ ئاماژەکردن وشەکان بەکاردێنێ لە شوێن شتەکان کە لەبەر چاویشی نیین.

بەم جۆرە ئەتوانیین بڵێین منداڵ زمان بەکاردێنێ وەك ئامرازێکی بیرکردنەوە. منداڵ لە تەمەنی ٥ ساڵاندا ئەتوانێ وشەکان کۆبکاتەوە و ڕستە دروست بکا ( سەیری وشەو ڕستە لای منداڵ لە تەمەنی ١-٦ ساڵان بکە ) نووسینی د. عبد الستار تاهر ). بۆ نموونە لە وڵاتی نیوزیلەندە منداڵ لە تەمەنی ٥ ساڵانەوە ئەچنە قوتابخانەی سەرەتایی و لە پۆلی یەك وەرئەگیرێن .

## ئامادەبوونی فێربوون لای برونەر :

دەربارەی ئامادەبوونی فێربوون ، برونەر بەم دیمانەیەی ڕوونی ئەکاتەوە :

هەر منداڵێك لە هەر قۆناغێکی گەشەکردن دا ئەتوانرێ هەر بابەتێك بە باشی فێربکرێ و بە شێوەیەکی هۆشیی «. Bruner, 1977

ڕۆڵی مامۆستا ئەوەیە لە نێوان هەردوو ڕێبازەکان ، ڕێبازی پێشکەشکردنی بابەتەکە بە فێرکراو " المتعلم " و بگەیەنێ ، ئەم ئەرکە پێویستی بە نواندنی پێکهاتەی بنەڕەتی بابەتەکە هەیە بە شێوازێکی جوان و جۆری تەماشاکردنی منداڵەکە دەربارەی شتەکان . ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە جۆری بیناکردنی پرۆگرامی خوێندن ، زوربەی زۆری پرۆگرامەکە کە بینای بنەڕەتی بابەتی خوێندنەکە بگرێتە خۆی ، بەجۆرێك بتوانرێ بە پێی نواندنی منداڵەکان بگۆردرێت ، بەشێوەیەك بگونجێ لەگەڵ شارەزاییەکانی پێشوی .

برونەر ئامانجی یەکەمی کرداری فێربوون وا ئەبینێ کە دوای ئەوەی لە فێربوونەکە خۆشیی ئەبینرێ . پێویستە دواڕۆژەکەی خزمەت بکا.

باشترین جۆری بینا – لای برونەر- ئەوەیە کە کۆمەڵێ ڕیکخراوی دیمانەیی دروست ئەکرێ کە توانای ئەنجامدانی زۆرترین زانیاری و زانستی ئەداتە دەستەوە. سوودی ئەم بینایە لە تواناکانی ئاسانکردنەوەی زانیارییەکانە ، هەروەها لە دایکبوونی شتە تازەکانە ، لەگەڵ فراوانبوونی تواناکان لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵێك زانیاری . بۆیە پێویستە بیناکە بە وەزعی فێربوەکە و

بەهرەکانیەوە ببەسترێنەوە. بەم پێیە بینای نموونەیی ڕێژەییە ، ڕەها نییە " مطلق" لەبەر جیاوازییەکانی فێربووەکان .

توانیین و " کفایە " ی ژینگەی بابەتە وانەییەکان پەنا ئەبەنە بەر سێ هۆی سەرەکی ، هەر یەکەیان کار ئەکاتە سەر توانای فێربووەکە دەربارەی ناوەڕۆکی بابەتەکەو زاڵبوون بەسەریا، ئەم هۆیانەش :

١-شێوەی وانە وتنەوەکان " پێشکەشکردن "

٢- ئابوری ، مەبەست لەو چەند زانیارییە پێویستیانەیە کە لە دەماغ عەمبار ئەکرێ بە مەبەستی تێگەیشتنی بابەتەکە ، هەرچەندە فێربووەکە پێویستی بە زانیاری زیاترە بۆ تێگەیشتنی بابەتێکی تر ، پێویست بە هەنگاوی تازە ئەکا کە لایەنی ئابوریەکەی کەمتر بێت .

٣- هێزێکی کاریگەر ، مەبەست لە بەهای " تەولیدی" بابەتی فێرکردنەکەیە.( ٤: ل ١١٢ )

## بناغەی دیمانەیی گشتیی برونەر Bruner

-١- فەلسەفەی گشتی باوەڕێکە

٢- پەروەردەیی کەلەبەرو

-٣- کۆمەلایەتی بایولۆجی

-٤- هەر تاکێك شێوەی جیاوازو

لە تیوری جۆن دیوی وەرگیراوە و گەورە (تەنی وکۆمەلایەتی

بۆشایی قوولی نیوان منداڵ مەلبەندو رەفتار کردن لە گەلّ دا

تەواو کەری هەیە بۆ ناسینی و عەقلی و هەلچوون)

أ- وەك یەك و بەیەکچوونی

ب- جیاوازی لایەنی کۆمەلایەتی

أ- لایەنی بایلۆجی لای هەموو Enactive

ب- لە نێوان کۆمەلگاکانداوە لە iconic

ج- iconic

ئادەمیزاد

هەر کۆمەلێکدا لە ماوەێیکدا

لە ڕێگای کرداری مادەی هەستی تێکەلاوبوونی یەکسەر

لە ڕێگای انطباعاتی فیکریو زهنی یان وێنەکانی فیکری

لە ڕێگای بۆ ماوەێیکەوە بۆ رەفزدوە ماوەێیکی تر ڕەفتار کردن لە گەل

# قوتابخانەی سۆڤیەتی :

## گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ بەپێی ڕاکانی ڤیگۆتسکی Vygotsky

گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ بە پێـ، ڕاکانی ڤیگۆتسکی و زانا دەروونناسەکانی سۆڤیەت ، سەرچاوە و بناغەی زانستییان لە بواری دەروونناسیی یان زانستی گەشەکردنی زانیاری دا — لە ڕووی دیمانەییەوە لە کەرەستەی دەماری ناوەندییەوە وەرئەگرن بەو باوەڕەی کەوا کەرەستەی دەماری ناوەندی " الجهاز العصبی المرکزی " Central Nerves System ( C.N.S.)ئامرازی تەنی " ماددی " بۆ کرداری گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ لەگەڵ مەڵبەندی کۆمەلایەتی " ڕۆشنبیری و کەلتوری" بەو پێیەی گەشەکردنی زانیاری بە ڕێگای ئەم دوو سەرچاوەیە ناوەڕۆکەکەی وەرئەگرێ . پەیوەندی نێوان کەرەستەی دەماری ناوەندی و مەڵبەندیش پەیوەندییەکی ئەندامیی دیالیکتیکیە . کەوا توانا نییە کەرەستەی دەماری ناوەندی لە مەڵبەند جیا بکرێنەوە . تەنها مەگەر بۆ مەبەستی دراسەت و توێژینەوە . هەردوو لا تا کۆتایی ژیان بەردەوامن لە کارتێکردن لە یەکتری .

ڤیگوتسکی لە ڕێبازی دراسات و توێژینەوەدا لە بواری سایکۆلۆژی " ڕێبازی مێژوویی " ئەگرێتە بەر، ئەم ڕێبازە ئەوە

ئەگەیەنی کەوا بۆ تێگەیشتنی گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ پێویستە چاودێری چۆنێتی دروستبوونی کەرەستەی دەماری بکرێ و پاشان چۆنێتی گەورەبوون و پەرەسەندنی لای تاك لە دوای دروستبوونی لە قۆناغی هەرزەکاری تا کۆتایی ژیانی . لە لایەکی ترەوە ڤیگۆتسکی و زانا دەروونیەکانی سۆڤێت چاودێری چۆنێتی پەیدابوونی کۆمەلگاکانی ئادەمیزاد ئەکەن شان بە شانی پەیدابوونی تاك تا ئەگا بە قۆناغی ئیستامان ، ئەمە " ڕێبازی مێژووییە کە زانا دەروونییەکانی ڕۆژئاوا لەسەری نارۆن بەرێوە. بە ڕای زاناکانی سۆڤێت جیاوازی نێوان منداڵ و گەورە لە بواری چەند و چۆنەوە لە هەردوولایەنی بایولۆجی و کۆمەلایەتی دا ، بەلام جیاوازی لە نێوان نەتەوە و ڕەگەزەکان جیاوازییەکی چەندیی کۆمەلایەتی دەست کەوتووە . کەواتە بە پێی ڕای ڤیگۆتسکی و زانا دەروونیەکانی یەکێتی سۆڤێت کە ئێمەش ڕاکانی ئەوان بە ڕاستر ئەزانیین لەم بوارەدا جیاوازی نییە لە نێوان جۆری دروستبوونی کەرەستەی دەماریی ناوەندی دا لای هیچ کام لە نەتەوەکانی جیهان دا لە ڕووی بایولۆجییەوە ، هەر جیاوازییەکیش هەبێ لە ڕووی جۆری بیرکردنەوە و فێربوونەوەیە لە ڕووی چۆنەوە جیاوازیەکە بۆ ڕادەی پلەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکان ، یان هەر کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکان ئەگەڕێتەوە ... هەموو ئەو دراسات و توێژینەوە زانستیانەی لەم بوارەدا کراون ئەوەیان ئاشکرا کردووە کەوا گرووپی

ئادەمیزاد کەرەستەی دەماری ناوەندییان وەك یەکەو جیاوازی لە نێوانیاندا نییە بە هۆی ڕەنگی پێست ، لووت و لچ و لێو .. هتد ،هەمووئەو ڕاو بیروباوەڕانەی جیاوازی ئەخەنە نێوان نەتەوەکان یان کۆمەڵگەکان و تاکی سپی پێست بە زیرەکتر نەزانێ لە تاکی ڕەش پێست ، ئەم جۆرە بیروڕایانەبەهۆی زانست و زانیاری یەوە شکستیان هێناوە... لەم بوارەدا برونەر و زانا دەروونیەکانی سەر بە قوتابخانەکەی لە سەر هەمان ڕای زاناکانی سۆڤێتن . زانای دەروونی بە ناوبانگ پیاجێ Piagetیش هەمان ڕای هەیە .

ڤیگۆتسکی مەڵبەندی کۆمەڵایەتی کردۆتە دوو بەشەوە ، هەردوو بەشەکەش لە ڕووی کارتێکردنیان لە جۆری گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ پێکەوە گرێ دراون ، ئەم دوو بەشەش ئەمانەن:

١- مەڵبەندی گەورە " ئەو کۆمەڵگەیەی منداڵەکە تیایا گەورە ئەبێ " Macro Environment

٢- مەڵبەندی بچووك Micro Environment

مەبەست لە مەڵبەندی بچووك خێزان و چینی کۆمەڵایەتی و ئەو شوێنەی کە منداڵەکە تیایا گەورە ئەبێ کەواتە کۆمەڵگەکەی . ئەم مەڵبەندەش ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەکردنی زانیاری منداڵدا هەیە ، بە ڕێگای ئەم مەڵبەندەشەوە مەڵبەندە گەورەکە کاری خۆی لە تاك ئەکا . وەك ئەزانیین منداڵ کە لە دایك ئەبێ لە ڕووی تەنی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر بێ هێزو لاوازە . لە هەر کۆمەڵێکدا ، کۆمەڵێ دەستکەوت و کەرەستەی ژیاریی جۆراوجۆری

هەیـە کـەوا لـە ڕێـڕەوی دووڕو درێـژی ئـادەمیزاد لـە دێرزەمانـەوە بۆیـان ماوەتـەوە لەگـەڵ پەیـدابوونی جیاوازییـەك و بۆشـاییەکی فراوانی نێوان ئەم کۆمەڵگەو ئەو کۆمەڵگە یە لەدایك ئەبێ ، بەڵام منداڵ هەر کە لە دایـك ئـەبێ چالاکی و بزێوی لەگەڵـدا لـە دایـك ئەبێ و لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونیـەوە خـەریکی تێکـەڵاوبوونی کۆمەڵەکەی ئەبێ و وردە وردە هـەر لەسـەرەتادا شارەزای ئـامرازە ماددییەکان و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەکەی ئەبێ " زمان و زانیاری "

منـداڵ لـەم ڕێـڕەوەی گەشـەکردنەدا کۆمـەڵێ شـت هـەڵ ئەمـژێ پاشان کە گەورە ئـەبێ وردە وردە دووبـارە بـەکاریان دێنێتـەوە بـە پێی ڕێ و شوێنی لە کۆمەڵدا ، هەرجیاوازییەك ڕووبـدا لـە ڕادەی زانیاری منداڵەکە ئەگەڕێتەوە بۆ هۆی پلەو ڕادەی کۆمەڵگاکەی لـە بواری پێشکەوتندا ، هـەروەك وتمـان منـداڵان کەرەستـەی دەمـاری ناوەنـدیان وەك یـەکن . کەواتـە جـۆری بیرکردنـەوەی سـەرەتایی منداڵێك لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییدا ئەگەڕێتەوە بۆ هـۆی جـۆری سەرەتاییەکەی کۆمەڵگەکە نەك منداڵەکە .

پرۆفیسۆر دوکتۆر نوری جعفر لـە یـەکێ لە موحازەرەکانیـدا لـە کۆلیجی پەروەردە لە بەشی خوێندنی باڵا -کـە نووسـەر یـەکێ لـە قوتابیەکانی بوو - ڕاکانی ڤیگۆتسکی کورتکردۆتـەوە بـەم جـۆرەی خوارەوە :

(گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ ئەنجامی دوو کرداری پێشکەوتنی جیاوازن : کرداری پێشکەوتنی دەماغی ، کە منداڵ پێیدا تێپەڕئەبێ لە قۆناغی وڵەبیەوە embryo "ئاوڵەمە" تا قۆناغی هەرزەکاری adolescence، لەگەڵ کرداری کۆمەلایەتی " ئەو کولتورەی کە تاك خودی خۆی پێیدا تێپەڕئەبێ ، لە دایکبوونەوە تا هەرزەکاری. ئەمەش لە بنەڕەتدا بەرهەمی دوو کرداری پێشکەوتوی تری فراوانە کەوا جۆری ئادەمیزاد پێیدا تێپەڕبووە لە ڕێبازی دوورو درێژی مێژوودا. یەکەمیان لەسەر ئاستی دەماغی پەیدا بووە و پاشان گەشەکردنی بایولۆجی کاری تێکردووە لەسەر بنەڕەتی گەشەکردنی کۆمەلایەتی کەلتوری کە تایبەتە بە جۆری ئادەمیزاد. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کەوا جیاوازی گەشەکردنی تاك لە ڕووی کۆمەلایەتی و کەلتورییەوە ، جیاوازییەکی گەورە و پچڕاو لەگەڵ گیاندارەکانی خواروی خۆی لەسەر پەیژەی گەشەکردنی بایولۆجی هەیە . کەواتە کرداری بۆماوەیی کۆمەلایەتییە ، مژرانی ( امتصاص) کۆمەلایەتی کەوا بە هۆیەوە هەموو نەوەیەك ئەتوانێ دەسکەوتە ژیارییە ماددییە کەلتورییەکان بگوازێتەوە بۆ ئەوەی ئاینده ، ئەمەیە کە گیاندارەکانی خواروی ئادەمیزاد نییانەو نایان بێ . ) د. نوری جعفر

٢- ڤیگۆتسکی قۆناغەکانی گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ بەم جۆرە دابەشکردووە :

یەکەم : لە ڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە :

منداڵ لەم ڕووەوە بە پێنج قۆناغدا تێپەڕ ئەبێ :

١- قۆناغی شیرە خۆرە " بەرمەمکە " لە تەمەنی لە دایکبوونەوە تاکۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵەکە.

٢- قۆناغی گۆشەگری" دایانخانە Incubatio لە سەرەتای تەمەنی ساڵی دووەمەوە تا کۆتایی تەمەنی سێ ساڵان.

٣- قۆناغی باخچەی ساوایان ، لە سەرەتای تەمەنی چوار ساڵانەوە تا کۆتایی ساڵی شەشەم .

٤- قۆناغی خوێندنی دوای باخچەی منداڵان :

أ- بەشی یەکەم لە سەرەتای تەمەنی حەوت ساڵان تا کۆتایی تەمەنی دە ساڵان .

ب- بەشی دووەم لە سەرەتای تەمەنی یانزە ساڵانەوە تا کۆتایی تەمەنی ١٢ دوانزە ساڵان.

دووەم : لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە : لە ڕووی بواری زانیاری و پەیوەندییەکانی ، سێ بەشن :

١- جۆری زانیاری هەستیی : هەستکردن sensations لە دوای لە دایکبوونەوە تا کۆتایی ژیان .

٢- جۆری زانینی هەستی perception: ئەم قۆناغە لە سەرەتای دوای نیوەی ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵەکەوە دەست پێ ئەکا ، لە سەرەتادا زۆر سادەیە پاشان پێش ئەکەوێ تا کۆتایی ژیان بەردەوام ئەبێ . ئەویش بە

دروستبوونی دیمەنێکی زهنی هەستی perception Imagesلەگەڵ بەردەوامبوونی تایبەکانی تری زانیاری .

٣- جۆری زانینی هۆشیی : بە ڕێگای زانینی هۆشیی و تێگەیشتن concepts کە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە لە سەرەتای ساڵی دووەمەوە بەردەوام ئەبێ تا کۆتایی ژیان لەگەڵ پێشکەوتنی گەشەکردنی و فراوانبوونی شان بە شانی جۆرەکانی تری زانیاری .

وا لە خوارەوە نەخشەی گەشەکردنی زانیاری لە بواری سایکۆلۆژی و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بە پێی ڕاکانی ڤیگۆتسکی دیاری ئەکەین.

ئەم نووسینەمان دەربارەی گەشەکردنی زانیاری لای منداڵ و بایەخدان بە پەروەردەکردنی ، هەنگاوی یەکەمە لە بواری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا لەسەر منداڵ بە زمانی کوردی ، ئومێدەوارین نووسەران و دەروونناسان و خوێندکارانی کورد سوودی لێ وەربگرن وەك پیاجێ Piaget ئەڵێ :

" ئومێدەوارین ئەوانەی لەگەڵ منداڵدا ئەژین تێبینی وەڵامدانەوەکانی سەربەخۆییان بکەن و ئەم دروستکراوەی کە ئێمە دروستمانکردووە تەواوی بکەن . زانینی ڕەوشتی منداڵ ڕێگا بۆ زانینی ڕەوشتی گەورە ڕۆشن ئەکاتەوە " ٢٤ ل ٨)

## قۆناغەکانی گەشەکردنی زانیاری

## لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە " قوتابخانەی سۆڤێتی "

١-جۆری زانیاری هەستی هەستکردن ٢-جۆ ری زانینی هەستی زانینی ٢- جۆری زانینی هۆشیی له

له دایکبوونەوه تا کۆتایی ژیان

هەستیی له نیوەی دووەمی سالی له سەرەتای سالی دووەمەوە

یەکەمەوە تا کۆتایی ژیان تا کۆتایی ژیان

### قۆناغی گەشەکردنی زانیاری لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە

١- قۆناغی بەرەمەکە ٢- قۆناغی کۆشکری له سالی ٣- قۆناغی باخچەی ساوایان

٤- قۆناغی دوای ٥- سالی ١١-

له دایکبوونەوه تا کۆتایی دووەمەوە تا کۆتایی سالی له سەرەتای سالی چوارەمەوە

خوێندنی باخچەی منداڵان تاسالی ١٢ لەسەرەتای سالی ٧ تا

سالی یەکەم سێیەم تا کۆتایی سالی شەشەم

کۆتایی سالی ١٠

# قوتابخانەی گانییە Gagne 1977

وەك بینیمان لە دیمانەی پیاجێ لێکدانـەوە و تێگەیشتنی گەشـەی زانیاری بـە پێـی بۆچوونەکانی پیـاجێ لەسـەر بنـەڕەتی بـایولۆژی و بۆماوەیی نەگۆڕ لەگەڵ بەسەرچوونی تەمـەن دروسـت ئـەبێ . بـەڵام گانییـە Gagne گەشـەکردنی زانیـاری لەسـەر بنـەڕەتی شـێوەی فێربوونی کەڵەکە بوو " التعلم التراكمي " لێك ئەداتەوە . ئەم ئـەڵێ گەشەکردنی توانـا تازەکـان بـە شـێوەیەکی گشتیی پەنا ئەباتـە بـەر فێربوون. هەروەها ئەڵێ منـداڵان گەشـە ئەکـەن لەبـەر ئـەوەی فێـری ڕێکخراوە یاساییەکان ئەبن کە بەردەوام ئاڵۆزتر ئەبن. هەروەها ئەڵێ ، ئەو ڕەوشـتانەی لەسـەر بنـەمای یاسـا ئاڵۆزەکـان پەیـدا ئـەبن لەبـەر ئەوەی منداڵ پێویستەکانی پێشوتری ئەو یاسایانە فێربووە.

لە سەرەتادا منداڵ فێـری نـەریتی سـادە ئـەبێ لـە وەڵامدانـەوەکانی بەرپێـچدانەوە " الانعكاســـية " کـە دواجـار خزمـەت بنەڕەتـەکانی دروســتکراوە ئاڵۆزترەکــان ئــەکا لــە شــارەزاییەکان و وەڵامدانــەوە زارییەکان دا . جیاکرنەوەی سادەو ئاسان ، تێگەیشتنەکان ،یاساکان ، دواجاریش وەڵامدانەوەی گیروگرفتەکان .گەشەکردنی زیرەکی بە پێی

ڕای گانییـه ، بریتیـه لـه دروسـتکردنی بـەردەوامی دامـەزراوەکان " منظومات " ئالۆزی تواناکانی فێربوون کە لـه ئـەنجامی کۆبوونـەوەو کەڵەکـەبوونی شـارەزاییەکانی فێربوونـەوە هـاتوون . پەیوەسـتبوونی گەشـەکردن بـه تەمەنـەوە هەیـه ڕای گانییـه ، تـەنها لەبـەر ئەوەیـه فێربـوون کـاتێکی زۆری ئـەوێ ، لەبـەر ئـەوەی کۆمـەڵگا ئەیـەوێ زانیارییەکان بدا بە منداڵ له تەمەنێکی دیاریکراو . (٤ : ل ١١٣ )

ئـەم ڕاو بۆچوونانەی گانییـه زۆر بـه پێویسـتەوە ڕەچاو بکـرێن ، فێربوون کاریگەرەی لەسەر ڕێژەی گەشەکردنی زانیاری منداڵ هەیە. بـەڵکو فێربـوون کـاری سـەرەکیی هەیـه لەسـەر کرداری گەشـەکردنی زانیاری . وەك ئاشکرایه فێربوون دەوری سەرەکی هەیە لە گەشەکردن ، هەر لەکاتی گەشەکردندا منداڵان فێر ئەبن ، ئەو منداڵانـەی گەشـە ناکەن یان زۆر بەگران گەشە ئەکـەن ، فێربوونیـانیش زۆر بـه گرانـی ئەڕوا ئەگەر نەڵێین توانا نییە فێـربن . لـەم ڕووەوەش قوتابخانـه کـه جێگای فێربوونە دەوری سەرەکی هەیە لەم بوارەدا.

دیمانـەی گانییـه لـه فێربـوونی کەڵەکـەبوو ، وا گریمانـه ئـەکا کـه ئامادەبوون تەنها پەنا ناباتە بەر هۆیە بایولۆجیە ناوەکیەکان، بـەڵکو پەنا ئەباتە بەر عەمبارکراوە پێویستیەکانی شارەزایی و ئەزموونەکان ، کە لە پێویستە پێشینەکانی فێربوونن بۆ فێربوونـەکانی دواتـر . لـه حاڵەتێکـدا ئەگـەر منـداڵ فێـری شـتێك نـەبوو ، پێویـستە لەسـەر مامۆستاکە بگەڕێتە دواوە و پرسیار بکا ، چی پێویستە پێشەکی ئـەو منداڵە فێر بکرێ بۆ ئەوەی فێری زانیارییە تازەکـە ببـێ ؟ ئـەو کاتـه

پێویــسته پلانێکــی فێربــوونی تــازه دابرێــژێ لەســەر بنــەڕەتی وەڵامدانەوەکە. بە پێی ڕای گانییە مندالْ فێری دیاردەی پارێزگاری conservation یان خوێندنەوە ، مامەڵەکردن لەگەلْ پەتییـەکان " مجردات " ئەگەر هەلی گونجاوی بۆ ئامادە بکرێ ، کە فێربوونی تیا ڕست ئەکرێ بە پێی ئامادەبوونەکانی زانیاری کە فێربوەکە هەیەتی بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕوا .

بەراوردکردنێك لە نێوان دیمانەکانی پیاجێ ، برونەر ، گانییە لە گەشەکردنی زانیاری

| | پیاجێ | برونەر | گانییە |
|---|---|---|---|
| ١-ئاستی گەشەکردنی زانیاری | مندالْ بە زنجیرەیەك لە قۆناغەتەرتیبکراوە ڕێکوپێکەکانـدا ، تێپەڕ ئەکا " هەستجوولانەوەیی ، پیش کرادەرەکان ، ماددی ، مجرد " | منـدالْ بـە سێ ئاستی جۆراوجۆر تێپەڕ ئەکال " کار، جوولانـەوە ، وینـەیی و سومبولی" | قۆناغە گشتییەکان نییـە، بـەڵکو قۆناغـەکان لـە ناوەڕۆکی کارەکە خۆی ، " ئامازەیی . م-س، زنجیرە ، پێکـەوە گرێدانی وشەکان " |
| ٢-سروشتی ئاستە زانیارییەکان | هەموو قۆناغێك ئەبێتە پارچەێیك لە قۆناغی داهاتوودا . مندالْ کە مامەڵە | مندالْ باشترین ئاست لە ئاستەکان بەکار ئەهێنێ لە ڕووی ئابوورییەوە | گرنگە قۆناغەکان لە ڕێگای زانیارییەکانی پێشوی منداڵەکە کە لەگەلْ خۆیا ئەیهێنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لەگەڵ کارێك ئەکا ، مامەڵەی لەگەڵ ئەکا لەسەر بنەڕەتی ئەو ئاستەی خۆی تیایەتی . | بۆ ئەنجامدانی کارەکەی . | بۆ هەڵوێستی فێربوون. منداڵ دەست پێ ئەکا لەو شوێنەوەی کە زانیارییەکانی پێشوە تەواوئەبن. |
| ٢-چۆن منداڵ ئەگوازێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر | بە ڕێگای کارتێکرنەکانی نێوان گەیینی بایولۆجی و شارەزایی . | بە ڕێگای فێربوون دۆزینەوە . | بە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی گیروگرفتە تازەکان و کۆنترۆلکردنی تێکەیشتنەکانی هەموو ئاستەکان . |
| ٤- ڕێکخراوەپەروەردەییەکان | منداڵ پێویستەلە مستەوای کار بدرێ پێی بۆ ئەوەی فێری بێ . ئەم فێربوونانە ئاسانکاری ئەکا بۆ قۆناغەکانی داهاتوو . | ئەبێ هانی منداڵەکە بدرێ بۆ دۆزینەوەی ئەو ژینگەیەی تیایدا ئەژێ . | ئەبێ ئەوە بزانێ کە قوتابییەکە هەموو پێویستیەکانی پێشوتر فێربووە پێش ئەوەی فێری کارە تازەکانی بکەی . فێربوون ئەبێ بە پێی زنجیرەنێکی ڕوون بڕوا بە ڕێوە . |

# بەشی پێنجەم

## زیرەکی Intelligence

**پێناسەی زیرەکی :**

**هەندێ لە زانایانی ڕەوشت بەوە پێناسەی زیرەکی ئەکەن ، کە زیرەکی لە گەوهەردا یەك توانای گشتییە ، بەڵام هەندێکی تریان هەوڵ ئەدەن بیسەلمێنن کەوا زیرەکی پەنا ئەباتە بەر ژمارەیەك لە تواناکانی لە یەکتری جیاواز. زانای بە ناوبانگ چارلز سپیرمان Charles Sperman ١٨٦٣-١٩٤٥ بۆچوونی ئەوەیە کە زیرەکی بریتییە لە یەك توانای گشتیی ، گەیشتۆتە ئەوەی کە هەموو شارەزاییە تایبەتمەندەکان موفرەداتی ئەو ئەرکانەن . بەڵام سیرستۆن Thurstone ١٨٨٧-١٩٥٥، باوەڕی بەوەبوو کە زیرەکی بریتییە لە " توانا جیاوازەکان " و ئەڵێ کرداری زیرەکی گشتیی لای سپیرمان لە واقع دا بریتییە لە حەوت شارەزایی :**

**١-کۆ، لێدەرکردن ، کەڕەت ، دابەشکردن. ٢- بە ئاسانی نووسینەوە .٣- تێگەیشتنی بیرۆکە پێشکەش کراوەکان بە ڕێگای دیمەنە نووسراوەکان. ٤- هەڵگرتن بەڕێگای سەرەنجەوە(ئینتباعاتەوە) .٥- چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئاڵۆزەکان و سوود وەرگرتن لە شارەزاییە پێشینەکان. ٦-**

درککردنی فەوارەکان و پەیوەندییە شوێنیەکان بە وردی. ٧-تییژی و وردیی لە یەکچوونی شتەکان .

دەروونناسە پێشینەکان تا ڕادەیەکی زۆر بایەخیان ئەدا بە دۆزینەوەی تاقیکردنەوەکان بۆ ئەوەی بتوانن دابەشیان بکەن بەسەر پرۆگرامێکی گونجاو .

زیرەکی هەموو ئەو توانایانە یە کە ئەتوانرێ بە پێوەرەکانی زیرەکی بپێورێن.

## پێوانەکردنی زیرەکی :

ڕەوشتناسی ئینگلیزی فرنسیس گالتۆن Francis Galton ١٨٨٧-١٩٥٥ یەکەم زانا بوو بیری لە تاقیکردنەوەی زیرەکی کردەوە ، ئەوەبوو تاقیگەیەکی بچووکی دامەزراند بۆ ئەم مەبەستە لە مۆزەخانەی لەندەن بە ئامانجی پێوانەکردنی تواناکانی مرۆڤ.

## تاقیکردنەوەی بینێ ی زیرەکی Alfred Binet :

ئەلفرێد بینێ دەروونناسی فەرەنسی بە ناوبانگ یەکەم پێوەری زانستی زیرەکی دانا ، لە سەرەتادا بینێ و هاوڕێکانی پێوانەی شارەزاییە هەستییەکان و جوولانەوەییەکانیان کرد ، بەلام زۆری پێنەچوو گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەم پێوەرانە زانیاری باش نادەنە

دەستەوە ، پاشان ئەرکە زانیارییەکانیان نرخاند  وەك: زیندوویەتی خەیاڵکردنەوە و درێژی و جۆری ئاگاداربوونەوە. یادگە "بیر" ، و بڕیارەکانی جوانێتی و ئاکار و بیرکردنەوەی ژیربێژی و توانای تێگەیشتنی ڕستە ، ئەلفرێد بێنێ هەندێ لە ئەرکە هۆشییەکانی کۆکردەوە بە مەبەستی پێشکەشکردنیان، هەندێ تاقیکردنەوەی ئەو توانایانەی لە یەکێ لە قوتابخانەکانی منداڵانی  پاریس ئەنجام دا .

## وا تای ڕێژەی زیرەکی :

لە ساڵی ١٩١٦ ، لویس تیرمان واتای تێگەیشتنی ڕێژەی زیرەکی لێکدایەوە بەوەی کە نیشانەیەکی ژمارەییە وەسفی جێبەجێکردنی ڕێژەیی ئەکا لە یەکێ لە تاقیکردنەوەکان. جیاوازیی نێوان جێبەجێکردنی تاکێك ئەکا لەگەڵ تاکەکانی تر لەیەك تەمەن دا . ڕێژەی زیرەکی ئەتوانرێ بە چەند ڕێبازێك پێوانە بکرێ . تیرمان بەکاری هینا بۆ زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی هۆشیی و تەمەنی زەمەنی ، ڕێبازەکانی ئەلفرێد بێنێ ی ڕەتدایەوە ، ئەویش  لە جیاوازی نێوان دوو کەس لە پێوەری ستانفۆرد بێنێ ی زیرەکی :

$$\text{ڕێژەی زیرەکی} = \frac{\text{تەمەنی هۆشیی}}{\text{تەمەنی زەمەنی}} \times ١٠٠$$

پێناسەی وکسلر :

زیرەکی توانا گشتییەکانی بیرکردنەوەی هۆشمەندو ڕەوشتی ئامانجدار و کاریگەرە لە ژینگەدا .

پێناسەی کلڤن : توانای فێربوون.

پێناسەی کهلر :

توانای دەرککردنی پەیوەندییەکانە بە ڕێگای بینین و ڕێك بوونی هۆشی لە هەڵویستە تازەکان کە بەرەنگاری تاك ئەبێتەوە لە ژیانی دا.

پێناسەی ستیرن :

توانای هۆشیی سەرەتایی گشتی لای تاك بۆ گونجاندنی هۆشیی لەگەڵ گیروگرفتەکان و هەڵوێستەکانی ژیانی تازەدا. ( د. سید خیرالله – علم النفس التربوی –دار النهچه العربیه، بیروت ، ص ٧٤٩)

چاوێ بەم پێناسانەی زیرەکی بگێڕین و شییان بکەینەوە ئەگەینە ئەوەی کە زیرەکی :

زاراوەیەکی دیاریکراوە یان بۆ دانانێکی گریمانەییە ئاماژە بە شتێکی ماددی ناکا لای کەسێك بەڵکو تەنها ڕاستەو خۆ تێبینی ئەکەین و بە شوێنەوارەکانی و ئەنجامەکانی پێی ئەزانیین . ئەم دانانە گریمانەییە لە ئەنجامی توێژینەوەکان و تاقیکردنەوە هۆشییەکان و لە ئەنجامی درککردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاقیکردنەوەکان یەك لەگەڵ یەکتریدا دەرئەکەوێ . پێوانەی تواناکان ئەو ماوەیە ئەگرێتەوە کە پێوانەی فێربوونەکان ئەکا و پێشبینی ئەوە ئەکرێ کە تاکەکان چی ئەکەن دوای مەشقکردنیان .

## زیرەکی و فێربوون :

زۆربەی دەروونناسان جەختیان لەسەر فێربوون ئەکرد بۆ زانینی زیرەکی و پەیوەندی زیرەکی لەگەڵ فێربوون دا ، ئەتوانیین بڵێین ئەم بۆچوونانە لە ساڵی ١٩٢١ وە دەستی پێکردووە، بە تایبەتی فێربوون و جۆری بیرکردنەوە.

دەروونناس ئۆگدن باسی زوربەی پێناسەکانی زیرەکی کردووە و بە پێی جۆرە سەرەکییەکانیان پۆلێنیانی کردووە و گەیشتۆتە ئەوەی کە زوربەی پێناسەکان جەخت لەسەر کرداری فێربوون و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا ئەکەن

دەروونناس ئۆگدن باسی زوربەی پێناسەکانی زیرەکی کردووە و بە پێی جۆرە سەرەکییەکانیان پۆلێنیانی کردووە و گەیشتۆتە ئەوەی کە زوربەی پێناسەکان جەخت لەسەر کرداری فێربوون و خۆگونجاندنە لەگەڵ ژینگەدا ئەکەن .

پێناسەکردنی Woodrow ی زیرەکی توانای وەرگرتنی شارەزاییەکانە . بەڵام پێناسەی ثورنـدایك Thorndike ی زیرەکی توانای وەڵامدانەوەی ڕاست و دروستە بە پێی ڕاستیەکان . پێناسەی ئەواردز Edwards ی زیرەکی توانای گۆڕینی جێبەجێکردنە . ( ٨) :

پیاجێ لە دوو دەروازەوە سەیری گەشەکردنی زانیاری ئەکا ، ئەو دوو دەروازەیەش پێکهاتە و کردار (وەزیفەیە) ، پێکهاتەی هۆشیی حاڵەتێکی بیرکردنەوەیە کە لای تاك لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی

گەشەکردنی پەیدا ئەبێ ، بەڵام وەزیفیە هۆشییەکە ئاماژە ئەکا بۆ ئەو کردارانــە کــە تــاك مامەڵــە لەگــەڵ وروژێنــەرە ژینگەییــەکان ئــەکا ، پەیوەندییەکانی نێوان ژینگەو وەزیفە ڕوون ئەبنەوە لە کاتی زیرەکی. پیاجێ بە پلەی یەکەم بایەخ ئەدا بە گۆڕانکاری چەندێتی زیرەکـی ، بیاجێ وا ئەبینێ کە زیرەکی لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی پراکتیکیە لە چــالاکیی تاکــەکان دیــاری ئــەکا ، وەســتانی بــۆ نییــە لــە گــۆڕین و ئــاڵوگۆڕکردن ، زیرەکـی بـەلای پیـاجێوە کردارێکـی گونجاندنـە زیـاتر لەوەی ئاستێکی گۆڕینی ڕەوشتیبێت

دەربــارەی زیرەکــی ئــەبێ ئــەوە بــزانیین ئەگــەر هۆیــەکانی زیرەکـی بگەڕێنەوە بۆ هۆی بۆملـوەیی ئـەو کاتـە دەسـتەو وەسـتان ئەوەسـتین بەرامبەر زیرەکیەکانمان و زیرەکی کەسانێکی تری هاوڕێکانمان ، بەڵام ئەگــەر بیگەڕێنینــەوە بــۆ هــۆی ژینگــەیی ئــەو کاتــە هــەوڵ ئــەدەین زیرەکییەکان پەرە پێ بدەین بە ڕێگای پـەروەردەکردنی نموونـەیی ، ئــەو کاتــە پــەرە بــە زیرەکــی ئــەوەکانی داهــاتو ئــەدەین ، بــەڵام نــە بۆماوەیی بەتەنیا نە ژینگـەیی بـە تـەنیا هۆکـاری زیـرەکیین ، بـەڵکو هەردوولا ڕۆڵی خۆیان ئەبینن .

# پێوەری بێنێ ی زیرەکی

Binet Intelligence Scale

پێوەری بێنێ مان وەك پێوەرێکی پێوانـەی زیرەکـی هەڵبـژارد لەبـەر گرنگی ئەم پێوەرە ، پێوەری بێنـێ یەکـەم پێـوەرە لـە لایـەن بێنـێ و سیمۆن لە ساڵی ١٩٠٥ دایان نا، بۆیە جاری وا هەیـە بـە نـاوی بێنـی و سیمۆن ناو ئەبردرێ ،
لـە گۆڤـاری سـالانەی دەروونناسـیی لـە ژێـر نـاوی " ڕێبازەکـانی نوێخوازەکـانی دیـاریکردنی ئاسـتی هۆشـیی لای ڕیزپـەڕەکان و نـا ئاساییەکان. وەزارەتی پەروەردەی فەرەنـسا تـەکلیفی لـە بێنـێ کـرد ، لێژنەیـەك بـە سـەرۆکایەتی خـۆی دابنـا بـە مەبەسـتی توێژینـەوەی ڕێبازێك بۆ دیاریکردنی منداڵانی هۆش دواکەوتوان" کەم ئەنـدامـەتی هۆش" کە بە کەلکی خوێندنی ئاسایی نایێن وەك منداڵانی ئاسایی . بۆ ماوەی ساڵێك کەمتر بێنێ و سیمۆن جارێ تەواوکردنی پێوەرەکەیان دا، پێوەرەکــە بریتــی بــوو لــە ٣٠ بڕگــە بــۆ هەڵبــژاردنی لایەنــە جۆراوجۆرەکـانی هۆشـیی. وەك بیرهێنانـەوەی بیـنین، بیرهینانـەوەی ژمارەکـان، درککردنـی لێکچوون ، تەقـدیری لێخشاندن، تـەواوکردنی ڕستە، کۆمەڵێ بڕگـەی تـریش کـە پەیوەنـدییان بـە وەڵامدانـەوەکانی زیرەکی هەیە، نەك ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە و زانیارییانەی

له قوتابخانه یان له شوێنی تر فێری بوون. پێوەرەکانی تاقیکرنەوەکان بە پێی گرانی بڕگەکان و پرسیارەکان دەست پێ ئەکا و بە پێی قۆناغەکانی تەمەن ، له ماوەی تەمەنەکانی سێ ساڵان تا پانزە ساڵان . نموونەی تاقیکەرەوەکان دیاریکراو بوون ، له پەنجا منداڵ تێپەڕی ناکرد لەو منداڵانەی زیرەکییان مام ناوەندی بوو بە پێی تەقدیری مامۆستاکانیان . سەرکەوتنی پێوەرەکە هانی پەرەپێدانی دا له لایەن زانایانی ترەوە دوای خۆیان . ئەوەبو له ساڵی ١٩٠٨ یەکەم گۆڕین کرا لەسەر پێوەرەکە کە جیاوازی هەبوو لەگەڵ پێوەری یەکەم. ئەم پێوەرە ئەوانەی هۆشیان لاواز بوو دیارییانی ناکرد وەك پێوەری یەکەم، بەڵام پێوانەی زیرەکی خوێنکارانی ئەکرد له تەمەنە جیا جیاکان ، لەسەر نموونەیەکی گەورەتر داندرا و گەیشتە ١٣٠ منداڵ له منداڵانی چینی کریکاران له قوتابخانەکانی پاریس . ئەم پێوەرە پرسیارەکانی بە پێی زنجیرەی تەمەن داندراوە کەواتە له تەمەنە بچووکەکانەوە بۆ گەورەکان. پرسیارەکان بە پێی ئاستی تەمەنەکان داندراوە و بە پێی وەڵامدانەوەی تاکەکانی هەر تەمەنێك، ئەگەر دوو لەسەر سێی یان سێ لەسەر چواری تاکەکان له تەمەنێکی دیاریکراو وەڵامی پرسیارێکیان دایەوە ئەوا ئەو پرسیارە ئەبێتە پێوەرێکی گونجاو بۆ تەمەنەکەیان . هەروەها هەردوو نووسەران ناوەندی تەمەنی هۆشییان دانا بە یەکسانی ناوەندی تەمەنی زەمەنی . بڕگەکانی پێوەرەکە بریتی بوون له ٥٩ پرسیار ، تەمەنی هۆشیی بە پێی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دائەندرێ کەواتە وەڵامدانەوەی هەر منداڵێك لەسەر هەموو

پرسیارەکانی. ئەمە تەمـەنی بنـەڕەتی منداڵەکەیـە و دوای ئـەوەش منداڵەکە ئەگەر وەڵامی پێنج پرسیاری تر بداتـەوە ساڵێکی تـری بـۆ ئەخرێتە سەر تەمەنی . گۆڕینی ساڵی ١٩٠٨ جیاوازییەکی تـری هەیـە ئەویش پانی ماوەی تەمـەن بـە گوێرەی سـاڵی ١٩٠٥ ، کـە بـووە سـاڵی سێیەم تا ساڵی سێنزەیەم . سـەرەڕای ئـەوەش ڕەخنـەی لـێگیرا لەبـەر ئەوەی کە هەندێ لە پرسیارەکانی رزگاریان نەبوبوو لـە کارتێکردنی بابەتـەکانی وانـەکانی قوتابخانـە. هـەروەها ژمارەکانیـان وەك یـەك نـەبوون بـە پێـی تەمەنـەکان. زۆر ئاسـان بـوون بـە پێـی تەمەنـە گەورەکان، بۆیە جارێکی تر پێوەرکە گۆڕانکاری لەسەر کرا لە ساڵی ١٩١١ ، ئەویش بە زیادکرنی پرسیارەکانی کە بووە ٥٤ پرسیار لە جیاتی سیی پرسیار ، لە هەر ئاستی تەمەنێك بووە کرایە پێنج پرسیار ، تەنها لە تەمـەنی چوار سالان لەسـەر چوار پرسـیار مایـەوە، پرسـیاریش بـۆ تەمەنەکانی ١١و١٢و ١٤، دانەندرا لەسەر بنەڕەتی تەقدیری زیرەکی بە پێی تەمەنی بنەڕەتی وەك باسمانکرد، بە زیادکردنی ساڵێك لەسـەر وەڵامدانـەوەی پێـنج پرسـیاری تـر. سـەرەڕای ئـەوەش پێەوەرەکـە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا وەك پێوەرەکەی ساڵی ١٩٠٨ ، کە گۆڕدرایە سەر کۆمـەڵی زمـانی تـری، و کۆمـەڵی گۆڕانکاریـشی لەسـەر کـرا ، لـە هـەموویان گـرنگتر گۆڕانکارییەکـەی تیرمان بـوو لـە سـاڵی ١٩١٦ ، کـە ناوبانگی دەرکرد بە ناوی پێـوەری سـتانفۆرد بێنـێ ، بـەناوی زانکۆی ستانفۆرد کە تیرمان و هاوڕێکانی گۆڕانکارییەکانیان لەسەر پێوەرەکە ئەکرد ، بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ گەلی ئەمریکی و کەلتورەکەی ، ئەم

گۆڕانکارییانەش پێویست بوون ، گۆڕانکارییەکان ئەوەندە زۆر بوون بە جۆرێك پێوەرەکە بووە شتێکی تازەو کارتێکردنی پێوەرەکەی بێنێ ی پێوە دیار نەما .( ٦ : ص٧٠٢-٧٠٤)

## توانا هۆشییەکان :

زیرەکی یەکێ لە توانا هۆشییەکانە ، تێگەیشتنی زیرەکی کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵیی ئاراستە جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە ، بۆ نموونە تیـوری پەیـدابوون و پەرەسـەندن" نظرية النشوء والأرتقاء " و بۆچوونە بایولۆژییەکانی داروِن " و رۆمـانی و مۆرگان ، کارتێکردنێکی ئاشکرایان هەبوو لە سـەر بیرکردنـەوەکانی سپینـسر کـە وای ئـەبینی " زیرەکـی وەزیفەیـەکی سـەرەکییە بـۆ ئەوەی تاك بتوانێ خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری ژینگە ئاڵۆزەکەی بگونجێنێ . ( ١٤ : ٣٥)

# سەرچاوەکان

١-آرثـر،جيـتس. آرثـر ت جيرسـيلر و آخـرون . علـم الـنفس التربـوى ، ترجمـة د. ابـراهيم حـافظ وآخـرون. مكتبـة النهـضة المصرية-القاهرة-١٩٦٣.

٢- الآشـول، عـادل عزالـدين ، علـم الـنفس النمـو ط٢، مكتبـة الانجلو المصرية –القاهرة -١٩٦٩.

٣- تريـسـزر ، علـم الـنفس التربـوى ، ترجمـة الـدكتور موفـق الحمدانى والدكتور حمد دلى الكربولى –جامعة-بغداد-١٩٧٩.

٤-توق، محى الدين ، و الدكتور عبد الرحمن عدس، اساسيات علـم الـنفس التربـوى ، دار جـون وايلـى واولاده ،نيويـورك-١٩٨٤.

٥-الحفنـي، عبدالمنعم – الموسوعة النفسية – علم النفس في حياتنا اليومية – مكتبة مدبولي ، القاهرة – ط١-١٩٩٥.

٦--دافيدوف، ل لندا ، مدخل علم النفس ، ط٤ ،ترجمة الدكتور سيد الطواب وآخرون .الدار الدولية للنشر والتوزيع – القاهرة -١٩٩٧.

٧-الريمـاوى، محمـد عودة، فـى علـم الـنفس التربـوى ط٢، دار الشروق للنشر والتوزيع-عمان ٢٠٠٣.

٨-السيد ، فؤاد البهي ، الذكاء – دار الفكر العربي -١٩٧٦.

٩- شريف، عبدالستار طاهر ، الذخيرة اللغوية عند الطفل الكردى فى منطقة كردستان للحكم الذاتى ،رسالة دكتوراه مطبوعة ، ١٩٨٤-دار الحرية للطباعة -بغداد.
١٠-شريف، عبد الستار طاهر ، قاموس علم النفس باللغات انجليزية ، الكوردية، العربية - ط١-١٩٨٥-مطبعة علاء-بغداد.
١١-الشماع ، نعيمة، الشخصية -امطبعة العربية الحديثة، ١٩٧٠ القاهرة .
١٢ -صالح، احمد زكي ، علم النفس التربوى ، ط١٠-١٩٧٢، مكتبة النهضة المصرية -القاهرة .
١٣- عاقل، فاخر، التعلم ونظرياته، دار العلم للملايين -بيروت - ١٩٧٧.

١٤-معوض، خليل ميخائيل، - دار الفكر الجامعي - اسكندرية ، ١٩٩٥ .
١٥- غازدا، ام جورج ، ريموند جى كورسينى ، نظريات التعلم دراسة مقارنة ، ترجمة د. على حسين حجاج. مجلة عالم المعرفة الكويتية ، ١٩٨٣.
١٦ -محمد، جاسم محمد، المدخل الى علم النفس ط١ -دار الثقافة للنشر والتوزيع -عمان -٢٠٠١ .
١٧ - نايت ، ركس، المدخل الى علم النفس الحديث ط٢-١٩٧٠ ترجمة الدكتور عبد على الجسمانى و عبد العزيز البسام . منشورات مكتبة النهضة - بغداد.

المصادر الانجليزية
18- Bruner,J.S. " Beyond the information given . London -1980.

19-GeoffreyBrown.And Charles,Desforges."Piaget,s theory.Apsychological critique ."
20- Ginsburg,Herbert & Opper,Sylvia" Piaget's Theory of Intellectual Development"second edition-London.
21- Hurlock,Elizabeth .B. " Development psychology ."Fourth Ed. New York -1975.

22- Piaget, Jean ." The language and thought of the child –judgment and reasoning in the child. " New York 1955.
23- Piaget,Jean . " Science of education and psychology of the child." New York –Orion press,1970 –Paris –Denoel ,1960.
24- Piaget,Jean ." The moral judgment of the child . " Published by Penguim books -1977-England .
25- Milton ,Schwebel. And Jane Raph" Piaget in the classroom . London -1978.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٦ |
| بەشی یەکەم | ١٠ |
| # سەرەتاکانی دەروونناسیی | ١٠ |
| # دەروونناسیی وژیارێتی فرعەونییەکان | ١٦ |
| # دەروونناسیی لە سەردەمی مەسیحی ,ئیسلام | ١٨ |
| # دەروونناسیی لای گریکەکان | ١٩ |
| ⋆ زانایانی ئیسلامییەکان | ٢٧ |
| ⋆دەروونناسیی لە چەرخی رێنیسانس و چەرخی نوی دا. | ٣٠ |
| ⋆ رێبازەکانی توژینەوە لە بواری دەروونناسیی دا . | ٣٤ |
| ⋆ رێبازی وەسفی ، رێبازی تاقیکردنەویی | ٣٤ |
| ⋆ دەروونناسیی و پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە | ٣٧ |
| بەشی دووەم | ٣٩ |
| ⋆ بزوێنەرەکانی رەوشت | ٣٩ |
| ⋆ هەڵچوونەکان | ٤٥ |
| ⋆ پاڵنەرەکان | ٤٩ |
| ⋆ ئارەزوو | ٥٣ |

| | |
|---|---|
| ★ درککردن | ٥٦ |
| ★ ئێرەیی | ٦١ |
| ★ ئامانجەکانی دەروونناسیی | ٦٣ |
| بەشی سێیەم | ٧٧ |
| ★ کەسایەتی | ٧٧ |
| ★ فێربوون | ٨٨ |
| بەشی چوارەم | ٩٦ |
| ★ دەروونناسیی گەشەکردن | ٩٦ |
| ★ دیمانەی پیاجێ قوتابخانی سویسری | ١٠٥ |
| دیمانەی برونەر قوتابخانەی کەمبێرجی ئەمریکی | ١٣١ |
| ★ قوتابخانەی سۆڤێتی | ١٥٠ |
| ★ قوتابخانەی گانییە | ١٥٨ |
| بەشی پێنجەم | ١٦٢ |
| ★زیرەکی | ١٦٢ |
| ★ پێوەەری بێنێ ی زیرەکی | ١٦٨ |
| ★ توانا هۆشییەکان | ١٧١ |

# له بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی رووناكبیری كەركوك

| ژ | ناوی كتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعر و بیرەوەری | مەلا شاخی | |
| ٢ | سرودی منالان | سرودی نەتەوایەتی | كۆمەڵێك شاعیر | |
| ٣ | دیوانی ئال یاسین | شیعری وەرگێڕاو | محەمەد ئال یاسین | ئاوات حەسەن |
| ٤ | زیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەری | سەعید شاكەلی | |
| ٥ | كۆنفرانسی ماددەی (٥٨) | وتار و دیكۆمێنت | | |
| ٦ | راگەیاندن بەرجەستەكردنی سنەمی ئایدیۆلۆژی | لێكۆڵینەوە | شێركۆ جەبار | |
| ٧ | خورمانوو لە پاكتاوی رەگەزیدا | لێكۆڵینەوە | حەسەن بارام | |
| ٨ | فەرمەنگی (ماچۆ)ی كاكەیی | فەرهەنگسازی | هاشم كاكەیی | |
| ٩ | لەنێوان ئێستاو رابردوودا | لێكۆڵینەوە | موعتەسەم سالەیی | |
| ١٠ | مێژووی ئەو كۆمەڵەو رێكخراو و حیزبانەی لە ناوچەی كەركوكدا سەریان هەڵداوە | مێژوویی | سمكۆ بەهرۆز | |
| ١١ | عەلە بەستێ | كورتە رۆمان | حەسەن جاف | |
| ١٢ | ژیاننامە و بەرهەمەكانی پرۆفیسۆر زنون محەمەد پیریادی | ژیاننامە | د. زنون محەمەد پیریادی | |
| ١٣ | نەخۆشیەكانی ئاژەڵ كە توشی ئادەمیزاد دەبن | لێكۆڵینەوە | د. عبدالكریم حاجی محمدعلی | |
| ١٤ | كەركوك لەنێوان پیلان و خەمساردیدا | كۆبەندی كۆمەڵە گوتار | هێمن مەولود | |
| ١٥ | كۆمەڵە وتار | وتار | تەها سلیمان | |
| ١٦ | كەركوك لەنێوان حەزی خەڵكەكەی و خەونی ئایدۆلۆژیا | لێكۆڵینەوە | عەلی مەحمود محەمەد | |
| ١٧ | دەروونناسی گشتی | دەروونناسی | د. عبدالستار تاهیر شەریف | |